
# کەڵەی پەرژینی ( زنارێ ) عەرەبی
# و
# ماکی کانتۆنەکانی پ ک ک لە ڕۆژئاوای کوردستان

### ڕۆژئاوای کوردستان  وەک خۆی





http://www.irdiplomacy.ir/images/page/Thumb2/Page__2.jpg    د جەواد مەلا (سیاسەتی ئیستعماری پارتی بەعسی سوری لە ڕۆژئاوای کوردستان)





### ڕۆژئاوای کوردستان ( ئاکامی گەڵاڵەی عەرەباندنی بەعسی بۆ پ ک ک )




http://www.nationalia.cat/ca/noticies/2091

## گەڵاڵەی بەعسی سووری ژ بۆ پەرژینی عەرەبی :




مصور منطقة مشروع "الحزام العربي" على خارطة سوريا

http://www.marefa.org/




[http://all4syria.info/Archive/53030](http://all4syria.info/Archive/53030)

**ناوەرۆک**


ماکی ئایینی - ئیسلامی داگیرکاری عەرەب ........ 4

عارەباندنی کوردستان ، لە ناسیۆنالیزمی عەرەبی ناسرەوە بۆ شوینیزمی بەعسی ........ 5

پەرژینی عەرەبی : چیرۆکەک ئا پڕ ئازار ژ عارەباندنا کوردستان بە دەستی قرێژی بەعسی سووری ........ 7

کۆمکوژی ( جینۆساید )ی بابەتی لنین و مائۆ و چرچیل و پۆل پۆت و بەعس ........ 10

دۆزی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژئاڤای کوردستان و پ ک ک ........ 12

گەمە و جەفەنگی کانتۆن بازی پ ک ک جە ڕۆژئاڤای کوردستان........ 15

ماکی گەمەی کانتۆن بازیەکەی پ ک ک ........ 21

خاپاندنی کمۆنیستی ........ 24

گرێ سپی و کارەساتی کوردان و پ ک ک ........ 27

## ماکی ئایینی ـ ئیسلامی داگیرکاری عەرەب

ژ دیرۆکا عەرەب و ئیسلام دا هاتیە نڤیسین کو عەرەب بەوە دەنە و هان ئەدران کو گەنج و سامانی خوسرەو و قەیسەر واتە عەجەم و ڕۆم ، ژ وان ڕا ئەبێتن لە ئەگەری بوونیان بە ئیسلام . سەرەڕای ئەم چەشتە ئابووری یە تاڵانکارانە ، بیرۆکەی دژە مرۆیی و هۆڤانەتیان ، بواری ئەوەشی بۆیان ئاوەلا کردەوە کە بەناوی ئایینەکەیان پەلاماری خەڵکی دیکە بدەن و پیاوانیان بکوژن و ژنەکانیان داگیربکەن بۆ خۆیان ( جاریە ) و منداڵانی کەم تەمەنیشیان بکەنە کویلە و کەنیزە پەی مەبەستی چەوسانەوەی تایبەتی و دەس درێژی نا مرۆڤانەیان . هەرواش دەرچوو و عەرەب لە بیابانە وشک و رەق و تەقەکانی عەرەبستان دەرکەوتن و دەستیان گرت بە سەر ئەو گەنج و سامانانەی کە بەڵێنیان پێ درابوو بە هەزاران خەڵکی بێ تاوانیان کوشت و سپایێکی گەورەی کویلە لە ژن و مناڵی ئەوخەڵکەیان و تاڵانی یەکانیان ( ئەنفال) وەک دەسکەفت بەرەو عەرەبستان بردەوە ، چونە پیرۆزیی نا پیرۆزی ئایینەکەیان خۆیان پێوە با دا و هەتا ئیمرۆش ئەو بەزمە گڵاوە بەردەوامە و عەرەب وازی لێ نەهێناوە و وەک فرمانێکی پیرۆزی خواکەیان بە سەر خەڵکی دا دائەسەپێنن . ئاستی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی عاربی دەس درێژیکار ئەوەندە بوو کە فەرشی بەناوبانگی خوسرەو کە بە فەرشی بەهارستان ئەناسرا و تان و پۆکەی لە زێر و زێو بوو تاڵان کرد و بردیانەوە بۆ مەککە و مەدینەکەیان و گیریان خواردبووە بە دەستی یەوە چونکە لە تێکڕای ئەو وڵاتە جێگایەک نەبوو کە ئەو فەرشەی تێدا ڕاخەن . ئاخرەکەی لە سەر پێشنیاری عەلی (ئەگەر بەهەڵە نەچووبم ) ئەو بەرهەمە هۆنەریە مەزنەی دەورانی کۆنیان لەت و پەت کرد و هەر کەسە پارچەیەکی بەرکەوت. تاڵان و بڕەوی عارەب لە پەلامار و تاڵانی کاروانی بازرگانەکانی مەککەیی لە بەدر ( شەڕی بەدر!! ) ەوە دەستی پێکرد و هەتا ئیمرۆش بەردەوامە . ئەمیچ چتێکی نائاسایی نیە جە مێژووی مرۆڤایەتی دا و تێکڕای هێرشی دەست درێژی و داگیرکردن و داگیرکاری لە سەر ئەو بنەمایە بەڕێوەچووە . تایبەتمەندی هێرشی عەرەب لەوەدایە کە ئەوان بە پێچەوانەی ، بلا بێژین مەغوولەکان، ئایدێۆلۆژی ئایینیان لۆ ئەو مەبەستە داگیرکاریە خۆڵقاند و تێشیدا سەرکەوتن و گەیاندوویانەتە ئەم ئاستەی ئیمڕۆیان کە کویلە و قوربانی یەلی دوێکەیان لە خویان گەرمترن لەو فرمانە نگریسە وعەرەبستانەکەشیان پان و بەرینتر کردوەتەوە . ئەمەشیان لە زانابوون و هۆشیاری تایبەتی عەرەبی دا نەبوو بەڵکو ئەوان ئەزموونی پێشتری کریستانەکانیان لەم بوارەدا لە بەردەستدا بوو و بازرگانێکی مەککەیی مینا وەرەقە بن نۆفل ( برای خەجێ و مامۆستا و خاوەن کاری محەمەد ) زۆر چاک لەوە ئاگادار بوو و ئەیزانی کە ساناترین و باشترین و کارامەترین ڕێگا پەی پێکەوەنانی سامان ، بازرگانی کردن بە باوەڕی ئایینی یە کە داهاتێکی هەرە گاورە ئەڕای مێژوویێکی دوور و درێژ دابین و مسۆگەر ئەکات ژ وان ڕا . بازرگانیی بە مەککە و کەعبەکەی ، لەو کاتەدا تەنیا لە ناو عەرەبدا بڕەوی هەبوو و زۆر بەرتەسک و کەم داهات بوو . ڤان بازرگانێن چاوچنۆک ڕند زانەبوون کو دەستێن ڤان لە هیچ ڕیگایەکەوە ، ناگاتە گەنج و سامانی خوسرەو و قەیسەر مەگەر بە ڕیگای بازرگانیی بە ئایینەوە نەبێ . ئەوە بوو کە لە سەردانی دووهەمی ئیسلامیەکان لۆ مەککە و بەڵینی داهاتی هەتاهەتایی لۆ بازرگانانی مەککەیی ، هەموویان، کوردەکەو ماچۆ ، بە شەو و ڕۆژێک چوونە سەر ئەو ئایینە پڕ خێر و بێرە کە بڕشتی کاعبەکەیانی لە ئاستی عەربستانا شکاند و گەیاندیە ئاستێکی فرە بەربڵاوتر و کلیلی کەعبەکەیشیان لای خۆیان پاراست . ئەمەشیان لەکاتێکدا بوو کە یەکەم جار بەریان بە ئیسلامیەکان گرت و تەنانەت ڕێگەی ناو کەعبەشیان پێ نەدان و لەمەش خراپتر "اللهم باسمک – بەناویی **هەموو خواکانیان** " بە سەریاندا سەپاند کە عومەر پێ دەهری بوو ، هەر لە بەر ئەوەی کە داهات و شتێک و بەڵێنێکی ئەوتۆیان پێ نەبوو .

ئەوان فێل و ڕێچکا فێڵاوی کو عەرەب بەرێ ١٤٠٠ ساڵان جە خواکەیان ، خوای " خیروالماکەرین ( وَمَكَرُوا وَمَكَرَ اللَّهُ ۖ وَاللَّهُ خَيْرُ الْمَاكِرِينَ ، آل عمران آیە ٥٤ ) فیری بوون ، چی کرن و دەس پێکرن ، بوو بە بنەمای شێواز و ئاکاری سەرەکی تایبەتی عارەبان و هێژ ژی سەر هەمان ڕێبازی دزی و تاڵانکاری دەئاژون . هەر خوشیان بە باشترین شێوە ئاکار و خووی عەرەبیان لە کتێبەکەیان ، قورئان ، دا باس ئەکەن کە ئێژن " ئەل ئەعراب ئەشەدول کوفر" الْأَعْرَابُ أَشَدُّ كُفْرًا وَنِفَاقًا وَأَجْدَرُ أَلَّا يَعْلَمُوا حُدُودَ مَا أَنْزَلَ اللَّهُ عَلَى رَسُولِهِ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ -التوبة: 97) . هەزاران ساڵ پێش لە عارەب ، جوولەکەی باوک برا و پسمام و هاوڕەگەزیان هەمان ڕێچکەیان لۆ خۆیان دانا و موساکەیان بەڵێنی ئەوەی پێدان کە ماڵی سازکراو و باخ و باخات و مەزرا و سامانی سازکراو و پێکەوە نراوی خەڵکی دیکە لە سەر خاکی بەڵێن پێدراویان چاوەڕانیان ئەکات و ئەمەشیان وەک بەڵێنی خواکەیان دەرخوارد درا و بۆی چوون و مەبەستی یەکەمیان پێکا . بەڵام لۆ نەهامەتی جوولەکە و چارەنووسە تفت و تاڵەکەیان ئەوەتا تەنانەت هەتا ئێستاش لەو خاکەدا نەحەسانەتەوە و نە حەوانەتەوە و داهاتوویێکی زۆر پڕشنگداریش چاوەڕانیان ناکات . جوولەکە ، چاوی چنۆکیان تەنیا بە سووچێکی بچووک لە خاک و سەرزەمینە بەڵێن پێدراوەکەیان بەستوەتەوە و لەوێوە بازرگانی ئاسایی خۆیان ئەمەشێنن . لێ ، عەرەب فرە پەرەخوازتر جە جوولەکەن و لە شاخەکانی توروس و زاگرۆسەوە هەتا کەنداو و دەریای عەرەبی و لەوێشەوە بۆ شاخەکانی حەبەشە و بیابانەکانی ئافریکا هەتا ئەگاتە سەر لێواری ئاوی زەریای ئەتڵەسی و دەریای سپی بە خاک و ماڵی عەرەبی ئەزانن وەک لە بەرنامەی پان عەرببی هێزە سیاسیەکانیان وەک بەعس بە ڕاشکاوی پێی لە سەر دائەگرن . سەیرەکەش لەمەدایە کە عەرەب لە چوارچێوەی بەناو نیشتمانە عەرەبیەکەیاندا ، تەنیا عەرەب ئەبینن و جێگە و شوێنێک پەی ئەو خەڵک و نەتەوانەی کە ئەوان داگیریان کردوە ناهێڵنەوە و لە ستراتیژیان دایە کە بە تۆپزی و ڕێکاری دژە مرۆیی گشت ئاسەواری بوونی ئەو خەڵکانەی ناو بەناو نیشتمانەکەیان بسڕنەوە . عارەباندنی بەناو نیشتمانی عەرەبی کۆڵەکەی سیاسەتی عەرەب بووگە هەر جە کۆنەوە وژ دەسپێکا بڵاوەکردنیان لە عەرەبستانەوە هەتا دۆخی ئێمڕۆ . ئاکامی ئەم ڕێکارە عەرەبیەش ئەوەسە کە ئەوان وەک خۆرە کەوتوونەتە وێزەی خەڵکە ناعەرەبەکە و بەرەبەرە ئەیان فەوتێنن . ئەمەش سەرباری ئەوەیە کە ئەوان هەر زوو ئاسەواری شارسانیەت و هەموو دەسکەوتی فەرهەنگی و زانستی مرۆڤایرتیان لە ناو برد . میسر ، نموونەی هەرە زەقی ئاکاری هۆڤانانەی

عەرەبە و لەو وڵاتە ئەوەی ئاسەواری ئەو شارستانیەتە کەونئارا بوو ، کەوتە بەر پەلاماری کۆمەڵێک دز و جەردە و تاڵانکەر کە زانست و شارستانیەت بەلایانە چ بایەخ و نرخێکی نەبوو . ئەوەی کە لە هۆڤانەتی کریستانەکان و دەوری تێکدەرانەیان لە دوژمنایەتی و فەوتاندنی شارستانیەتی میسر ، ڕزگار ببوو، دیسان کەوتە بەر شاڵاوی وێرانکاری و فەوناتی عارەبان و ئایینەکەیان .

وەکی ئاماژە پێ هاتە کرن ، ئایینی ئیسلام چەکی کارا و بە برشتی پەرەخوازی بازرگانانی چاوچنۆکی عەرەب بوو . سەرەتا عەجەم و پاشانیش تورک بە هێرش و هاتنیان بۆ دەڤەرەکە ، بوونە ئامراز و گۆپاڵی دەستی عەرەب بۆ ئەو بازرگانیی یە . عەجەم بازرگانی بە کۆیەیان لە ئافریکا ( زانزیبا = زەنگبار ) بۆ عەرەب بەڕێوە ئەبرد . مەحمووی غەزنەوەی یەک لەو تورکانە بوو کە وەک دەعبای هار بەر درایە خەڵکی هێندووستان و هۆڤانەتی و ئاکاری تاڵانکاری گەیاندە نزمترین ئاستی خۆی و تاڵانی و ژن و منالی بە کویلە گیراوی وەک دیاری خوا و ئایینە ناپیرۆزەکەیان ، بۆ بەغدا ی تاوان ئەنارد . هێرشی مەغوول کایەی ئەو بازرگانیە قرێژەیان لە عەرەب تێکدا و عەرەبی خستە پەراوێزەوە و خویان جێگەیان گرتەوە ، هۆڤانی کۆن چوو و هۆڤانی نوێ سەری هەڵدا. بەزم و دەوری تورک و مەغوول جێگیر و سەقامگیر بوو هەتا شەڕی یەکەمی جیهانی . پاش شەڕی یەکەمێ جیهانی و ئاکامە سیاسی و ئابووری و سەربازیەکانی و پێکەوە نانی کۆمەڵێک دەوڵەتۆکەی کاپەڕشەیی دەسنیا، پاش داڕمانی ئیمپڕاتوری عوسمانی کە لۆ ماوەیەکی دوور و درێژ عەربی لە مەیدانی سیاسی وەلاخستبوو، دەورەکە گۆڕدرا و مەیدانی نەتەوەگەری و ژیانی سەردەمیانی تازەبابەت لە دۆخی پاش شەڕی یەکەمی جیهانی ، چەکی ئایینی ئیسلامی لۆ بازرگانانی عەرەب یەل و هەروەتریش تورک و عەجەم و خەڵکانی تریش لە کار خست . لەو دۆخە نوێ یەدا ئیتر عەرەب ، عەجەم و تورکیش وەگەردیان بووت ، بە چەکی ناسیۆنالیزمی عەرەبی هەمان ستراتیژی کۆنی عەرەبیان درێژە پێ دا . قوناخێکی نوێی مێژوویی دەستی پێکرد .

پارەپەرەستان و سووخۆرانی جیهانی واتە سەرمایەداری جیهانی ، پاش شەڕی یەکەمی جیهانی بە خەستی و چڕ و پڕی کەوتنە سەر ئەوەی کە جیهانێکی یەک دەست و یەک ڕەنگ ئەڕای ستراتیژی درێژخایەنی تاڵان و بڕەوەی سامان و داهاتی هەموو جیهان خڕ، پێک بهێنن و لۆ ئەم مەبەستەش دەولەتۆکە دەسنیاکانیان بەردانە وێزەی گەل و نەتەوەکانی ژێردەسەڵاتیان . پەی شوێنەگومکێ و خاپاندنی خەڵکیچ ، داهۆڵی ناسیۆنالیزمی بەناو نەتەوە سەردەستەکانیان بەرز کردەوە و لە ژێر ئەو داهۆڵە درۆزنانەدا هەڵپەی ئەوەیان کرد کو تێکڕای گەل و نەتەوەکان لە یەک بۆتەی نەتەوەیی دەسکرد و ناقۆڵادا بتوێننەوە . ئەمانە ئەو دیاردەیەن کە ئێمڕۆ لەلایەن خەڵکێکی ناشارەزا لە مێژوو ، وەک پ ک ک ، بە دەوڵەت – نەتەوە ئانکو دەوڵەتی نەتەوەیی ئەناسرێن کە هیچ فڕێکیان بە سەر نەتەوەوە نیە . ئەگەر سەیرێکی مێژینە و ڕابردوو و کارکردی ئەو دەوڵەتە دەسنیایانە بکەین ئەوە بە ڕوونی دەرئەکەوی کە کابرایەکی مینا مستەفا کەمالی ناتورک و ڕەزاقولی مەیتەری عەجەمان و فەیسەڵ ، ئەوەندەی دژایەتی نەتەوەیەک وەک کوردیان ئەکرد ، لە دژی نەتەوە بە قەرار سەردەستەکەش جووڵانەتەوە و ئەوانیش تاڵاوی دەسەڵاتداریەتی ئەو دەوڵەتە دەسنیایانەیان چەشتوە. بە تایبەت کارنامەی مستەفا کەمال و ڕەزاقولی مەیتەر لەم بارەوە بەڕاستی ڕەشە و بەڵگەی ئاکاری ڕژدی ئەو جووتە دژە مرۆڤە، دەری ئەخات کە ناسیۆنالیزمی نەتەوەی سەردەست چونە ئایدیۆلۆژی سەرمایەداری ئەو نەتەوانە ، ئەڕایان بە قەدەر پووشیک نرخی نەبووە . ئەرکی پێ سپێرداو وکار و کردە و ئاکاری ئەو بابەتە دەوڵەتە کاپەڕشەیی یانە تەنیا ئەوە بوو کە بەرژەوەندی سەرمایەداری جیهانیی ئاغا و بەراتدەریان بپارێزن و ئەم ئەرکەشیان وەک کاڵای بێ ناوەڕۆکی ناسیۆنالیزمی دەوڵەتەکانیان هەرزان فرۆش بکەن و دەرخواردی خەڵکی بدەن .

## عارەباندنی کوردستان ، لە ناسیۆنالیزمی عەرەبی ناسرەوە بۆ شوینیزمی بەعسی

داگیرکاریی عەرەبی هەر لە سەرتای دەست دریژیان هەتا ئیستاش ، سامان و گەنجی خوسرەو و قەیسەری لۆیان دەستەبەر کردوە. بەلان وەک ئاماژی پێکرا ، تایبەتمەندی ستراتیژی داگیرکاریی عەرەبی تەنیا بەمەوە ناوەستێ و بە تەمانە کە خەونی نەزۆکیان بە لە ناوبردن و فەوتانی تێکڕای نەتەوەکانی دیکەی ناو بەناو نیشتمانە عەرەبیەکەیان ، لۆ هەتا هەتایە مسۆگەر بکەن . دۆخی پاش شەڕی جیهانی یەکەم ئەو بوارەی پەی داگیرکاریی عەرەبی خۆش کرد . لێ ، ماک و چەند و چۆنی دەوڵەتە دەسنیاکانیان ، کێشی ئەوەی نەبوو کە هەنگاوی بەر بەچاڤ لەو بوارەدا هەڵگرن و ناسیۆنالیزمی عەرەبی هێژ لەدایک نەبووبوو وئیسلامەکەشیان لە مێژدا لە کارکەوتبوو. عەرەب لەم بارەوە گەلێ لە پاش تورک و عەجەمەوە بوون . ئەمەش خاڵێکی گرینگە کو پ ک ک و سازکەرانی بیرۆکەی دەوڵەت - نەتەوە ئەشێ سرنجی بدەنێ .

ئەوەی وەک وڵاتانی عەرەبی ئانکو نیشتمانی عەرەبی باسی هەیە لە ڕاستی دا میراتی ئیستعمارە لۆیان و کە لە سەردەمی نەمانی ئیمپراتووری و بەتایبەت ئیمپراتووری تورکی عوسمانلی و بە گوێرەی پەیمانی سایکس – پیکۆ پێیان گەیشت . ئەم خاڵەش وەک دەسپێکی ناسیۆنالیزمی عەرەبی و گرێدراویی ئەو دیاردەیە بە ئیستعمار و پاشان ئیمپریالیزمەوە جێگەی ڕامان و وردبوونەوەیەکی قوولە . ئەم تایبەتمەندیەی ناسیۆلنالیزمی عەربی کە بەرەو عرووبەی بێ بنەمای بردوە ، ئەوە بە ئاشکرا دەرئەخات کە هەرای ئەوان عەرەبان لە سەر بەناو نیشتمانە عەرەبی یەکەیان لەو چوارچێوەی کە بۆ خۆیانیان دەس نیشان کردوە ، سازکراوی ئیستعمار و ئیمپریالیزمە و لە سەر بنەما و ئاقاری سیاسەتی ئیمپریالیستی دا ئەمەشێ . هەر ئەم ڕاستیە یە کە عرووبەی لە هەمبەر نەتەوە و گەلانی ناو بەناو نیشتمانە عەرەبی یەکەیانی ئەهێرێتە سەر ئەو باوەڕەی کە بەشی باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان بۆ نموونە بە هی

خۆیان بزانن و بەو شێوە دڕ و هۆڤانانەش وەگەردی هەڵس و کەوت بکەن . عرووبە ، ڕووی گرژ و دڕی ناسیۆنالیزمی عەرەبی، لە سەر سیاسەتی ئیستعماری و ئیمپریالیستی سەرمایەداری سازکراوە و هەر لە سەر ئەو بنامایەش دەور ئەبینێ . کورد لەو دوو بەشەی کوردستان ، باشوور و ڕۆژئاڤا ، ڕووبەرووی ئاوەها دیارەدەیەک بووەتەوە و ملی دەملی ناوە .

ناسیۆنالیزمی عەرەبی بە واتای ئیمڕۆژی خۆی ، لە میسر و شۆڕشەکەی ناسرەوە ، ١٩٥٢، دەستی پێکرد . ئاکاری ئەو ناسیۆنالیزمە عەرەبی یە بە ناوەرۆکە داگیرکاریی یە کۆنەکەیەوە خێرا خویا بوو . میسر بوو بە میسری عەرەبی و سووریەش بە هەمان شێوە . لەوە بە دواوە هەموو دیاردەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەو وڵاتانە نازناوێکی عەرەبی پێوە نووسێنرا وەک حزبی بەعسی عەرەبی و سوسیالیزمی عەرەبی و زۆرێکی دیکەش . عەرەبی تەیار بەم چەکە تازەبابەتە کەوتنە خۆیان و هەڵپەی ئەویان کرد کە ئەوەی بە کۆنەکانیان نەکرا ، لە فەوتانی گەل و نەتەوەکانی ژێر دەسەڵاتیان ، ئەمان بە ئاکامی بگەێنن ، هاو ئاقار و هاوتەریب وەگەرد ستراتیژی سەرمایەداری ئیمپریالیزمی جیهانی و هەروەسا بە پاڵەپشتی بەرەی سوسیالیستی سۆڤیەتی کە لە سەدەمی ناسرەوە دەستی پێکرد و بەعسیەکان پتەوتریان بوو. عارەباندنی بە ناو نیشتمانی عەرەبی کەوتە دۆخێکی تازەوە و بەلەز هاتە مەشاندن. کوردستان کەوتە بەر شاڵاوی دژە مرۆیی و دڕندانە و هۆڤانانەی ستراتیژی عارەباندن . سەرەتا ئەو شوێنانەی کە عەرەب بە هاوهاویی بەراتدەرانی ڕۆژئاوایی یان ، بۆنی سامان و داهاتێکی زۆریان ( وەک نەوت ) لێ ئەکرد ، کەوتنە بەر ئەو شاڵاوە و چوڵ کردنی کوردستان و تێخزانی عەرەب لەو دەڤەرانە وەک کەرکووک و جەزیرە دەستی پێکرد . لەم قۆناخەدا کە پێشتر لە ناسر و ناسیونالیزمە عەرەبیەکەی ، دەستی پێکردبوو ، هۆکاری ئابووری دەوری سەرەکی ئەبینی و ڕاستەوخۆ گرێدراوی سیاسەت و بەرژەوەندی پارەپەرەستانی جیهانی بوو و عەرەب بگێڕی ئەو سیاسەتە بۆگەنە بووگن و بەلەسەرەخۆیی بەڕێوە ئەچوو . بەڵام پاش سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی عەرەبی – ناسری ئیتر هۆکاری سیاسی و ستراتیژی بە ناو نیشتمانی عەرەبی ، ڕەوتەکەی خستە قوناخێکی نوێوە و باری توند و تیژی و هۆڤانەتەی عەرەبی فرە زەقتر بوەوە . ئەمەیچ خالەک دن ژ بیرۆکەی دەولەت – نەتەوە لۆ پ ک ک .

پەیمانی بەغدا و سەعدئاباد و سنتۆ ، گەمەی سەردەمانی سەرەتای شەڕی ساردی سۆڤیەت و ڕۆژئاوا بوون کە عەرەبێش تێوەی گلابوو و نەک هیچیشی لێ شین نەبوو بۆیان بەڵکو دووبەرەکی و لێک هەڵبڕانی نێوانیان پان و بەریتەرتەر بووەوە . قانع ، هۆزانڤانی پایەبەرزی کورد ، نیشانی دا کە ئەو لە سەر ڕێبازی ئەحمەد موختاربەگی جاف و بەستەی " عوسبەتولئۆمەم" گەلێ باشتر و قووڵتر لەو پەیمانانە تێگەیشتبوو و لێکی دابووەوە و تێگەیشتنی خۆی لە چوارچێوەی شێعرەکانی دا گونجاند و بلاوی کردەوە. ئەمەش ئەوە ئەسەلمێنێ کە ناسیۆنالیزمی عەرەبی بەو ماکە ئیستعماری و ئیمپریالیستیەی کە باسمان کرد ، کێشی ئەوەی نەبوو کە تەنانەت بەرژەوەندی درێژخایەنی خۆی بە باشی ببینێ و لێی تێ بگات . ناوەرۆکی سیاسی و مێژوویی ئەو پەیمانانە دەری ئاخات کە ئەو گەمەیە ، گەمەی سەرمایەداری جیهانی و بەزمی شەڕی سارد و گەرمی سۆڤیەت و ڕۆژئاوا بوو و ناسیۆنالیزمی دەوڵەتۆکە دەسنیاکانیش ئانکو دەولەت نەتەویەل ، داشی ئەر یاریە سیاسیانەی ئەو سەردەمە بوون . ئەمەش دیسان خاڵیکی جیگەی سرنج و ڕامانە لۆ ئەوانەی کە خۆیان بە بیرۆکەی دەوڵەت نەتەوەوە خەریک کردووە .

ناسیۆنالیزمی عەرەبی بە گشتی ئەوەندەی لە بارا نەبوو کە بکاربێ تشتەک ئا پڕ گرینگ ژ وان ڕا دەستەبەر بکاتن . عەرەب و ناسیۆنالیزمە تازەبابەتەکەیان جە هەمبەر دوو لە نەیار و دژبەری سەرەکیان واتە جوولەکە و عەجەم تووشی شکان لە دوای شکان هاتن و نەک هەر هیچیان پێ نەکرا و هێچیان لۆ عەرەب ساخ نەکردەوە بەڵکو قەیرانی عرووبە و ستراتیژی و خەونی نەزۆکیانی تووشی قەیرانێکی قووڵی لە چارنەهاتوو کرد . شکانی ستراتیژی عەرەب و ناسیۆنالیزمە بێ بنەماکەیان بووە هۆی ئەوە کە ئەو عەرەب و نیشتمانە عەرەبی یەی کە خەونیان پێوە ئەبینی ، لەت و پەت و شپرزە و شپڕێو بێت . بۆ نموونە یەکگرتنی میسر و سووریە بەرگەی چەند ساڵیکی نەگرت . هەر لەم پێکیەش عەرەب نەیان توانی یەکانگیرێیکی تۆزکاڵێک بەردەوام و سەقامگیر ساز بکەن . تەنانەت بەعسی ڕاست و چەپیش لە عێراق وسووریە کەوتنە دژایەتی کردنی یەکتر . سەرەڕای هات و هاواریان لۆ عرووبەکەیان ، دژبەری نێوانیان تا دەهات قوویلتەرتەر و بەرفرەتەرتەر ئەبووەوە . ئەمەش ، لەگەڵ ئەوەدا کە ناورۆک و جەوهەری ناسیۆنالیزمی عەربی خویا ئەکاتن ، پتر عەرەبی بەرەو هۆڤانەتی عەرەبی کۆنیان پاڵ پێوە نا ، هەم لە ناو خۆی خۆیانا و هەمیچ جە بەرانبەر دەرەوەی خۆیانا . تراویلکەی عرووبە هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە هەتا ئیمڕۆشی لەگەڵ دا بێت ، سەرچاوەی زۆربەی هەرە زۆری قەیرانی ناوچەکە بووە و کوردیش لە هەمووان پتر پریشکی ئاگری ئەو قەیرانانەی بەرکەوتووە .

کوردستان و نەتەوەی کورد هەر لە سەرەتای سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی عەرەبی عەرەبستانەوە هەتا ئیڕۆ ژی ، چقلی چاویان بووگە و قەلایەکە کە تەنانەت بە هۆڤانەتی دژە مرۆیی یانەی تایبەتی عەرەبی لۆیان زەوت نەکراوە و ناکرێ ژێ . لە ناو تێکرای ئەو بە ناو نیشتمانە عەرەبی یەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی ، کوردستان ( بەشی باشوور و ڕۆژئاڤا ) هۆکارێکی تاقانە و بەهێزە کە ڕووبەڕووی ستراتیژی شوێنیزمی عەرەب بووەتەوە و ملی دە ملی عارەبان ناوە . زۆربەی نەتەوەیەل دیکە یان ئەوەتا نەماون و ئانکو ئەوەندە کز و لاواز کراون کە جێگە مەترسی سوور ئەڕای ناسیۆنالیزمی پاوانخوازانە و پەرەخوازانەی عەرەبی نین . هەر بۆیە کە ئەبینرێ کە ڕووی دەمی تیژی ناسیۆنالیزمی عەرەبی بە خەستی و چڕ و پڕی لە کورد و کوردستانە . ئاکاری عەرەب لە کوردستان ، ڕەنگدانەوە و ئاوێنەی باڵا نوێنی بیرۆکەی عرووبە یە بە زەقی .

کە سەرەی بەعس و بەعسیەکان هات لە بەکار هێنانی ناسیۆنالیزمی عەرەبی ، ئیتر ئەوە ئەوان بوون کە بە ئاشکرا بەرگی شوێنیزمی دڕی عەرەبیی یان کرد بە بەر ناسیۆنالیزمەکەیان دا . گاڵتەجاری سەرکردایەتی هەریمی و نەتەوەیی ( قیادە قوتری و قیادە قەومی) عەرەبی هاتە ئاراوە . سنووری عەرەب وەک ئەوەی باسکرا دەسنیشان کرا . عارەباندن بوو بە کۆڵەکەی بیرۆکەی عرووبەی بەعسی و نە ئەیان شاردەوە و نە سڵێیان لە پێکانی مەبەستە دژە مرۆیی و شوینیستیەکانیان بە هەر ڕیکارێکی هۆڤانانە و بە دوور

له یاسا و ڕیسای مرۆڤانه ، ئەکردەوە . مەبەستی بەرودوای ڕەگەزپەرەستانی عەرەبی – بەعسیش ڕاسەوڕاست کوردستان و نەتەوەی کورد بوو. بەعس له عێراق و سووریه له سەرکارا بوون که باشوور و ڕۆژئاڤا ی کوردستان ئەگرێتەوه . دکارین بووشین کو بەعس و بیرۆکەی دژه مرۆیی عرووبەکەیان ، پیسترین و هۆڤانەترین دوژمنی کورد بووگه له ماوەی ٥٠ – ٦٠ ساڵی ڕابردوودا و زۆربەی ئەو نەهامەتی و کارەساته خوێناویانەی که به سەر کوردا هاتگه ، سەرچاوەی بەعسی هەیه . به سەرهەڵدانی ڕەگەزپەرەستی بەعسیانه ئیتر شوێنێک پەی کاکه و برالەیی کورد و عەرەب نەمایەوه و ناسر و بارزانی مینا هێمایێن یێن ناسیۆنالیزمی عەرەبی و کوردی ، ژ هەڤ ودوو وەقەتیان .

به ئاوڕدانەوه له ڕابردوو، دەرئەکەوێت که ئەشی شۆڕشی کورد و بارزانی له کاتی خۆیانا ، جەوهەر و کاکڵ و ناوەرۆکی ڕەگەزپەرەستانه و به تایبەت دژه کوردانەی بەتایبەت تریش بەعسیانەیان به تەواوەتی وەک پێویست تاوتوو نەکردبێ . بەعسی یەکان عێراق دوژمنایەتی و رقی کوێریان له کورد گەیانده ئەو ڕاده و ئاسته که لەگەڵ قولیزادەی دوژمنی کۆن و خوێنینان ڕێککەوتن له سەر کەوڵی کوردی باشوور و وازیان له بەشێک له مافێ ئاو و خاکەکەی نیشتمانی عەرەبی یەکاین هێنا و ڕادەستی عەجەمیان کرد. ئەمەش چونه بەڵگەیک ئا دیرۆکی ئەوه ئەسەلمێنێ که ڕەگەزپەرەستی و دەمارگیری عەرەبی – بەعسی ژ بن ڕا پەی دوژمنکاری وەگەرد مەردم کورد داڕێژراوه به جۆرێک که دوژمنایەتی عەجەم له حاست ئەودا کوێر ئەبێتەوه . بەعسی یەل تەنانەت له کاتی دوژمنکاری نێوان خۆیان وەک بەرەی ڕاست له عێراق و بەرەی چەپ له سووریه ، له سەر دوژمنکاری قوویلیان وعارەباندنی کورد و کوردستان یەکانگیر بوون و له سەر یەک هێڵ و به یەک شێوازی هۆڤانانه ئەجووڵانەوه . ئەگەر له مژاری سیاسی و ئایدۆلۆژیکی دا ، بەعسی سووری و عێراقی واته چەپ و ڕاستی بەعس ،ناکۆکی و دژبەری عەرەبیانەیان هەبوو ، ئەوه له دوژمنایەتی کورد و کوردستانا دەق هاوتەریب وهاوئاقار و هاوستراتیژی بوون .

ئێستاش له دۆخی ئیمڕۆدا که سوسیالیزمی عەرەبی و بەعسی باوی نەما و ناسیۆنالیزمی عەرەبی بەرگه کۆنه ئیسلامیه به پینه و پەڕۆ پێکەوه لکێندراوەکەی ژیاندوەتەوه ، دەورێکی دیکەی هۆڤانەتی عەربی – ئیسلامی دەستی پێکردوه . ئەوەتا ئەبینرێ که چاوی چنۆک و دزێوی رەگەزپەرەستان و کۆنه بازرگانەکانی مەککه و مەدینه له گەنج و سامانی خوسرەو و قەیسەر له کوردستانه و له هیچ ئاکارێکی دژه مرۆیی یش سڵ ناکەنەوه لۆ دەس پی ڕاگەیشتنیان بەو گەنج و سامانەی خوسرەو و قەیسره له کوردستانا . ئەمه ستراتیژی بنەڕەتی رەگەزپەرەستانی عەرەبه . کورد له مێژه ڕووبەڕووی ئەم کێشه بوەتەوه . هەر بۆیه نووکه ژی داعش وەک نوێنەری بیرۆکەی عرووبه هێرش ئەکاته سەر کوردستان و به تەمایه مەبەسته دزێوەکانی له مەڕکوردستان بپێکێ . یەکانگیر بوونی بەعسی و تێروریزمی وەهابی ئانکو چێ تر واسه که بووشین یەک بوونیان له ماکی عرووبەکەیان دا و دوژمنکاری پتر له جارانیان وەگەرد کوردیەل ، مەشیا ببوایەته هۆکاری یەکانگیری نەتەوەیی بێ ئەملا و ئەلای کورد به گشتی . کورد دەبا هەر زوو به تەواوەتی له ماک و ناوەرۆکی رەگەزپەرەستانی بەعسی –عەرەبی تێ گەیشتبا و مشوورێکی چاکی لۆ بخواردبا و بەری بەو هەموو تاوانه دژه مرۆییانه بگرتبا که بەعس له باشوور و ڕۆژئاڤا به سەر خەڵکه کوردەکەی هێنا . دەس تێکەڵ کردن وەگەرد بەعسی ، چ ئی ده ڕاست و چ ئی ده چەپ، هەڵەی ستراتیژیکی و مێژوویی و تاوانی هەره گاورەیه که به هیچ کلۆنجێک له بەرژەوەندی کوردا ناشکێتەوه ، گۆڕ سروشتی دژه کوردانەکەیان . دۆستایەتی هەر وسا ژی دوژمنایەتی عەربی – بەعسی به تەنی پەی فەوتاندنی ئاسەواری نەتەوەیی کورد و کوردستان و دەس به سەرا گرتنی گەنج و سامانەکەی قەیسەر و خوسرەی خەونی نەزۆکی عەرەب و بیرۆکەی دژه مرۆڤانەی عرووبەی ساز کراویانه ، چ به بەرگی سویالیزمەوه و چ به بەرگی ئیسلامیەوه .

## پەرژینی عەرەبی : چیرۆکەک ئا پڕ ئازار ژ عارەباندنا کوردستان به دەستی قرێژی بەعسی سووری

وەکی هاته شرۆڤه کرن ،عارەباندنا نیشتمانا عەرەبی یێن ب ناڤ کری ، یەک له کۆڵەکەی هەره زەقی بیرۆکەی عرووبەیه و ژ بۆ ئارمانجا تونێ کرنا گشت پێک هاتێن ڤێ رەخ و تەخان ، نه خاسما نەتەوەێد کورد ، ب خورتی ئو بلەزهاتیه مەشاندن ئو جێ ب جی کرن و ئاکام و ئەنجامێن ڤان سیاسەتا یێن قرێژ ژی ، نوها بەر ب چاڤه .

چیرۆکی ڕۆژئاڤا و سیاسەتی عارەباندنی کوردان له سەردەمی نوێ دا له جەزیرەوه دەس پێ ئەکاتن . چیرۆکەکەی کەرکووک و نەوتەکەی باوه گوڕگوڕ له جەزیره دووپات بووەوه . به دەرکەوتنی نەوت لەو دەڤەره ، عەرەب گەنج و سامانێکی دیکەی خوسرەو و قەیسەری بینیوه و عەرەب ئاسایی و له سەر فیت و فیاتی کۆنی عەرەبانه لێی کەوته کار . بڕه عەرەبێک خزێنرانه ئەو ناوه و گەڕێکی نوێ عارەباندن دەستی پێکرد . به یەکگرتنی میسر و سووریه له ١٩٥٨ دا ، سەرکوت کردنی کورد له سووریه دەستی پێکرد و پارتی دێموکراتی کوردستان له سووریه کەوته بەر هێرش و شاڵاوی گرتن و راو ودوونان . عەرەبی سووریه وەک تێکڕای هاوهاوەکانی له جیهانی عەرەبی دا ، چاوی بینینی کوردی وەک بەشه برا نەبوو و گۆڕ ناوەرۆکی بیرۆکەی عرووبه ، ئەوەی لۆ خۆی دانا که ئەو هۆکاره نەهێلێ . ئائەمه ڕێکاری عەرەبی بوو له هەمبەر دۆزی کورد به گشتی .

هاتنه سەرکاری بەعسی یەکان به بیرۆکەی رەگەزپەرەستانەی عرووبەوه ، ١٩٦٣ ، دۆخەکەی لۆ کوردی سووریه به تەواوەتی تێک دا و بەعسی یەکان لی بڕابوون که ئاسەواری کورد نەهێڵن لەو ولاته . تێکڕای سیاسەت و بەرنامەی کۆمەلایەتیان بۆ هەر مەبەستێک ، بەهەل ئەقوزتەوه لۆ پێکانی مەبەستی دژه کوردی یان . بۆ نموونه دابەش کردنی زوی و چاکسازی کشت و کاڵی ،

کرا بە هۆکارێک کە ژمارەیەکی زۆر لە کوردی خاوەن زەوی و زار لە خاوەنداریەتی بخەن و شوێنیان بە عەرەب و کاربەدەستانی عەرەبی دەوڵەتی و سەربازی پڕ بکەنەوە . ئاکامی وەها سیاسەتێک بوو بەوەی کە بەشێکی بەرچاوی  کورد لە خاکەکەی خۆی دابڕا و عەرەب جێگەی گرتەوە . ئەمەش هەمان عارەباندنی بەعسیانە کە لە زۆر شوێنی باشوور و بە تایبەت ڕۆژئاڤا ئەبینرێ .

بەعس بە چوونە سەرکاریان و بەدەستەوەگرتنی دەسەلاتی سیاسی ، بابەتە بەڕێوبەرایەتیێکی تایبەتی مل هۆڕانە و دژە دێمۆکڕاتییان داهێنا و لەو ڕێگەوە تێکڕای دەسەلات و بڕیاری چارەنووس ساز و گرینگیان لە یەک مەکۆی سیاسی بەعسی کۆ کردەوە و ناویان لێ نا ئەنجومەنی شۆڕش و بەرزترین بڕیار و یاسا و ڕێسای وڵاتەکەیان بە ژمارە دەرئەکرد . ئەوانەی ئەزموونی ژیان ژێر دەسەڵاتی بەعسیان هەیە ئەزانن کە ئەوە ببوو بە باوی بەعسی کە ناو بەناو یاسایێکی ژمارە ئەوەندەی ئەو ئەنجومەنە دەرئەچوو و هەموو لایەک دەبا مل کەچی بن . ئەمەش دێمۆکراسی بەعسی بوو کە بە سەر خەڵکیاندا داسەپاندبوو . هەر ئەم ئەنجومەنە ناو زڕاو و دزێوە کە ڕاستەوخۆ لە لایەن تاکە کەسی سەرکردەی بەعسی یەوە بەڕێوە ئەچوو ، کۆمەڵێک بڕیاری ژمارە ئەوەندەی لۆ مەبەستی سیاسەتی عرووبە و عارەباندنی کوردستانی لە عێراق و سووریە دەرکرد .

تەنانەت پێش زاڵ بوونی شوینیزمی عەرەبی – بەعسی و لە ساڵی ١٩٦٢ ، کابرایەکی ڕەگەزپەرەستی عەرەب کە کرابووە بەرپرسی باڵای حەسەکە ، لە سەر ڕێکار و ڕێبازی شوینیستی عەرەبی ، نووسراوەیەکی ناوزڕاوی دەرکرد و ستراتیژی عەربی سووری لە مەر تواندنەوە و فەوتانی قەوارە و پەیکەری نەتەوەیی کورد بە زەقترین شێوە داڕشت . " شرۆڤەی دەڤەری جەزیرە لە بواری نەتەوەیی ، کۆمەڵایەتی و سیاسی یەوە (دراسة عن محافظة الجزيرة من النواحي القومية، الإجتماعية، السياسية) " ناوی نووسراوەکەی ئەو کابرایە ، محەمەد تەلەب هەلال ، کە تێیدا بە ئاشکرا گەڵاڵەی عارەباندنی کوردستان ئەخاتە بەردەستی بەرپرسانی باڵای عەرەبی سووری کە پاشان بەعسیەکان جێ بە جی یان کرد .

==============================================

ئەمەش دەقی گەڵالەکەی هەلالە وەک خۆی کە دەمارگیری ڕەگەزپەرەستانەی عەرەبی دواتر بەعسی لەدژی کورد بە ڕاشکاوی دەرئەخات و پێویستی بە شرۆڤە و شێکاری زۆر نیە پەی دەرخستنی ئەو تەونەی عەرەب و دواتر بەعس لۆ کوردی نایەوە.

**مقترحات الملازم اول  محمد طلب هلال بشأن المشكلة الكردية**

**إزاء كل ماذكر، لابدّ لنا في زحمة الأحداث من أن تعالج الأمور ببرودة العقل ولهيب الإيمان، بعيدة كل البعد عن أن تكون المعالجة صدى أحداث يومية، أو جانبية، أو ردة من ردود الفعل، حتى لانقع في الشرك والتخطيط الذي يرسمه الأغيار.**

**علينا أولاً أن نتجنبَ مواطن الزلق، لنرسي أسس التخطيط على العلم والدراسة الشاملة ضمن هذه المرحلة التاريخية التي نمرّ بها، حيث أصبح معلوم لدينا بشكل واضح وجلي، أننا نخوضها في شمالي قطرنا العربي العراقي، معركة عقيدة وسلاح، فلابدّ أن نشرع، وعلى الفور من الإنسجام في التخطيط مع مانقوم به من عمليات في شمالي العراقي، وفي هذه المرحلة بالذات، إذ ما الفائدة أن تنتهي هناك، وتبقى هنا وعلى مستوى من الدلال، أو القريب من الدلال باسم المواطنة، وقد بان وظهر كل شيء، و إنكشفت جميع الأوراق هنا وهناك، وفي تركيا وإيران أيضاً بالنسبة للأكراد. لذا نقترح أن يوضع تخطيط شامل بالنسبة للجزيرة، وجذري، كي لاتعود المشكلة من جديد بعد فترة من الزمن، أو فترات، فالمنطقة كلها كما علمنا في تركيا والعراق وسوريا، بل وحتى إيران، ملتحمة مع بعضها على طول الحدود، وعلينا إستغلال موقف تركيا الآن، لأنه قد يتغير في المستقبل وفق أهواء السياسة الإستعمارية، حيث هم الآن يهجّرون كل عنصر خطر إلى داخل البلاد؛ لذا فاننا نقترح:**

**1- أن تعمد الدولة إلى عمليات التهجير إلى الداخل، مع التوزيع في الداخل، ومع ملاحظة عناصر الخطر أولاً فأولاً، ولابأس أن تكون الخطة ثنائية أوثلاثية السنين ، تبدأ بالعناصر الخطرة، لتنتهي إلى العناصر الأقل خطورة... وهكذا.**

**2- سياسة التجهيل: أي عدم إنشاء مدارس، أو معاهد علمية في المنطقة، لأن هذا أثبت عكس المطلوب بشكل صارخ وقوي.**

**3- إن الأكثرية الساحقة من الأكراد المقيمين في الجزيرة، يتمتعون بالجنسية التركية. فلابدّ لتصحيح السجلات المدنية، وهذا يجري الآن، إنما نطلب أن يترتب على ذلك إجلاء كل من لم تثبت جنسيته، وتسليمه إلى الدولة التابع لها. أضف إلى ذلك يجب أن يدرس من تثبت جنسيته دراسة معقولة، وملاحظة كيفية كسب الجنسية، لأن الجنسية لا تكسب إلا بمرسوم جمهوري. فكل جنسية ليست بمرسوم، يجب أن تناقش، تبقي من تبقي، أي الأقل خطراً، وتنزع من تنزع عنه الجنسية، لنعيده بالتالي إلى وطنه.**

**ثم هناك تنازع الجنسيات، فانك تجد أحدهم يحمل جنسيتين في آن واحد، أو قل ثلاث جنسيات، فلابد والحالة هذه أن يُعاد إلى جنسيته الأولى، وعلى كل حال، فالمهم مايترتب على ذلك الإحصاء والتدقيق من أعمال، حيث يجب أن تقوم فوراً عمليات الإجلاء.**

**4- سد باب العمل: لابدّ لنا أيضاً مساهمة في الخطة من سدِّ أبواب العمل أمام الأكراد، حتى نجعلهم في وضع، أولاً غير قادر على التحرك، وثانياً في وضع غير المستقر المستعد للرحيل في أية لحظة، وهذا يجب أن يأخذ به الإصلاح الزراعي، أولاً في الجزيرة، بأن لايؤجر، ولايملك الأكراد، والعناصر العربية كثيرة وموفورة، بحمد الله.**

**5- شن حملة من الدعاية الواسعة بين العناصر العربية ومركّزة على الأكراد، بتهيئة العناصر العربية أولاً لحساب ما، وخلخلة وضع الأكراد ثانياً، بحيث يجعلهم في وضع غير مستقر.**

**6- نزع الصفة الدينية عن مشايخ الدين عند الأكراد، وإرسال مشايخ بخطة مرسومة عرباً أقحاحاً، أو نقلهم إلى الداخل، بدلاً من غيرهم، لأن مجالسهم، ليست مجالس دينية أبداً، بل وبدقة العبارة مجالس كردية، فهم لدى دعوتنا إياهم، لا يرسلون برقيات ضد البرزاني، إنما يرسلون ضد سفك دماء المسلمين، وأي قول هذا القول!**

**7- ضرب الأكراد في بعضهم، وهذا سهل، وقد يكون ميسوراً بإثارة من يدّعون منهم بأنهم من أصول عربية، على العناصر الخطرة منهم، كما يكشف هذا العمل أوراق من يدّعون بأنهم عرباً.**

**8- إسكان عناصر عربية وقومية في المناطق الكردية على الحدود، فهم حصن المستقبل، ورقابة بنفس الوقت على الأكراد، ريثما يتم تهجيرهم، ونقترح أن تكونَ هذه من "شَمّر" لأنهم أولاً من أفقر القبائل بالأرض، وثانياً مضمونين قومياً مئة بالمئة.**

**9- جعل الشريط الشمالي للجزيرة منطقة عسكرية كمنطقة الجبهة، بحيث توضع فيها قطعات عسكرية مهمتها إسكان العرب، وإجلاء الأكراد، وفق ماترسم الدولة من خطة.**

**10- إنشاء مزارع جماعية للعرب الذين تسكنهم الدولة في الشريط الشمالي، على أن تكون هذه المزارع مدربة ومسلحة عسكرياً كالمستعمرات اليهودية على الحدود تماماً.**

**11- عدم السماح لمن لايتكلم اللغة العربية بأن يمارس حق الإنتخاب والترشيح في المناطق المذكورة.**

**12- منع إعطاء الجنسية السورية مطلقاً لمن يريد السكن في تلك المنطقة، مهما كانت جنسيته الأصلية (عدا الجنسية العربية)...إلخ.**

**هذا، وإن هذه المقترحات ليست كافية، بل أردنا منها إثارة المسؤولين بحسب خبرتنا، لتكون تباشير مشروع خطة جذرية شاملة، لتؤخذ للذكرى بعين الإعتبار.**

**الملازم أول محمد طلب هلال**

**رئيس الشعبة السياسية**

لۆ بینینی تێکرای نووسراوەکەی هەلال بروانئە ئەم چاوگە : http://www.amude.net/erebi/mihemed-taleb-hilal-lekolin.pdf
==========================================

یەکەم هەنگاوی ئەو گەڵاڵەیە ئەوە بوو کە سەرژمێرییێکی ساختە و بەمەبەست گەڵاڵە کراویان لە ساڵی ١٩٦٢ لە دەڤەری جەزیرە بەڕیوە برد و لەو پیلانەدا دەوری ١٥٠٠٠٠ لە یەکەم قۆناخ و پاشان هەتا ٥٠٠٠٠٠ کەس ناسنامە و لەگەڵ ئەوەش دا تێکرای مافی هاووڵاتی سووریان لێ سەندرایەوە . لە ناو ئەو لێقەوماوانەدا ، ئەوەی لە سەر کاری دەوڵەتی بوو ، لە کار دەر کرا . ئەوەی لە سپای سووری دا بوون بە هەمان شێوە دەرکران . خانوو و زەوی و ماڵ و سامانی ئەو خەڵکە زەوت کرا و گەیاندیانە ڕادەیەک کە تەنانەت ڕیگای نەخۆشخانە و هۆتێلیشیان لێ داخرا و لەو وڵاتەی عەرەباندا شوێنێک ئەڕایان نەما ئۆقرەی تیا بگرن . بەو شێوەیە ئەو ژمارە خەڵکەی کوردی ڕۆژئاڤا کرانە بێگانە لە سەر ئاخ و نیشتمانی هەزاران ساڵەی باب و کاڵین خوە . کوردستانیش لەو خەڵکە ڤاڵا کرا و شوێنیان بە خێڵی عەرەب و کاربەدەستی سپایی عەرەب پڕ کرایەوە . ئەمەش ئەوە دەرئاخات کە عەرەب میراتیەکەی ئیستعماری ئینگلیز و فەرانسەیان خڕ بە گەورەبەشانەی خۆیان ئەزانی و پێیان وابوو و پێیان وایە کە کورد لە سەر زێدی کەون ئارای باڤ و کالێن خوە بەشی ئەوانە و هیچ مافێکی مرۆڤانەیان لە نیشتمانی خۆیانا نیە .

سەرهەڵدانی شۆڕشی کورد لە باشوور زراوی عەرەبی سووریەی تۆقاند و هاودەنگی و پشتیوانی گەرم و گۆڕی کوردی ڕۆژئاڤا لەو شۆڕشە و بارزانی مینا سەرکردایەتیەکەی ، گەڵاڵەی عارەباندی کوردستانی لەلایەن ڕەگەزپەرستانی عەرەبەوە خێراتر کرد و گۆر پلان و پیلانە ١٢ خاڵی یەکەی تەلەب هەلال کەوتنە ساز کردنی پەرژینێکی عەرەبی پەی دابڕانی کوردی باشوور و باکوور و ڕۆژئاوا لە یەکتر . ئەم پەرژینەیان ناو نا " حزامی عەرەبی " بە گەرمە کەوتنە بواری جێ بە جێ کردنی . وایان دانابوو کە لە سێ قۆناخدا تێکرای سنوورە دەسکردەکانی نێوان باشوور و باکوور و ڕۆژئاڤا بە درێژایی ٣٥٠ کیلۆمەتر و بە قووڵایی ٧٠ کیلۆمەتر بەرەو ناوخۆی سووریە ، بە پەرژینی عەرەبی پڕ بکەنەوە و بەو شێوەیە کورد لە یەکتر دابڕن .

جێگەی وەبیرئانینە کو بەعس وعارەبی عێراق لە سەر هەمان ڕێچکەی عرووبەکەیان ، خاڵێکی دیاریان خزاندە ناو پەیمانە نگریسەکەی ئەلجەزائیر و عەجەم و قولیزادەشیان بەوەوە مل کەچ کرد کە بە عرەب و عەجەم ، پێکەوە ناوچە سنووریەکانی نێوانیان

لە کورد چۆڵ بکەن . بەعسی عێراقی بەو ئەرکە دژە مرۆیی و دژە کوردیە هەڵسا . پاش شکانی شۆڕشی بارزانی  سنووری نیوان عەرەب و عەجەمیان وێران کرد و ئاسەواری ژیانیان تێدا نەهێشت . خەڵکە لێقەوماوەکەش خزێنرانە ناو  ئۆردووگا و کۆمەڵگا زۆرەملی یەکانی بەعسی . ئەمەش سیاسەتی ئاژەڵەکانی ئیستعماری ڕۆژئاوا بەتایبەت لە ئافریکا بوو و بەعس وەک میراتگری ئەو ئاژەڵانە لە کوردستانا لە دژی کورد و کوردستان ، جێ بە جێێ کرد . باڵکێش ژی ئەوەیە کە بەعسی سووریش لە هەمان کاتدا لە سەر گەڵاڵەی پەرژینی عەرەبی چڕ تر کاری کرد ، سەرەڕای ناکۆکی و دووبەرەکیان وەگەرد بەعسی عێراقی . جێگەی خۆیەتی کە شارەزایان و پسپۆڕانی کورد لەو پەتای ژیانی کوڵەمەرگی ناو ئەو ئۆردووگا زۆرەملی یانە و دەوری نەرێنی ئەو دیاردە ئیستعماریەی بەعس لە ژین و ژیاری خەڵکە کوردەکە بکۆڵنەوە .

ئەوەی کە لە ١٩٦١ ەوە هەتا ١٩٧١ پیان کرا ، ئەویە کە پەرژینی عەرەبی لە دێرک هەتا سەرێ کانی بە درێژایی ٢٧٥ کیلۆمەتر و قووڵایی ١٠ ــ ٢٠ کیلۆمەتر سازکرا و ٣٥٥ گۆندی کوردان ، لێیان زەوت کرا و ١٥٠٠٠٠ کەسیش لەو گۆندانە وەدەرنران بە خێڵی عارەب لە ڕەقە و حەلەب پڕ کرانەوە . وەک باسی هەس ، دەوری ٢ میلێۆن دۆنم خاکی بە پیت و بڕشت لە کورد زەوت کرا و پاشان ملێۆنێکی لە نێوان عارەبە ڕاگوێزراوەکان و ملێۆنەکەی دیکەشی لە نێوان سەرکردە سپایی یەکانی عەرەب دا وەک ئەنفال ( تاڵانی ) تەخشان و پەخشان کران . عەرەبە داگیرکەرەکان پڕ چەک کران و بنکە و پێگە سەربازیەکانیش لە پشتیان بوون و دەنە ئەدران لۆ شەڕ و گێچەڵ نانەوە لە دژی ئەو کوردانەی لە دەور و بەریاندا مابوونەوە و هێشتا نە کەوتبوونە بەر شاڵای عارەباندنی عەرەبی . سەیر و سەمەرەی بوودەڵەیی عرووبە و پشت ڕا بەعسی و داڕێژەرانی ئەو گەڵاڵە و سیاسەتە ڕەگەزپەرەستانە لە دژی کورد ، ئەوەسە کە بە ئاشکرا وێنەی سیاسەتی جوولەکەیان لۆ ئەو مەبەستە قرێژەیان هەڵ گرتبوو وەک لە نووسینەکەی هەلال دا ئاماژەی پێ ئەکات ( خاڵی ١٠ ) . تێکڕای خزمەتە کۆمەڵایەتی یەکان وەک خوێندن و ئاو و کارەبا و ڕێگا و بان و نەخۆشخانە و تەنانەت مزگەفت و شوێنی نوێژ و بۆنەی ئایینیش لە کورد بەتەواوەتی بەرتەسک کرایەوە هەتا ڕادەی لێ بڕین . جە هەمبەر ئەو دۆخە شپرزە سەپێنراوە بە سەر کوردا ، عارەبی داگیرکەر کە لە دەوری ٤٠ گۆندی نموونەیی و تازەبابەتدا مۆڵ دران ( ١٢ لە دێرک ، ١٢ لە قامیشلوو ، ١٦ لە سەرێ کانی ) و تێکرای خزمەت و ئاسانکاری ژیانیان لە لایەن دەوڵەتی بەعسی یەوە لۆ دابین ئەکرا . منداڵی کورد دەبا سێ خوانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و سەربازی تێپەڕبکات هەتاکو ناوی تۆمار بکرێ . ناو نانی کوردیش لە سەر  هەمان فیتی تورکی کەماڵیستی ڕەگەزپەرەست بووە بڤە و نەهێلان ئەوان ناوان سەر زارۆکێن کوردان بیتە دانان . ( پەی زانیاری فرەتر بڕواننە پەیڤی عەبدولسەمەد داوود ، http://www.basnews.com/kr/news/2014/11/26/kembera-erebi-projeya-erepkirina-rojavaye-kurdistane-bu/)

وەک باسکرا دەمی تیژی ڕەگەزپەرەستی عەرەبی - بەعسی ڕووی لە کورد و کوردستان بوو و هەموو هەلێکیان ئەقوزتەوە لۆ ڕژانی ژاری قرێژی ڕەگەزپەرەستیی یان لە دژی کورد . بەڵگە و وینەیچ ئەڕای ئەمە ئەوسە کە لە دروست کردنی بەنداوی ڕەقە، ئەو عارەبانەی کە شوێنەکەیان ئەکەوتە ژێر ئاو و دەبا ڕابگوێزرابان ، خڕ بەرەو پەرژێنی عەرەبی ڕادا لە کاتێکدا کە هەر لە دەور و بەری خۆیانا و لە ناوعەرەبانا شوێنی گەلەک زیدەتر لە بەردەستیاندا بوو لۆ حەوانەو و نیشتەجێ کردنیان . ئەم سیاسەتە دژە کوردیە ، ژمارەی عەرەبە مۆل دراوەکانی ناو پەرژینەکەی فرەتر ئەکرد و هەر ئەوەش نەبوو کە دانیشتووی یەک لەو ٤٠ گۆندەی عەرەبی لێ مۆڵ درابوو ، زیاد بکات بەلکوو دەبا بەشی ئەو ڕەوە تازە عەرەبەش خاک و زەوی و ئاو لە کورد زەوت بکرێ و بدرێتە ئەو ڕەوە تازەی کە هێنرابوونە ناو بازنەی پەرژینە عەرەبی یەکە .

پەی سڕینەوەی ئاسەواری کوردێنی لە کوردستانی ڕۆژئاڤا ، بەعسی رەگەزپەرەست کەوتە گۆڕینی ناوە جۆغرافیایی یەکانی کوردستان . سەرەتا بەوە دەستیان پێ کرد کە ناوە کوردیەکانیان وەرگێڕایەوە سەر عەرەبی . بۆ وێنە گرێ سپی کە ماڵی حاجۆی ناودار و مێرخاسی کوردی لێ بوو، کرا بە تل ئەبیەز ، سەرێ کانی کرا بە رەئسولعەین ، کۆبانێ بە عەینولعەرەب . قوناخی دوایی ئەو ناوانە جێگیر کران وپاشان ئیتر ناوی ڕووتی عەرەبی وەک ئەلقەحتانیە کە ڕەنگی شوینیزمی عەرەبی پێوە دیارە ، بڕا بەسەر خەڵکا . دەمارگیری عەرەبی بەمەشەوە نەوەستا کۆمەڵیک ناوی دیکە وەکی ئەلسەورە و ئەلعرووبە و قۆدس و فلستین داسەپێنرا بە سەر تاخ و ڕەخ و دەڤەرێن کوردان .

## کۆمکۆژی ( جینۆساید )ی بابەتی لنین و مائۆ و چرچیل و پۆل پۆت و بەعس

لۆ نەهامەتی مرۆڤایەتی کردەی کۆمکوژی لە مێژە بوەتە دیاردەیەکی زانراو و ناسراو وگەلێک شێوە و جۆری جیاواز پەی مەبەستی کۆمکوژی هاتیە و تێت بەکارئانین . دیاری کردنی کردەی کۆمکوژی لە ڕوانگەی یاسایی و داد و دادوەریەوە بووگەسە یاریێکی سیاسی و وایان لێ کردوە کە پسپۆڕی گەلێ چازان و لێ زانی گەرەکە کە بە بەڵگە بیسەلمێنن کە فلانە و فیسارە کردەی کوشت و بڕی بە کۆمەڵ و گەڵاڵە بۆ داڕژاو ئەچێتە خانە و بازنەی کۆمکوژی یان نا . ئانکو ئەبینرێ کە بە زۆری شێوازی هۆڤانەتی و دڕندەیی زەق و ڕووتە کە بیری کۆمکوژی ئەجووڵێنێ وەک نموونەی نازی یەکان و ڕوانداو و بەعسی عێراقی دەری ئەخات .

ئەگەر بێتو کەسێکی بڕێک شارەزا لە دیاردەی دزێوی کۆمکوژی بە وردی سرنجی نووسراوەکەی محەمەد تەلەب هەلال بدات ، ئەوە ئیتر زۆر زەحمەت نابی کە ئەو نووسراوەیە مینا گەڵاڵەیەکی بە مەبەست داڕێژراو پەی فەوتاندنی نەتەوەی کورد لە سووریە

لێک بدرێتەوە . بەعسی سووریە گەلێ پتر و ڕوونتر لە نازی یەکانی ئاڵمانیا ، ڕەوش و ڕەفتاری دژە مرۆیی یان دیاری و ئاشکرا کردوە و رێکاری گەیشتن بەو مەبەستەیان واتە قڕکردن و لەناو بردنی کورد ، داڕشتوە لە سەر بنەمای ئادیۆلۆژیکی و سیاسی عرووبە . بۆ سەلماندن و ڕوونکردنەوەی کۆمکوژی بەعسی عێراقی لە دژی کورد ، ئەرکێکی گەورە و گران کەوتە سەر ملی کورد تاوەکو بەڵگە و بەڵگەنامەی پێویست کۆ بکەنەوە ، ئەویش تیاچوونی ڕژیمی بەعسی لە عێراق بواری لۆ ڕەخساند. بەڵام ئەوەتا بەڵگەی هەرە ڕوون و جێی پشت پێ بەستن لە مێژە بەدەستەوەیە کە بەعسی سووریش لە سەر هەمان ڕێچکەی شوینیزمی عەرەبی – بەعسی دەستی دابوە قڕکردنی کورد . جیاوازی نێوان بەعسی سووری و عێراقی نە لە ئامانجیان دایە و نە لە ستراتیژیان بەڵکو لە شێوازی گەیشتی بەو ئامانجە دژە مرۆیی یە یە.

شێوازی بەعسی عێراقی ئەچێتە سەر شێوازی هۆڤانانەی نازی یەکانی ئاڵمانیا . شێوازی بەعسی سووری ئەچیە سەر شێوازی کمۆنیستی لنین لە ڕووسیە کە پاشان لە لایەن چرچیل لە هیندووستان و مائۆ لە چین و پۆل پۆت لە کامبۆدیا ڕەچاو کرا . لنین هەر بە هاتنە سەرکاری کمۆنیستەکان لە ڕووسیە ، گەڵاڵەی قڕکردنی خەڵکە داماوەکەی ئۆکراینی داڕشت و بە مەبەستی لە پێشدا دیاریکراو، ئەو وڵاتەی تووشی قات و قڕی کرد و پتر لە ٦ ملێۆن مرۆڤی ئۆکراینی کردە قوربانی . شوێنی چوڵی ئەو کۆمەڵە خەڵکەش بە ڕووس و نەتەوەکانی دیکە پڕکرایەوە و ماکی ئەو ئاڵوزی و قەیرانی ئێستای ئۆکراینی چاند و وەک ئەبینرێ و قەیرانی هەنووکەیی ئۆکراینا دەری ئەخات ، تەنانەت ئێستاش بەری ئەو کردە دژە مرۆیی یەی لنین هێشتا بەرۆکی ئۆکراینی بەر نەداوە . ستالینیش چوونە میراتگری لنین درێژە بە سیاسەتی کۆمکوژی لنینی و ستالینی دا و چیرۆکی سیبریا و قڕ کردنی خەلک بە ملێۆن لەو دەڤەرە خۆی مێژوویەکی هەس و بە زۆری ناسراو و زانراوە لە ئاستی جیهانی دا .

هیندوستان لە شەڕی دووهەمی جیهانی دا دووری شەڕەکە بوو و هێژ لە بن دەستی ئیستعماری ئینگلیزیان ئەی ناڵاند . بێجگە لە هێزی مرۆڤی شەڕ کە چرچیل وەک زاروو لە پەیکەری خەلکی هیندووستانی ئەچڕی و بەرەکانی شەڕی پێ پڕ ئەکردنەوە ، هیندووستان وەک سەرچاوەی پێخور و خواردەمەنی لۆ بەرەکانی شەڕ کەڵکی لێ وەرئەگیرا . کە شەڕیش بڕستی ئاورووپای لە بەرهەم هێنانی پێخور و خواردەمەنی بڕی ، ئەو جا جەنابی مام چرچیلی مل چرچ ( مام هەژار گوتەنی ) ، تێکڕای دام و دەزگای ئیستعماری خستە گەڕ پەی کۆ کردنەوەی خواردەمەنی لە هیندووستان و لنین ئاسایی نان و زەوادی لە دەم خەڵک گرتەوە و لە ئاکامی ئەو سیاسەتە دژە مرۆیی یەدا ، خەلکی هیندووستان و بە تایبەتی لە دەڤەری بەنگاڵ دا تووشی قات و قڕی هاتن و دەوری ٦ ملێۆن مرۆڤ بوونە قوربانی .

هەرلەم پێکیەش مائۆ لە چین هەمان ڕێکاری لنین و چرچیلی بەکار هێنا و ئەو دەڤەرانەی کە لە ڕوانگەی کمۆنیستیی ئەوانەوە کۆسپی سەر ڕیگایان بوون ، تووشی قات و قڕی بە مەبەست کرد و بە ملێۆن خەڵکیان لە ناو برد . چەفەنگی مائۆیی و چینی لە سیاسەتی کۆمکوژی ، چۆلەکە بەستەزمانەکانی ئەو وڵاتە تاعوونی کمۆنیست لێدراوەشی گرتەوە ولە سەر فەرمانی کمنیستی مائۆ قڕیان تێ خستن . چیرۆکی پۆل پۆت و کۆمکوژی کمۆنیستانەی خەڵکی کامبۆدیاش جە هەمیان خۆیایە . ئەوا ئێستاش بەڵگەی حاشا هەڵ نەگر دەرکەفتگە کە ڕەزاقولی مەتەریش لە ئێرانا بە هاوهاویی بەراتدەرانی ئینگلیزی خۆی ، هەمان ڕێکاری کۆمکوژی لە دژی خەڵکی ئێران ڕەچاو کردبوو . نموونە دیکە لەم بابەتە کۆمکوژی یە فرەن بەتایبەت لە سەردەمی ئیستعمار و لە ئافریکا ئەم ڕێکارە ، ڕیکاری باوی ئاژەڵەکانی ئیستعمار بووە و زۆرێکی زۆر وەک ماوماو لە کینیا و زوولوو لە ئافریکای خواروو و خەڵکی نامیبیا تاڵاوی ئەو کردە دژە مرۆیی یەیان چەشت . ئاژەڵەکانی ئیستعمار پەی هەمان مەبەست ناوچەیەکی بەرینی ڕۆژهەڵاتی ئافریکایان بە دەرمانی کیمیاوی و بایۆلۆژیکی ئالودە کرد لە دژی ئاژەڵ و گارانەکانی خەڵکە خۆ جێیەکە و بەمەش سەرچاوەی ژیانی خەڵکە ڕەسەنەکەی ئەو دەڤەرانەیان بڕی و ئەوانی تووشی قات و قڕی و لە ناوچوون کرد. کۆمکوژی لەم بابەتە زۆر کەم سرنج ورای گشتی بۆ لای دەستەواژی کۆمکوژی ڕائەکێشێ و تاوانبارانی ئەم جۆرە کۆمکوژی یە بە سانایی لە ژێر باری تاوانەکانیان دەرباز ئەبن ، لەکاتێکدا کە ئاست و ژمارەی قوربانیەکانیان وەک ئەوەی لنین و چرچیل و مائۆ و ئاژەڵەکانی ئیستعمار و مەتیەر قولی گەلێ لە کۆمکوژی یە ناسراوەکان و زانراوەکان بەرزتر و فرەترە .

لە سووریەش کۆمکوژی کورد بەشێکی دیاری سیاسەتی بەعسی بوو و شێوازەکەشیان وەک باسکرا ئەچێتە سەر شێوازی لنینی . لەوانەیە کە حافز ئەسەدی دڕ و خوێنڕێژ لە کاتی پەروەردەی لە کن کمۆنیستانی عرووسی فیری ئەم فێڵە بووبێت کە کۆمکوژیەکەی بە بێدەنگی و کوردەکەو ماچۆ بە خشکە بەڕێوە بەرێ . ڕوانینێکی برێک قووڵ لە دۆخی کورد لە ڕۆژئاڤای نیشتمانەکەمان بە ڕوونی ئەوە دەرئاخات کە کورد بوونە قوربانی کۆمکوژی عەرەبی - بەعسیانە و خاک و وڵاتەکە پارچە پارچە و پچڕپچڕ کراوە و خەڵکەکەش لە سەر خاکی باب و کاڵێن خوە دوور خرانەتەوە و خاکەکەیان بە عەرەبی داگیرکەر پڕ کراوەتەوە و لێی بوونەتە خاوەن ماڵ و کوردیش لە سەر خاکی کەونا ئارای خۆیان بوونەتە بێگانە . چ ژمارەیەک لە خەڵکی کورد ببونە قوربانی ئەو سیاسەتی کۆمکوژیە و بەبێ دەنگی سەریان نایەوە ، ماوەتەوە بۆ دۆخی لەباری داهاتووی کورد کە دیاری بکات و لێی بپرسێتەوە و لێی بکۆڵێتەوە . ئەمەش بێ گۆمان ئەچێتە ناو بازنەی کۆمکوژی و بەڵگە و هێماش ، وەک نووسراوەکەی هەلال و بریارەکانی ئەنجومەنی شۆڕشی بەعسی لە سووریە ، ئەوەتا بە ئاشکرا بەدەستەوەن .

## دۆزی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژئاڤای کوردستان و پ ک ک

پاش شەری یەکەمی جیهانی و شکانی یەک لە دوی یەکی بزاڤ و سەرهەلدانی کوردان ، زوربەی هەرە زوری کەسایەتی دیاری خاوەن بیرو هزری روشنبیری و شورشگیری باکووری گەورە بەشی کوردستان ، لە روژئاوا و بن خەت گرسانەوە و دریژەیان بە خەبات و چالاکی کوردینی دا. مالی بەدرخانیان و مالی حاجۆ و مالباتی شەریف پاشا و نوورەدین زازا و جەوادی مەلا و گەلیکی تر بونە ماڵەباوانی کوردان بو تیکرای کورد وفەرهەنگی روشنبیری و شورشگیریان خەملاند.

جەلادت و کامەران و ڕەوشەن خانم بەدرخان، قەدری جان ، عوسمان سەبری و جگەرخوین وحاجۆ و نوورەدین زازا تەنیا چەند نمونەن لەو فیرگە میژوییەی کوردان لە روژئاوا . بە بی روژئاوا شورشی بارزانی گەورە ، گران بو بگاتە ئەو ئاستە بالایە کە لە وتەی بارزانیانەی بارزانی لە مەر کامەران بەدرخان لە کاتی چاوپیکەوتنیان لە حاجی عومران و هەلگرتنی هەگبەکەی میر کامەران بە دەس بارزانی خۆیەوە ، رەنگ ئەداتەوە . ئەو ئاکارە بەرزە ، تەنیا و تەنیا لە بارزانی گەورە ئەوەشایەوە و پیزانینی خوی و گشت کوردیکی بۆ دەوری روژئاوا بە گشتی و بۆ میر کامەران بە تایبەت بەو چەشنە میژوییە دەربری و کردیە میژوویکی جیی سەروەری و شانازی بۆ کورد و کوردستان .

دەور و ئاستی بەرزی ڕوشنبیری کوردی ڕۆژئاڤا و گاریگەری ئەو دیاردەیە لە ناو کۆمەلانی خەڵکا * ، شتێک نەبوو کە بەعس بە ئاسانی بۆی قوت بدرێ و جە هەمبەریدا بێ دەنگ بێت . وەک لە نووسراوەکەی محەمەد هەلالیشدا دەر ئەکەوێ ، ئەو بەشە پێشڕەوەی کورد وەک مەترسی یەکەم لۆ عرووبەکەیان دەس نیشان کرا و هێرش و شاڵاوی عرووبە بۆ سەر کورد ، لەوانەوە دەستی پێکرد . ڕۆژئاڤا مینا ناوەندی هەرە بەرزی ڕۆشنبیری کورد چقڵی چاوی ڕەگەزپەرستانی عرووبە بوو و پلان و پیلانی هەرە گەورەیان ئەوە بوو کە ئەو ناوەندە بخنکێنن . کێش و وزەی ڕۆژئاڤا لە ئاستێکدا بوو کە بەعس نەکاربوو ب سانایی سیاسەتی تونێ کرنا کوردان بمەشینێ . ململانێ کورد و بەعسی ب خورتی دە ڕۆژەوی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی دا بوو. سەرەڕای ئەوەی کە پەتای ناکۆکی و ناتەبایی کوردیەل باشوور و بەزمی بەکرەجۆ کە ڕۆژئاڤاشی مینا ڕۆژهەلات تەنیبوەوە ، بەعس هێشتا نەیان توانیبوو کە فێرگەی کوردایەتی سەردەمیانەی و کارا و کاریگەری ڕۆژئاڤا لە گەڕ بخەن .

==============================================

(* مام هەژار یەکێک لەوانە بوو کە بەری ئەو دۆخەی بەرکەوت و لە هەموو کەسێکی دیکە پتر بەو ڕاستیەی ئەزانی و باسی ئەکرد . یەکێک لەو هۆکارانەی کە هەژاری لە هەموو بارێکەوە هەڵدا و گەیاندیە ئەو هەژارەی کە کورد بە گشتی شانازی پێوە ئەکات ، تێکەڵی هەژار وەگەرد فێرگەی کوردێنی ڕۆژئاوا بوو . هەر لەوێش بوو کە مام هەژار مەم و زینی وەرگێڕایە سەر زاراوەی سۆرانی . پێش هەژاریش حاجی قادری کۆیی پیت و فەڕی ئەو فێرگەیەی بەرکوت و بوو بەو حاجی قادرەی کە کورد ئەیناسێ ، ئەڵبەت پێش ئەوەی کە دیاردەی سەر خەت و بن خەت بە سەر کوردا داسەپێ )

==============================================

لەکاتێکدا کە سوسیالیزمی بەعسی سووری و هاوهاوەکانیان ، توانیبوویان کە ڕەوتە چەپ و کمۆنیستەکانی ناوچەکە و تەنانەت جیهانیش ، وەک کارلۆس ، لە دەوری خۆیان لە دۆڵی بەقاع کۆبکەنەوە و لە دژی جوولەکە بەکاریان بهێنن ، پ ک ک ش گلایە ناو ئەو گەمەی کمۆنیستان و لەو ناوەدا گرسایەوە ( دیاردەیەکە کە جێگەی ڕامانە ) . کاردانەوەی جوولەکە ، ئاخرەکەی ئەو گەمەی عەرەبیان بەرپەرچ دایەوە و لۆبنانیش بووە قوربانی و تووشی قەیرانێک هات کە هەتا ئێستاش بەرۆکی بەر نەداوە . بە لە خشتەبردنی گەمەی بەعس و کمۆنیستان لە لۆبنان ، دانیشوانی دۆڵی بەقاع چاریان نەما و ڕوویان کردە سووریە و پ ک ک ش لەگەڵیان . لێرە بە دواوە هەلس و کەوتی بەعس وەگەرد پ ک ک ڕاستەوخو کاری کردە سەر ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردی ڕۆژئاڤا . پ ک ک و تێکرای ئەو هیز و لایەنانەی کە لە دۆڵی بەقاعەوە ڕوویان کردبووە سووریە ، ئیتر کەڵکی شەڕی جوولەکەیان نەمابوو و دەبا لۆ مەبەستێکی دیکە بەکار بهێنبرێن و کەلێنێکی سیاسی دیکە لۆ بەعسیان پڕ بکەنەوە . پرسیارێکە کە ئەشی سرنجی تایبەتی بدرێتێ ئەوەیە کە بەعسی سووریە بەو ماک و بۆچوونە شوینیستی یەی دژی نەتەوەی کورد ، ئەبێ وەگەرد پ ک ک چی کردبێ ئانکۆ پ ک ک لۆ وەها ڕژیمێک چ کەڵکێکی سیاسی و ستراتیژیکی هەبووبێ لۆیان .

خاڵی باڵکێش ئەوەسە کە بەعسی سووریە بە تەواوەتی لێبڕابوو کە ئاسەواری کورد ژ ڤی وڵاتێ ڕا تونە بکات ، بواری بە پ ک ک دا کە کوردایەتی تایبەتی خۆی لە ناو کوردی ڕۆژئاڤا دا بمەشینێ . ئەبی پ ک ک چلۆ کوردایەتێکی لە ناو خەڵکی کورد ڕۆژئاوادا بڵاڤ کردبێ کە جێگەی پەسەندی ئەو بەعسیانە بێت کە محەمەد تەلب هەلال لە ناویاندا گەڵاڵەی فەوتانی کورد و هەروەها پەرژینی عەرەبی تۆمار کردبێ . ئەوەی دیارە و نکوولی لێ ناکرێ ئەوەیە کە بەعس لە ڕیگا و بە هۆی پ ک ک ەوە ئاگری کوانوو و وەجاخی فێرگەی کوردایەتیەکەی ماڵە بەدرخان و حاجۆ و هەموو ئەوانی دیکەی کوژاندەوە . بە سەرهەڵدانی پ ک ک لە ڕۆژئاڤا و پشتگیری بە ئاشکرای بەعس لەوان و بوار پێدانیان لۆ هەڵسووڕانی سیاسی و ڕێکخراوەیی ، کورد لەو بنکە و چاوگە ڕۆشنبیریە کارامەی جاران بێ بەش بوو و ئیتر ئەوە پ ک ک و بەناو کوردێنی ئاپۆچیانە بوو کە لە ڕۆژئاڤا دا زەق کرایەوە جێگەی بە کوردایەتیە ڕەسەنەکەی بەدرخانیان لێژ کرد و جێگەیانی پڕ کردەوە . پ ک ک و بەعسی سوری بە کویر کردنەوەی فێرگەی بەرزو کارامەی روژئاوا ، تیکرای کوردیان لەو چاوگە میژویی یە گرینگە بی بەش و بەری کرد. جیگای

خویەتی کە ئاماژەیکیش بە دەوری جەلال تالەبانی لەم بوارەدا بکریت . تالەبانی ، روژئاواشی بە چەشنی روژهەلات کردە مەیدانی ململانیی خوی ورەوتی بەکرەجو لە دژی بارزانی . ئەمان گەلێ پێشـــتر لە پ ک ک و لەو کاتە دا کە لەگەڵ بەعســـی عێراقیدا شـەڕی کوردیان ئەکرد ، بواری ئەوەشـیان لۆ سـازکرا ، لە لایەن بەعسـی سـووریەوە ، کە هاوهاو لەگەڵ بەعسـی سـووریەدا لە ڕۆژئاڤا لە دژی بزاڤی نەیتەوەیی کورد بجووڵێنەوە و ئەو هۆکارە گەورەی یارمەتی دەری ڕۆژئاوا لە شـۆڕشـی باشـوور بە ماڵە بەدرخان و حاجۆشـەوە ، لە ناو بەرن . دوژمنایەتی تاڵەبای وبەکرەجۆ وەگەرد بارزانی و شۆڕشی باشوور گەیشبوە ئەو ئاستەی کە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواش لۆ هەمان مەبەســت و هاو ئاقار وەگەرد بەعســی ســوری و دواتریش عێراقی و هەروەتر عەجەم و ڕژیمەکەی قولیزادە بەکار ئەهێنران .

ئەوەی بەکرەجۆ لەوانەیە یەکەم ئەزموونی قرێژ و دژە کوردانەی بەعســی ســووری بێت کە کورد لە دژی کورد بەکار بهێنێ و تا ڕادەیەکیش تێیدا سـەرکەوتوو بوو . سـەرهەڵدانی یەکیەتیی نیشـتمانیی لە سـووریە ، لە ڕاسـتیدا درێژەی هەمان سیاسـەتی بەرێی بەعسـی سووریە بوو و تێکەڵاوی بەردەوامیان هەتا ئەم دوایانەش لە سـەر هەمان بنەما و ستراتیژی بەعسـی یە کە کورد لە دژی کورد و لە پێناوی ستراتیژی بنەڕەتی دژە کوردی بەعسیانە ، بەکار بهێنێ .

((جێگەی وەبیر هێنانەوەیە کە نەوشیروان مستەفا تا ئەو ڕادەیە چوو کە لە نووسراوێکی خۆی دا لە کاتی گفتوگۆیان لەگەڵ میری ( وەک مام جەلال لە نووسـراوەکەی خۆی دا باسـی لێوە ئەکرد ) باسـی کوردی ڕۆژئاوای کوێر کردەوە و پاکانەی ئەوەشـی بۆ ئەکرد کە کورد لە سووریە خاوەن خاک و نیشتمان نین و میوانن )) .

هەر بۆیە کە سەرەی پ ک ک هات ، بەعس ئەزموونی سەرکەوتوانەی سەبارەت بەم دۆزە هەبوو و لە ڕاستیش دوور ناکەفینەوە گەر بووشین کو بە ئاسانی پ ک ک و رەوتی ئاپۆچیەتی خستە گەڕ لە دژی ڕەوتی ڕەسەنی کوردێنی ڕۆژئاڤا و تا ڕادەیەکی بەر ب چاڤ ژی تێدا سەرکەفت .

خاڵیک ئا پڕ گرینگ لە پێوەندی لەگەڵ کێشـەی پ ک ک و بەعسـی سـووری جە کوردان ڕا ، ئەوەسـە کە دوو لایەنی پێوەندی پ ک ک بە بەعسـەوە لێک جیا بکرێتەوە . پێوەندی تێکڕای هێزە سیاسـی یەکانی کوردستان بە یەکێک لە داگیرکەرانی کوردستان ، هەمیشــە بەوە پاکانەی بۆ کراوە کە لە کاتی قووڵ بوونەوەی ناکۆکی و گەیشـتنە ئاسـتی پێک هەڵپرژانی سـیاسـی و سـەربازی دوولایەنی داگیرکەری کوردســـتان ، کەڵک وەرگرتن لەو دژبەری یەی نێوان داگیرکەران هەم ڕەوایە و هەمیچ پێویســـتە و لە بەرژەوەندی کورد دایە . هەر لەم پێکیەش ، کەڵـک وەرگرتنی لایەنێکی داگیرکەری کوردســـتان (وەک عەجەم ) لە هۆکـاری کوردی لە دژی نەیارێکی گەورەتریدا ( وەک عەرەب ) ، شـــتیکی قوول و قورس و گران نیە و بەوە وەرئەگیرێت و پاکانەی لۆ ئەکرێت کە کوردکە خۆی بە بێ داگیرکەرە یارمەتی دەرەکەش لە شـــەڕی دوژمنەکەی دایە و تێکەڵی وەگەرد لایەنێیکی دژەبەر ئەبێتە هۆکارێکی یارمەتی دەر پەی دۆزی نەتەوەیی کورد . بلا ، با جارێ واز لەوە بێنین کە کورد بە گشـــتی لەو گەمەدا چەندە قازانجیان کردوە و چەندە سەرکەوتوو بووگن لەو تاکتیکەدا . ئا لەم لایەنەی پێوەندی پ ک ک وەگەرد بەعسی سووری ، ئەمانیچ ئەکەونە ناو بازنە گشـتی یەکەی دۆزی کوردی و باشـی و نەباشـی و هەڵە و پەڵەیان وەک هەموو هێزە سـیاسـی یەکانی دیکەی کوردســـتان جێگەی لێکۆڵینەوە و شـــرۆڤە کردنی ورد و تیژە و پ ک ک لەم بوارەدا چ جیاوازیێک وەرگەرد ڕێکخراویەل تری کوردستان نەیری .

ئەوەی کە پ ک ک لە هەموو کۆڕ و کۆمەڵە سیاسی یەکانی تری کوردستان لەم بوارەدا جیا ئەکاتەوە ئەوەیە کە پ ک ک هاوکات و شان بە شان لەگەڵ سیاسەتی بەعسی سووری لە مەڕ سیاسەتی دەرەوەی جە هەمبەر تورکیە ، لۆ مەبەستی ناوخۆیی سووریە و سیاسـەتی فاشیستی بەعسی لە دژی کوردی ڕۆژئاوا دەوری بینیوە و هێژ ژی ئەو دەورەی هەس . ئەم کار و ئاکاری هاوهاویەی پ ک ک تەک بەعسی سووری تەنیا تایبەتمەندی پ ک ک یە و جێگەی پرسیاری قوویل و سوورە . پ ک ک لەم ڕەوتەدا ئەوەندە چووەتە پێش و تێوەگلاوە کە ڕێکخراوی خۆی لە ڕۆژئاڤا دا پێکەوە ناوە و تەنانەت هەر بەمەشـــەوە نەوەســـتاوە بەڵکو دەق وەک ئەوەی کە لە باکووردا کردی لە دژی تێکڕای کۆڕ و کۆمەڵە کوردیەکانی ئەو بەشـــە ، خۆی وەک تاقانە هێز بە ســـەر کۆمەڵگای کوردی ڕۆژئاڤا دا داسەپاندوە و بواری چالاکی و هەڵسووڕان بە ئەوان نادات . وەک باس کرا ڕۆژئاڤا لە بواری ڕۆشنبیری بەرز و شـۆڕشـگێڕانەی کوردی لە پێش هەموو بەشـەکانی دیکەی کوردسـتانەوە بوو و فێرگەی کارامەی بیر و هزری سـەردەمیانەی کوردی ڕۆژئاڤا ، چاوگەی بە هێزی کوردایەتی بوو لە ئاسـتی گشـت کوردسـتانا . پرسـیارەک کو لێگرە تێتە ئاراوە ئەڤە کو چ شـــتێکی پ ک ک بۆ ڕەوتی بزاڤی نەتەوەیی کورد ، کارەبوو بواری ئەوەی بداتێ کە ئەو فیرگاها ئا پڕ ســـەنگین و دەولەمەند ڤەکوژێ و جهێ وی بگرێتن . جە ئالێد زمان ئو چاندا کوردی ، ژ ئالێد هزریی ئا کوردێنی ، جە ئالێد جڤاکی نەخاسـما ژ هێزەک مینا پ ک ک ژ دەرڤەی کۆمەلگەها ڕۆژئاوا ، ژ ئالێد تێکەلی و پێوەندیا ئا خورت تەڤ تەڤگەرێن کوردی ژ هەر چارپارچەێن کوردسـتان ، جە ئالێت نرخ و بوهایت ئالا کوردان و سـروودی نیشـتمانی ، بالکێش تەر ژ هەمیان ژ ئالێد دیرۆک ئو مێژوویێت کورد ، پ ک ک چ پێ هەبوو ئانکو چ پێ هەیە داکو بکاربێ چاوکانیا ئا ڕەســـەن و پڕ هێزێد کوردان وەمرێنێ و خۆ زاڵ بکات بە سـەر خەلکێن کورد جە ڕۆژیاڤا . لۆ ئەو کەسـانەی کە ئەم بابەتە پرسیارانەی لا دروست ئەبی لە پێوەندی لەگەڵ دەوری پ ک ک لە ڕۆژئاڤا دا ، تەنیا یەک هۆکار ئەمێنێتەوە کە ئەویش هۆکاری بەعسی سووری و ستراتیژی ڕەگەزپەرەستانەیان جە هەمبەر کوردە کە ئەو بوارەی ئەرای پ ک ک ساز کردوە کە بگاتە ئەو ئاستە و ئەو قۆناخەی کە ئێستا تێیدایە و دەوری تیدا ئەگێڕێ .

پەیڤین جەمیل بایک لە نووسینەکەی لە مەر دیرۆکا پ ک ک کە لە ناوەرۆکدا زۆر لە ئەلمۆغازی یەکەی ئەلواقدی ئەچێ ، بەڵگەی تەواو بە دەستەوە ئەدات کە پ ک ک بە بەکار هێنانی دەرەتانی دەزگا سیخوڕی یەکانی داگیرکەران وەک میتی تورکی خۆی داسەپاندوە بە سەر بزاڤی نەتەوەیی کوردی دا . جەمیل لەو نووسیەنەدا ( ئەلبەت وتاری فیرکاری پ ک ک بووە و پاشان وەک نووسین داڕێژراوەتەوە لۆیە ئێمە لێرەدا وەک نووسین ئاماژەی پێ ئەکەین ) نای شاریتەوە کە ژمارەیەک لە هەڤاڵانی سەرەتایی یان وەک کەسیرە یەلدرم ، ( فاتمی ژنی ئۆجالان ) و عەبدولڕەحمان وپیلۆت پیاوی میت بووگن و ئاپۆ بەکاری هێناون بۆ بەرەو پێش بردنی کاروباری پ ک ک . هەویری ئەم چیرۆکەی جەمیل و پ ک ک ئاوێکی زۆر هەڵ ئەگرێ و لە خۆیان بەدەر لەوانەیە مرۆڤێکی ساخ دەس نەکەوێ کە بڕوا بەو گێڕانەوەی جەمیل بهێنێ کە گوایە ئاپۆ و پ ک ک هەر لە سەرەتای کاریاندا توانیبێتیان کڵاو لە سەر میتی تورکی و هەموو دام و دەزگای سیاسی دەوڵەتی تورکی بنێن . جەمیل هەروەتر ئەیگێڕێتەوە کە چۆن ڕێکخراوی " ستێرکا سوور" و "تێکۆشین " یان تەفروتووناکرد بەوەی کە تاوانی سیخوڕی میتی تورکی ئەداتە پاڵیان . چیرۆکی دەس بە سەراگرتنی دەسەلات لە حیلوان و جیلان و لێدانی خێلی سلێمانان نەو جۆرەی جەمیل ئەگێڕێتەوە ، دەری ئەخات کە لەو کاتەدا ئیتر دەسەلاتی فاشیستی تورک ئەشی لە ئارادا نەمابێت و ئەمان وەک پ ک ک چ بەربەستێکی تورکیان نەهاتووەتە بەر . حکوومەتی تورک و سپای تورک و ناتۆیشی لەگەڵدابێت و دام ودەزگای سیخوڕی میت و هەموو ئاسەوارێکی داگیرکەریی تورک بە سەرکوردستانەوە لە ناکاو فت ئەبێت و پ ک ک ئەبێتە دەسەڵاتدار لە ناوانە . ئەمەش لە هەڕەت و گەرمەی شەڕی ساردی سۆڤیەت و بەرەی ڕۆژئاوا کە تورکیش بەشێکی گرینگ و ستراتیژیکی ئەوان بوو ، ڕووی داوە . ئەشێ ، نەک هەر تورک بە تەنیا بەڵکوو هەموو ڕۆژئاواش لە گەرمەی شەڕی ساردا بەرانبەر بە هاتنە سەرکاری پ ک ک وەک هێزێکی کمۆنیستی بە ئاقاری رووسیەوە ( رووسۆفیل ) لەو پەڕی خەم ساردی و دوورەپەرێزی دا بووبێتن و کوردەکەو ماچۆ لە گوێ گادا نووستبێتن و ئەو بوارەیان بۆ پ ک ک چۆڵ کردبێ کە ببێتە دەسەڵاتداری ئەو شوێنانە . گێڕانەی چیرۆکی لەم بابەتە لەوانەیە بۆ جەمیل بایک ئاسان بێت و پێشی وابێت کە وەک چیرۆکی منالان ، خەڵک لێی وەرئەگرن . لێ پەیڤین جەمیل بە ڕاستی جێگەی ڕامانە و پرسیار لە دوای پرسیار ئەهێرێتە گۆڕی لە سەر مێژینەی پ ک ک . ناکرێ گومان لەوەدا بکرێ کە تورک بەمەبەست ئەو دەرفەتەی بۆ پ ک ک ڕەخساندبی و پ ک ک کەڵکی لێ وەرگرتبێ بە زانابوون ئانکو نا.

پ ک ک هەمان شێوازی بەکار هێنانی دام و دەزگای سیخوڕی داگیرکەرانی کوردستانیان ، دواجار لە سووریە دووپات کردەوە و ئەمجارە ئیتر ئەوە موخابرات و ئیستخباراتی بەعسی بوون کە گوایە پ ک ک بەکاری هێناون نەک پێچەوانەکەی . ئەوەی کە دیارە لە مێژینەی ئەو بابەتە کار و ئاکارەی پ ک ک ، ژمارەیەک خەڵک و کۆڕ و کۆمەڵی سیاسی چالاک و ناسراوی کورد لە ڕۆژئاڤا ، هەر لە پ پ ک ( پارتیا پالەێن کوردستان ) هەتا مەشعەل تەمۆ ، بە شێوەیەکی گومانوایی لە ناو بران و لە ناو هەموویانە ئەوە تەنیا پ ک ک بووە کە گەشەی کردوە و هەڵی داوە و گەیشتوەتە ئەم ئاستەی ئێستای کە خۆی لە خۆی دا جێگەی پرسیارە کە چۆنە ڕێکخراوێکی باکووری ( تورکیایی ) لە ناو بەعسی زاڵ بە سەر ڕۆژئادا ئابەو شێوەیە هەڵ ئادات .

لە چاوەدێران و شارەزایانی سیاسی کوردستان و تەنانەت دەرەوی کوردستانیش شاراوە نیە کە پ ک ک لە سەر هەمان ڕیکاری تێکەلێ وەگەرد دام و دەزگای سیخوڕی داگیرکەران ، لەگەڵ عێراق و عەجەمانیش دا دەستی تێکەڵ کردوە . جا ئەگەر پێشتر بە بوونی ئۆجالان لە تورکیە و سووریە ئەمەیان ئەکرد ، ئەوە پاش گیرانی ئەو ، پ ک ک بە بێ سەرۆکەکەیان هەمان سیاسەت بەڕێوە ئەبەن . ستراتیژی جێگەی گومان و پڕ لە مەترسی پ ک ک لەم ڕێکارە ئەوەیە کە بە هاوکاری ڕاستەوخۆ و لە بەرژەوەندی ڕاستەوخۆی داگیرکەرێکی کوردستان ، کۆر و کۆمەڵە سیاسیەکان و بزاڤی نەتەوەیی پارێک ژ کوردستان ، لەناو ببات وەک ئەوەی لە تورکیە و سووریە کردیان و ئێستاس خەریکی ئێرانن . دەوری ئاژاوەگێڕی پ ک ک لە شنگال و هەڵپەی پێکەوەنانی کانتۆن بۆ گەلی ئیزیدی ( وەک ئەوان ئاماژەی پێ ئەکەن ) لە شنگال و دەس تێکەڵایان تەڤ حکوومەتی عەرەبی بەغداد بۆ سازکردنی حەشدی شەعبی لە شنگال ، ئاکام و درێژەی ئەو ئاکارەی پ ک ک یە . هیچ گومانیش لەوەدا نیە کە پ ک ک تەونێکی لەم بابەتەی لۆ ڕۆژهەڵاتیش ناوەتەوە و بە گەرمە خەریکی بەرەو پێش بردنیەتی بە هاوکاری عەجەمەکان .

خاڵی باڵکێش لەم پێوەندیەدا ئەوەسە کە ئەگەر تا دوێنێ پ ک ک بە بەرز کردنەوەی دروشمی کوردستانی گەورە و سەربەخۆیی کوردستان خەڵکی بۆ مەبەستی سیاسی شاراوەی ئەخاپاند ، ئەوەتا ئیرۆ ئیتر باسی نەتەوە و سەوربەخۆیی نەتەوەیی و سەروەریی نەتەوەیی بوەتە گاڵتەجاڕی بەڕێوەبەرانی پ ک ک . بۆ ئەوانەی کە دەهۆڵی پ ک ک ئەکوتین مەشیا ببوایەتە جێگەی پرسیار کە ڕێکخراوێکی سیاسی وەک پ ک ک کە بڕوای بە دۆزی نەتەوەیی کورد نیە ، ئیتر خۆ تێهەڵقورتانیان لە کاروباری سیاسی بەشەکانی کوردستان ، ئەبی چ مەبەستێکی سیاسی لە پشت بێت و بەرژەوەندی چ لایەنێک بپارێزێ . پ ک ک بە وەلا نانی بیر و هزری نەتەوەیی کوردی ئیتر خۆی لە چوارچیوەی پێوەندی نەتەوەیی- مێژوویی کورد دابڕاندوە و هەموو کاروباری لە چوارچێوەی پێوەندی سیاسی – ئابووری کورد و داگیرکەرانی کوردستانەوە دیاری ئەکات . ئەم دوو بابەتە پێوەندی یە لە سروشتی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کورد لە ژێر نیری داگیرکراویی یەوە سەرچاوە ئەگرێ و ڕاستەخۆ کار ئەکەنە سەر بزاڤی کوردی و ئاقاری گەشەکردنی . زۆربەی هەرە زۆری ، گەر نەبێژین هەموو ، ئاریشەی بزاڤی نەتەوەیی کورد لە سەد ساڵی رابردوودا لە پێوەندی سیاسی – ئابووری زۆرەملی داسەپاو بە سەرکوردا ، سەرچاوەی گرتووە . پێوەندی مێژوویی – نەتەوەیی یش چاوگەی بەهێزی خەملینی تەڤگەری ڕزگاریخوازانەی کورد بووگە . ئەم دوو پێوەندیە لە دوو ئاقاری دژ بەیەک کارئەکەنە سەر بزاڤی نەتەوەیی کورد . هەرچی پێوەندی یە سیاسی – ئابووری یەکەیە ، بەرەو ئەوە کار ئەکات کە کورد وەک نەتەوەیەکی کۆن و کەڤن ئارا نەهێڵی و لە چوارچێوەی کەمایەتێکی ناو وڵاتەداگیرکەرەکانا بیهێڵێتەوە . دەمڕاس و داکۆکی کاری ئەم ڕەوتەش جیا لە تێئۆریسینەکانی داگیرکەران و کمۆنیستەکانیان ، پاشاخوڕانی داگیرکراویی کوردستانن و عەباسی وەلێ لە ناویاندا لە گشتیان بە

هەڵپەترە کە پێمان بسەلمێنێ کە کوردی ڕۆژهەڵات بووگنەسە بەشێک لە نەتەوە دەستکردەکەی عەجەم بە دەستی ڕەزاقولی مەیتەر و ئەوانەی کە لە دۆخی سەدەی ٢١ دا بەرەو پاش هەڵگەڕانەتەوە بۆ سەردەمی ڕەش و تڕی شەرم و شوورەیی سەفەویی .

پاش شکانی ستراتیژی خاپێنەری کوردستانی گەورە ، پ ک ک لەناو ماڵی خۆی دا واتە باکوور ، تێکڕای داواکاری و داخازیا سیاسی خۆی مینا ڕێکخراێکی باکوور لە چوارچێوەی مافی هاوولاتی و شاروەندی تورکی نەک بۆ کورد بەلکی ژ بۆ گشت مرۆڤێکی ناو تورکیا ، دابەزاندوە و وەک سەرۆکەکەیان ئاماژەی پێ ئەکات ئەبی بە ڕێکاری سیاسیانەش دابینی بکەن و لە ناو یاسای بنەڕەتی تورکیەدا ( ئانا یاسا لەرەکەیان ) بیچەسپینن . ئەوان بە ئاشکرا ئێژن کە ڕێکخراوێکی سەرتاسەری تورکین و لە هەموو بۆنەیەکدا دووپاتی ئەکەنەوە و پێی لە سەر دائەگرن . کە ئەمەش پێناسەی پ ک ک بێت ، کە نها هەر واشە ، ئێتر ئەو بەزم و ڕەزمەی خۆتێهەڵقورتان لەکاروباری بەشەکانی کوردستان لە کوێی ئەو ستراتیژی یەدا جێگەی ئەبێتەوە . دەست تێوەردانی پ ک ک لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەلات و باشوور ، ئەویچ بەو شێوە تێکدەرانە و ئاژاوەگێڕانە ، چ فڕ و پێوەندێیکی هەیە بە سەر ڕێکخراوێکی سەرتاسەی تورکی و مافی شاروەندی تورکی لە ئەو وڵاتە کە بە هی خۆیانی ئەزانن . بەربەست کردن و ڕێگری لە خەبات و چالاکی سیاسی کۆر و کۆمەڵە سیاسی و نا سیاسیەکانی بەشەکانی کوردستان کە تەنیا لە بەرژەوەندی داگیرکەران کوردستان و هاوئاقار و هاوتەریبە لەگەڵ دەزگا سیخوڕۆ و داپلۆسێنەرەکانیانە ، خزمەت بە کێ ئەکات و لەمەش گرینگتر کێ هەڵی ئەسووڕینێ . کام یاسا و ڕێسای پەسەند کراوی ناونەیەوەیی ڕێگە بە وەها دەس تێوەردانێکی دەرەکی لە کاروباری ناوخۆیی وڵاتێک ئەدات . پ ک ک بەو پێناسە تورکی یەوە و بەو ئارمانج و ستراتیژی یە سیاسی یەوە ، بە ئاشکرا یاسای نێونەتەوەیی ئەشکێنێ و هیچ دوور نیە کە لە داهاتوودا تووشی بەزمی لێپرسینەوەی دادوەری ناودەوڵەتی بێتەوە و ئەمەش ببێتە سەرباری تەوقی تێروریستی کە بە هۆی هەڵپەی سەرچلانەی خۆیانەوە لە ئاورووپا ، کەوتوەتە ئەستۆیان .

پ ک ک تاکە هێزێکە لە مێژووی کۆن و نوێی کوردا کە پێوەندی مێژوویی – نەتەوەیی کورد لە دژی بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی کورد بە ئاشکرا بەکار ئەهێنێ و زۆر زەقتر و کاریگەرتر ، کارەساتەکەی باشوور و شۆڕشی بارزانی دووپات ئەکاتەوە . شەڕی ناوخۆیی و دووبەرەکی سیاسی و ئادیۆلۆژیکی شۆڕشی باشوور لە ٦٠ کانی سەدەی ڕابردوو ماکی ئەو دیاردە ناشیرین و نەخوازراوەی ئەو سەدەمە بوو کە خۆدی بارزانی وەک پەڵەی شین بۆ خۆی و بۆ کورد ئەی نرخاند . ئەوەی پ ک ک کردوویەتی و ئەیکات جیاوازە لەو کارەساتەی باشوور هەم بە ناوەرۆک و هەمیچ لە ڕێکاریدا . بەڵام هەمان پەڵەی شینە بۆ کورد لە ئاستێکی فرە بەربڵاوتر و زۆر کاریگەرتر و هێشتاش پێیان نەزانیوە و بە گەرمە لە سەری ئەڕۆن .

تەونێکە پ ک ک ی تێوەگلاوە ، واتە دەس تێکەڵیان وەگەرد داگیرکەران ، ئیستا بووەتە تەونێکی گەورە و گران بۆ گشت کوردستان و بزاڤی نەتەوەیی کورد لەم بارودۆخە لەبارەی کە مێژوو بۆ کوردی ڕەخساندووە . ئەگەر یەک هۆکار بتوانێ پ ک ک تووشی مەترسی سوور و لەناو چوونیان بکات ، ئەوە ئەو تەونەیە کە گرێیان ئەدات بە داگیرکەرانی کورددستانەوە . ئەو لایەنە تایبەتی یەی پێوەندی پ ک ک وەگەرد داگیرکەریەل کوردستان کە بۆ دەس تێوەردانی ناڕەوا و نابەچی لە کاروباری بەشەکانی کوردستان و لە بەرژەوەندی داکیرکەرانە ، گەمەیەکی پڕ لە مەترسی یە بۆ کورد و پ ک ک ئەبێتە یەکەم قوربای ئەو بابەتە گەمەیە .

## گەمە و جەفەنگی کانتۆن بازی پ ک ک جە ڕۆژئاڤای کوردستان

وەکی باس کرا ، بە مەبەستی لیکدابران و پارچەپارچەکردنی یەکانگیری و یەکیەتی خاک و خەلکی کوردستان لە روژئاوا ، عارەبی سوری و بەتایبەت بەعسی سوری هینای عارەبی وەک پواز لە نیوان شارو شاروچکەکانی کوردستان چەقاند و لە ماوەی ساڵانیکی دورودریژا توانی ئەو بەشەی کوردستان پچڕ پچر بکات و یەکیەتی نەتەوەیی و نیشتمانیی و خاکی کوردستان ، هەتا ڕادیەکی کاریگەر لە ئارادا نەهێڵی . ستراتیژی عارەباندی کوردستان وەک ئەوەی کە محەمەد تەلب هەلال دای ڕشتبوو ، چەند قۆناخی سەرەتایی بە سەرکەوتویی یەوە بڕی و ئاکامەکەشی ئەو لەت و پەت کردنەی خاکی کوردستانە کە لە نەخشەی کانتۆنەکانی پ ک ک دا بە ڕوونی دیارە .

پێشتر قەیران و شەڕی ناوخۆیی و هەروەتریش قەیرانی ناوچەیی وەک ئەوەکەی لۆبنان ، تا ڕادەیەک ڕەوتی عارەباندن و ستراتیژیەکەی بەعسی لە کوردستان خاو کردەوە . زۆرێک لە شارەزایان لەو بڕوادان کە ئەگەر ئەوان قەیران و سەرقاڵیە گرانانە نەبان ، ئەوە ئەوە ندە کورد و کوردستانەش لە ڕۆژئاڤادا ماوەتەوە ، ئێستا نەدەمان . هەرای ئەم دوایانەی سووریە و بەهارە عەرەبیەکەی ڕۆژئاوا و گۆڕانی بە شەختەی عەرەبی ، دەسەڵاتدارانی بەعسی سووری تووشی شەڕی مان و نەمان کرد و ئیتر وەک جاران سەری عارەباندنیان نەئەپەرژایە سەر کورد و کوردستان . بەعسی سووریش لە بنا گوێی ئیسرائیل دا هەمان چارەنووسی بەعسی عێراقی لۆ دیاری کراوە و جیگە و شوێنێکی لە جیهانی سیاسی ئیمڕۆی مرۆڤایەتیدا بۆ نەماوەتەوە . تیابردنی بەعسی عێراقی ڕاستەوخۆ لە لایەن ڕۆژئاواوە و هەروسا ژی هەرای بەهاری عەرەبی و شەختەکەشی ، دەق لە ستراتیژی دریژخایەنی ڕۆژئاوادایە و ئەوەی کە مەبەستیانە ، یەک لەوانە تیابردنی بەعسی سووری ، بە دڵنیایی یەوە ئەی پێکن و گومانی تێدا نیە و ئەوەش کە ماوەتەوە و ئانکو

لەوانەیە تا ماوەیەکی دیکەش بمێنێتەوە ، کێشەی زەمان و کاتە و تەنیا بە کات و زەمان چارەسەر ئەکرێت . دیارە خێرایی و بەر و دوا بوونی کاتەکەش بەستراوەتەوە بە یاری و گەمەی سیاسی لە ئاستی جیهانی و ناوچەیی و یاریکەرانی ئەو گەمەیە .

ئەزموونی باشوور نیشانی ئەدات کو کز و لاواز بوون و لە ئاکامدا تیاچوونی دەسەڵاتی ڕەشی بەعسی لە بەرژەوەندی کورد و دۆزە نەتەوەیی یەکەیدا ئەشکێتەوە و کورد بواری ئەوەیان لۆ ئەڕەخسی کە بەرپەرچی دەیان ساڵ کاولکاری و کۆمەڵ کوژی و دوژمنکاری بەعسی بدەنەوە و خاک و نیشتمان و خەڵکەکەیان لە پاشەڵ پیسیی و ژار و ژاراوی بەعسی – عەرەبی پاک بکەنەوە و کوردستانە کەون ئاراکە بە ئاکار و فەرهەنگی کەڤن ئا مرۆڤایەتی ڤەژێنن . دیسا ژی هەر لەم پێکیەشە کە ئەبینین کە تەنانەت هێندەک خاو بوونەوەی ملهۆڕی کەمالیستی ڕەگەزپەرەست لە تورکیە دەروویەکی هەر چەند بچووک و بەرتەسکیش بیت پەی کوردیەل ئاوەڵا کردوەتەوە . دەبا ئەمەش نوخشە بی لە ڕۆژهەڵاتیش و کوردەکەو ماچۆ خوا بەزەیێکی پیاندا بێتەوە و لایەکیان لێ بکاتەوە و بڕێک قورسایی کوت و نیری داپڵۆسێنەری مەلای شێعەگەری سەفەویان لە سەر سڤک بکاتن .


قەیران و ئاژاوەی سیاسی سووریە لە درێژەی شەختەی عەربی ، بناغەی دەسەڵاتی بەعسی لەو وڵاتە تاعوونی بەعس لێدراوەی خستە لەرزین و ئاسۆی مانی لێ لێڵ و کوێر کردوەتەوە . وەک چاوەڕان ئەکرا سەرەی بەعسی سووریش هات کە بنە و دەواری خوێناوی خۆی لە سەر جیهانی مرۆڤایەتی بپێچێتەوە و و گۆڕی گوم بکات . بڕە هۆکارێکی ناوچەیی و ناوخۆیی و هەروەتریش جیهانی ، قەیرانی سیاسی سووری ، پترلەوەی چاوەڕوانی لێ ئەکرا ، قووڵتر و درێژخایەن تر کردوەتەوە . ئەوەی پێوەندی بە باسەکەی ئیمەوە هەیە ئەوەیە کە کورد لە ڕۆژئاڤای نیشتمانەکەماندا ، هاو تەریب و هاوشێوە وەگەرد باشوور ، دەرەتانێکی مێژوویی لۆ ڕەخسا کە نەک هەر پشت ڕاست بکاتەوە بەڵکو بەرپەرچی پاشەڵ پیسیی بەعسی لە کوردستان بداتەوە و ئاسەواری قرێژی بەعس و بەعسایەتی لە نیشتمانەکەی بە سەرکەوتویی بسڕێتەوە . ئەوەی چاوەڕوان ئەکرا ئەوە بوو کە کورد لە ڕۆژئاوا بکاربێ کو نە بە تەنێ بەرپەرچی عارەباندنی کوردستان بداتەوە بەڵکو ئەو ڕەوتە دژە کوردی یە هەڵ بگەڕێنێتەوە و کوردستان لە وەیشوومەی عارەباندن پاک بکاتەوە و لە ئاقاری ڤەژاندنا کوردستانی کەڤن و کەڤن ئارا هەنگاو هەڵ بگرێ . ئەگەر هەتا دوێنێ دەسەڵاتە ئەهریمەنیەکەی بەعس بیناقاقای کوردی گرتبوو ، ئەوە ئیتر ئەو دێوەزمەی ڕەشەکوژی و دژە مرۆیی یە بواری ئەو ئاکار و کردەوە دژە کوردی یەی جارانی لێ بڕا و کورد ، کوردەکەو ماچۆ ، گیانێکی هاتەوە بەبەرا و رۆژی کوردان هات .

گرینگی ئەو هەلە مێژوویی یەی ڕۆژئاڤا کاتێک باشتەرتەر خۆیا ئەبێتن کو ئەو دۆخە لەبارە گرێ بدرێتەوە بە دۆخی باشووری کوردستان و هەروەتریش ئەوەکەی باکوور کە نیری ڕەگەزپەرەستی کەمالیستی دژە مرۆیی تا ڕادەیەک لە سەرشانی باکووریان سڤک تەر بووگەسەوە . ئەمانەش هەموو بەستراوی دۆخی گشتی ناوچەکە و لەمەیچ بەرفرەتەر دۆخی جیهانین کە بەتێکڕا لە بەرژەوەندی دۆزی نەتەوەیی کوردیەل تواو ئەبێتن . جە مێژووی کۆن و نوێماندا ئەمە یەکەم جارە کە کورد هەلێکی وسا ڕند و قنجی لۆ دەست ئەدات . گەر بووشین کە قوناخێکی نوێی مێژوویی لە مێژووی کوردستانا دەستی پێکردوە ئەوە زۆر لە ڕاستی دوور ناکەفینەوە و ڕاستی یەکانی ژیانی ئێستامان ئەی سەلمێنن . هەتا شۆڕشی باشوور بە سەرکردایەتی بارزانی گاورە ، کورد بە ئاواتی ئەوەوە بوو و پێویستی بەوە بوو کە جە هەمبەر دەوڵەتۆکە دەسنیاکانی عەرەب و عەجەم و تورک ، بتوانێ جووڵانەوەیەکی گشتی و سەرتاسەری لە بەشێکی بەستراوە بە یەکێک لەو دەولەتۆکانە ڕێک بخات . شۆڕشی باشوور و بارزانی پێداویستی و ئارەزووی ئەو قۆناخەی ژیانی سیاسی کوردیان هێنایە دی . ئەگەریش ئاستی بەشداری و چالاکی کوردی ڕۆژهەڵات و حزبی دێمۆکڕاتی ئەودەم لە ژێر سەرکردایەتی عەبدوڵای ئیسحاقی ( ئەحمەد تۆفێق ) و هەر وەها بەشداری کارا و چالاکی کوردی ڕۆژئاڤا لە سەرەتا و دەسپێکی ئەو شۆڕشە وەک ڕاستی مێژوویی لە بەرچاو بگرین ، ئەوە ئیتر ڕوون ئەبێتەوە کە ئەو شۆڕشە ، شۆڕشی هەموو کورد بوو. بەشداری کوردی ڕۆژهەڵات لە شۆڕشی باشوور لەو ئاستەدا بوو کە بارزانی ئەگوت ئەو شۆڕشە هی ڕۆژهەڵاتیانە . هەر وەها بارزانی وەک پێزانین ئەوەشی دەربڕی بووکە کامەران بەدرخان سەرۆکی کوردە . کورد باکووریش لە ژێر نیری پیسی کەمالیستیدا دیسا ئالیکاری شۆرشی باشووریان ئەکرد و هیوایەکی زۆر گەورەیان پێ بەستبوو و تا رادەیەک تەڤ ڤێ شۆڕشێ بوون . ئاپێ مووسا ئەنتەر مینا هێمای ژیلەمۆی هێژ زیندووی فێرگەی کوردێنی جە باکوور، گرێدراو بە فێرگەی ڕۆژئاڤا نەخاسما کامەران بەدرخان ، تەڤ شۆڕشا باشوور بوو . ( قاسملوو بەری یەکبوونی کوردانەی ئاپێ مووسا و کامەران بەدرخانی بەر کەوت و لە فەرانسە بواری خوێندنی لۆ ساز کرا کە قەت باسی نەکرد ، وەک ئەمەگ ) . ئەمانە هێمای مێژووییین لۆ ئەوەی کە شۆرشی باشوور ، شۆڕشی کورد بە گشتی بوو ، هەر هیچ نەبێ لە سەرەتاوە و پێش ئەوەی کە وەیشوومەی شەڕی ناوخۆیی سەرهەڵدا . کارەساتێکی فرە گەورە و گران کە بە سەر کوردا هات ئەوە بوو کە شۆڕشی باشوور بەربەرە ئەو ئاکارە کوردستانیەی لە دەست دا و بنەمای شکانی خۆی ساز کرد و هێگجار زۆر و گران بە سەر کوردا شکایەوە و ئاسەواری نەرێنی ئەو کورت هێنانەی کورد هێژ ژی ماگە و کورد بە دەستیەوە ئەناڵێ .

بارزانی و هەژار و مام جەلال و ئەحمەد توفیق



بەشداری کامەران بەدرخان لە کونگرەی ٨ پارتی لە حاجی حومەران




پێشمەرگەکانی ڕۆژهەڵات لە شۆڕشی باشوور





پاشان بە دوای شکان و هەرەس هێنانی شۆڕشی باشوور، زۆری نەخایاند کە کوردی ڕۆژهەڵاتیش بواری هەڵسانەوە و جووڵانەوەی لۆ ڕەخسا ، پاش هەڕفیانی ڕژیمە پۆخڵەکەی قولیزادەی عەجەمان . شۆڕشی کورد پێی نایە قوناخێکی نوێی مێژوویی یەوە کە تێیدا بە لانی کەمەوە دوو بەشی باشوور و ڕۆژهەڵات هاوکات کەوتنە مەیدانی شۆڕش و خەبات . دواتریش باکوور جووڵا و خەونە دێرینەکەی کورد هاتە دی . ڕۆژئاواش وەک هەموو مێژووەکەی دەری ئەخات قەڵای بەهێزی کوردێنی بوو . کوردی خوراسانیش لەو قوناخە دیرۆکیەدا گیانێکی رەسەنی کوردانەیان هاتەوە بە بەرا . با ئیتر باسی کوردیەل ئەرمەنستان و کازاخستان و مسکۆیچ و فێرگە خوەش ناوەکەی قەناتی کوردۆ و پەروەدەکراوەکانی ئەو فێرگە بە وەجە بوەستی کە هەمیشە بەشێکی کارا و کاریگەری بزاڤی نەتەوەیی کورد بووگن و هەن و ئەش بن ژی .

ئەفسانە و داستانی کەڤن ئارای مان و هەر بوونی کورد ژیایەوە و خەونی گڵاوی دوژمنانی ئەم خەڵکە کەوئارایەی ، هەر لە دارێوش وخەشایاری ئەخمەنەوە بگرە هەتا بازرگانانی چاوچنۆکی عەرەبستان و تا دەگاتە تورک و تارتار ومەغوولە هێرش کەر و داگیرکەرەکانیان پووچەڵ کردەوە . ئەمە ماکی مێژوویی دۆزی نەتەوەیی کوردە کە لەم سەردەمەدا دیسان سەرڕای باری گران و پڕووکێنەری داگیرکاری ، بەهێزتر جە جاران سەری هەڵداوەتەوە . ڕاستە کە دۆخی تایبەتی هەنووکەیی ئەم بوارەی لۆ کوردان ڕەخساندوە ، لێ مەرجی یەکەم ، بوونی ئەو ماکە مێژوویی یەیە ئەگینا هەر ئەم بوارە لۆ خەڵکی دیکەش مینا عەرەب و عەجەم ڕەخسا و ئەبینرێ کە عەرەب چیان لێ بەسەر هاتووە و لە ناو جەرگەی ئەم دۆخەدا ، هەڵدانیان ، بە داعش بە سەریاندا شکاوەتەوە . عەجەمیش لەم دۆخ و هەل و مەرجە نوێیەی ئێستایاندا گەڕانەوە بۆ چاخە ڕەشەکەی سەفەویی لە مێژوویاندا . تورکی عوسمانلی وەک سەرتۆپی دەسەلاتی تورکایەتی ، ئەوەی هەیانە و نیانە ئەوەیە کە خەونی نەزۆکی سەردەمی بە سەرچوو و پەککەوتەی عوسمانلی یەکەیان ببوژێیننەوە و تازە بە تازە بایان داوەتەوە بۆ بیرۆکەی درۆزنانەی ئایینی ئیسلامی تورکانەیان و ڕقەبەری و ڕکەبەری وەگەرد وەهابی یەل عەرەبستان ئەکەن لەم بوارەدا . لە سونگەی ئەم راستیە حاشا هەڵ نەگرەوەیە کە ئەبینین کە کورد بوەتە پارێک ژ جیهانی پێشکەوتووی جیهانی مرۆڤایەتی و بەباشی و سەربەرزیەوە لەو جیهانەدا جێگەی خۆی گرتووە .

ئاقاری گشتی دۆزی نەتەوەیی کورد ئەمەسە و ئەرک و فرمانی مێژوویی یەکەشی دیارە ، ژیانەوەی کورد و کوردستان وەک یەکێک لە ماڵە کۆنەکانی مرۆڤایەتی یە کە هەموو مرۆڤێک تێیدا بحەسێتەوە . ئەوەی کە ئێستا زەقە لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردا ئەوەیە کە باشووری نیشتمانەکەمان لەم ئاقارە مێژویی یەوە هەنگاو هەڵ ئەگرێت و هەیا نها ژی باشیان هێناوە ، سەرەرای ئەو هەمووە کۆسپ و تەگەرەی کە وەک پاشاخوڕی داگیرکراویی هێژ لە سەر ڕێگەیەتی و شەڕی نیشتمانیی لە دژی هۆڤانەکانی ئیسلامی –

عەرەبی داعش یەخەی گرتووە . لە هەل و مەرجێکدا کە بزاڤی کوردێنی لە ڕۆژهەڵات تووشی نەکسە و پاشەکشێی گاورە بووە و باکووریش بە ناو قەیرانێکی قووڵ دا تێ ئەپەڕێ ، دۆخی ڕاپەڕیوی ڕۆژئاوا دەبا وەک هۆکارێکی یارمەتی دەری کاریگەر بۆ بزاڤی نەتەوەیی کورد دەوری گێڕابا . لە هەمووان خویایە کو ڕۆژئاڤا نها وان دەور و گەڕ ناگێڕی و هوندرێ خوەدا تووشی قەیران و ئاڵوزی فرە قوویل بووگە . هۆکاری ئەوەش کە ڕۆژئاوا ناتوانێ ئەو دەورە بگێڕی لە گشت کەس ئاشکرایە کە پ ک ک یە .

پ ک ک دژ بە ڕەوتە مێژوویی یەکەی کوردستان و لە دژی بەرژەوەندی گشتی و باڵای نەتەوەیی کورد ئەجووڵێتەوە . دەوری پ ک ک لە ڕۆژئاوا ، پاش قەیران و ئاڵوزی سیاسی سووریە ، هەمان دەوری پێش قەیرانەکەیە . تێکرای زانیاری و ڕووداوەکان ئاماژەیان بەم ڕاستی یە یە . بە قووڵ بوونەوەی قەیرانی سووری ، بەعسی یەل گەیشتنە ئەو دۆخەی کە کێشی پاراستنی وڵاتەکەیان بە گشتی نەما . ستراتیژی دەس تێوەردانی تورک ، بە ئایدێلۆژی ئیسلامی سوننی یەوە ، لە سەرەتای قەیرانی سووری دا ، ئەو کات هاوتەریب وەگەرد ئامریکا و ئاورووپا ، بەرەو ئەوە ئەچو کە ناوچە کوردنشینەکانی سەرسنووری سووریا وەگەرد تورکیە لەو وڵاتە دابڕێت و بکرێنە ناوچەی ئارام بۆ خەڵکی لێقەوماو و پێگەی بەڕیوەبردنی پێلانی ڕووخانی ڕژیمە بەعسیە عەلەوەیەکەی بەشار . ئەمەش ڕووکاری ئاشکرای شەڕی عوسمانی و سوفەیی سەردەمی نوێ یە . لەم سونگەوە بەعس وەک دژە کاردانەوەی ئەو پێلانەی تورک و ڕۆژئاو ، ئەو ناوچە پچڕ پچڕانەی کوردیان چۆڵ کرد بۆ پ ک ک و کارو باری بەڕێوەبەریان بە ڕواڵەت ڕادەستی ئەوان کرد . بەم کارە ، بەعس بە کردەوە ستراتیژی تورکی سوننی نەیاری لە دژی خۆی پووچەڵ کردەوە ، بە بەکار هێنانی کوردی ڕۆژئاڤا و پ ک ک ی زاڵ بە سەریاند . کورد و کوردستان لە ڕۆژئاوای نیشتمانەکەمانا ، لە ژێر کاریگەری وەیشوومەی بەعسی و سیاسەتی عارەباندن و پەرژینی عەرەبی لەت و پەت کرابوو و یەکیەتی خاک و خەڵکی کوردستان تێک چووبوو . کز و لاواز بوونی دەسەڵاتی سیاسی دزێو و دژە کوردی شام دەبا بەوە بۆ کورد بشکاێتەوە کە کورد لە یەکەم هەنگاوی دا ئەو ئاریشەیە چار بکات و بەعسیش ئیتر ئەوە نەمابوو کە ببێتە کۆسپی سەر ڕێگای وەها فرمانێك . ئەوەی جێگەی چۆڵی بەعسی لەم کێشەدا پڕ کردەوە پ ک ک بوو کە بە ڕێخستنی گەمەی کانتۆن بازی ، ئەو لێکدابڕاویی یەی خاک و خەڵکی کوردستانی نەک هەر درێژە پێدا بەڵکو بە یارمەتی بەعس و لە درێژەی سیاسەتی بەعسی بە گوێرەی گەمەی سیاسی بەعس ، بوونەتە کۆسپی سووری وەها یەکگرتنەوەیەکی خاک و خەڵکی کوردستان لە ڕۆژئاوای نیشتمانەکەماندا . چاوەڕانی ڤێ چەندێ ژ پ ک ک نایێتە کرن کو بکاربن ژ ولۆ گەمەێیکی سیاسی وەک پێویستە تێ بگەهن . لێ سەرکردایەتی کورد لە باشوور دەبا هەر زوو ناوەرۆکی ئەو گەمە سیاسیەی نێوان تورکی سوونە و عەرەبی بەعسی عەولەویان لە ئاستی قەیرانی هەنووکەیی ناوچەکە ، تاوتو بکردبا و وەک هۆکاری سەرەکی ئا ئێکەمین ژ بۆ گەمەی کانتۆن بازی پ ک ک و مینا چاوکانیا ئاریشەێن بزاڤی کوردێنی ، لێکیان بدایێتەوە و وەگەردی وەک پێویست و وەک شیاویەتی هەڵس و کەوتیان بکردبا .

سەیرێکی سەر پێی ئەو سێ کانتۆنەی پ ک ک لە ڕۆژئاڤا و تەنانەت ناوەکانیان دەری ئەخات کە ئیتر شتێک بە ناوی کورد و کوردستان و گەل و نەتەوەی کورد وەک خاک و ولات و نیشتمان لە ئارادا نیە و جا ئەگەر ئەمەش تێرا سیاسەتی بەعسی نەکرد ئەوەتا تەنانەت کۆر و کۆمەڵە سیاسی یەکانی پ ک ک وازیان لە ئاڵا و تێکڕای هێما نەتەوەیی یەکانی کورد و هەر وسا ژێ ناوی کورد و کوردستانیچ هێناگە ، وەک بێژی کە هێشتا لە ژێر نیری کەماڵیستی دان و ناوەکە نائاسایی و نایاسایی یە لۆیان . ماک و ناوەرۆکی جەفەنگی کانتۆن بازی پ ک ک لە ڕۆژئاڤا ئەوە دەرئەخا و ئەوە ئەسەلمێنێ کە بۆچوونی ڕەگەزپەرەستانەی بەعسی لە مەر کوردان وەڕاس ئەگەڕی و کورد و کوردستانێک مینا نەتەوە و ولات لە سووریە نەبووە و نیە و ئەوەتا کە ئێستا کە خۆیان وەک پ ک ک وڵاتیان بە دەستەوەیە ، باسێک لە کورد و کوردستان وەک نەتەوە و نیشتمان ناکەن و ئەوەی کە وەپی ئوشن کورد و کوردستان ئەو یەک دوو شار و شارۆچکە لێک هەڵبڕاوەیە کە دیارە نە کێشی ئەوەی هەیە وەک نەتەوە و وڵات بجووڵێتەوە و نە مافی ئەوەشی هەیە گۆڕ گشت یاسایێکی ناونەتەوەیی پەسەندکراو . گەمەی کانتۆن بازی پ ک ک لە ڕۆژئاڤا ، کورد و کوردستانی لە ئاستی نەتەوە و نیشتمانێکی کەو ئاراو و گرێدراو بە نیشتمانی گشتی کوردان دابەزاندوەتە سەر ئاستی نزمی خەڵکێکی بێ ناسنامە و بێ ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی کە دەق هەمان بۆچوونی بۆگەنی تەلب هەلالە لە مەڕ کوردان . تەلب هەلال وەک ڕەگەزپەرەستێکی عەرەب ، کورد بەو شێوە ئەنرخێنێ و پ ک ک ش بە کردەوە بیرۆکە ڕەگەزپەرەستانەکەی بۆ پشت ڕاست ئەکاتەوە .

ستراتیژی گشتی عەرەبی – بەعسی لە مەر کوردان ئەوە بوو کە کورد لە نەتەوەیەکی کۆن و کەونئاراوە بکەنە کۆمەڵیك خەڵکی بێ ناسنامەی مێژوویی و لەت و کوت کراو . تێکڕای سیاست و پلان و پیلانی عارەباندنی کوردستان لە لایەن عرووبەوە ئەوە بوو کە کورستان بەو شێوەی کە لە کۆتایی دەسەلاتە نگریسەکەیاندا ئەبینین ، بە خەڵک بناسێنن و خۆیان بکەنە خاوەن ماڵی بەناو نیشتمانی عەرەبی یەکەیان کە میراتی ئیستعمار و ئیمپریالیزمی سەرمایەداری یە لۆیان . پ ک ک ش ئێستا لە نەبوونی ئەوان ڕەگەزپەرەستێن عەرەب ، بە تەمایە ئەو دەسکەوتەی عرووبە لە ڕۆژئاڤا لە چوارچێوەی کانتۆنەکانیدا بپارێزێ . جەفەنگی گەمەی کانتۆن بازی پ ک ک لە ڕۆژئاڤا تەنیا بەمەش ناوەستێ کە میراتی عرووبەی بەعسێ سووری وەک خۆی بهێڵێتەوە بەڵکو تەنانەت داهاتووی کوردیشی بەو گەمە قرێژەی ئەخاتە بەر مەترسی تیاچوون . کارەساتی کۆبانێ بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە پەرژینی عەرەبی و عرووبەی ڕەگەزپەرەستی دەق وەک سەردەمی دەسەڵاتداریەتی بەعسی فاشیست ، دەورەی ئەو بەناو کانتۆنانەیان داوە و ئەوە ئیتر تەنیا کێشەی کات و زەمانە کە ئەیان هێڵێتەوە ئەگینا ئەوەتا ئەبینرێ کە پوازی عەرەبی – بەعسی بە هۆرە و پوازی عەرەبی – ئیسلامی داعش گۆڕاوە و هێرش بۆ سەر کۆبانێ جارێ یەکەم هێرشیانە و ئەبێ چاوەڕانی ئەوە بین کە هەر کام لەو بەشە پچڕ پچڕەی کانتۆنەکانی پ ک ک بکەوێتە بەر پەڵاماری هۆڤانانەی داعش . وەک لە کارەساتەکەی کۆبانێ ڕا دەرکەوت ، کێش و وزەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و سەربازی کانتۆنەکانی پ ک ک ئەوە نیە کە بەرگەی پەلاماری هۆڤانەکانی داعش بگرێت . ئەو کانتۆنانە و ئەو شێوە و شێوازە لە

دامەزراندن و بەڕێوەبردنیان ، کارەسات لە دوای کارەساتی بۆ کورد بە گشتی و بۆ کوردی ڕۆژئاڤا بە تایبەتی لێ شێن ئەبێت و پ ک ک ، کورد بەرەو دۆڕانێکی گەورەی مێژوویی ئەبات .

ژ هەر کەس ڕا خویایە کو هێز و کێشی داعش لە ئاستی دەوڵەتی دایە و سەرەرای شکان و پاشەکشێی لە بەرانبەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە باشوور ، هێژ ئەو کێشە دەوڵەتی یەی هەس و لەوانەشە لە داهاتوودا پتر هەڵ بدات و ناکرێ ئەو ئەگەرە لە بەرچاو نەگێرێت . لەوانەیە کە هەر ئەم ڕاستیە بووبێتە هۆی ئەوەی کە ئامریکا و ئاورووپا خۆیان لە شەڕی ڕاستەوخۆی داعش ئەدزنەوە و کوردەکەو ماچۆ بە دوورە تەقەی ئاسمانی بەسیان کردووە . سەرهەڵدان و بوون و مانەوەی داعش بەستڕاوەتەوە بە گەمەی سیاسی لە ئاستی ناوچەیی و تەنانەت جیهانیش و کۆمەڵیك یاریکەری دیار و نادیار وەگەردی ئەلیزن . گەمەی کانتۆن بازی پ ک ک لەو ئاستە سیاسی و سەربازی و ئابووری یەدا نیە کە بتوانێ مل دە ملی داعش بنێ و بەرپەرچی بداتەوە . کانتۆنەکانی پ ک ک لە ڕۆژئاوا بە کردەوە لە ژێر گەمارۆی داعش دان و تەنانەت ڕێگای هات و چوو و دان و سەندنیان وەگەرد یەکتر نیە و ئەشی لە ڕێگای باکوور ئانکو تورکیەوە دەستیان بە هەڤوودوو بگات . لەو کارەساتەی پ ک ک و گەمەی کانتۆن بازی یەکەی ، بە سەر کۆبانێ دا هێنا بە جوانی دەرکەوت کە کۆبانێ لە هەمبەر هۆڤانەکانی داعش دا بەو کێشە سەربازی یە دەوڵەتی یەوە ، بە تەنیا مایەوە و دەستی یارمەتی کەسی نەدەگەیشتێ و بینیمان کە تورکیە و سیاسەتی تورکانەی ئەو وڵاتە ، تەنیا ڕێگا لۆ هەر چەشنە ئالیکاریەک پەی کۆبانێ بوو . ئەوەش کە تورک ئەو ڕێگەی لۆ کورد و پێشمەرگەی باشوور کردەوە ، لۆ چاوی جوانی کورد و کۆبانێ نەبوو وەک کورد ئێژنی و بیگومان ئاکامی دان وسەندنێکی سیاسی و ئابووری نێوان باشوور و تورکیە بوو و کورد لە باشوور ئەشی باجێکی باشی بە تورک دابێت کە دواتر هەر هەمان پ ک ک و هۆگرانی ، بێ ئەمەگانە و بە سپڵەیی یەوە ئەیکەنە هەوێنی لۆمە و سەرکۆنە بۆ سەر سەرکردایەتی کورد لە باشوور پەی خاپاندنی خەڵک .

ئەگەر لە ئاستێکی بڕێک قووڵتر و بەرفرەتەردا سەیری کارەساتەکەی کۆبانێ بکەی ، ئەوە دەرئەکەوێت کە ئەو شارۆچکەی کوردان لە ڕۆژئاڤا بوو بە قوربانێ گەمەی سیاسی لە ئاستی ناوچەیی و تەنانەت جێهانیشدا . سەرکردایەتی کورد لە باشوور لەوپەڕی لێزانی و هۆشیاری سیاسی دا توانی ئەو گەمە قرێژەی سیاسەت بازانی ناوچەیی و جیهانیش بە قازانجی کورد و دۆزی نەتەوەیی کورد بشکێننەوە . پ ک ک ش لە ژێر گوشاری مان و نەمانیاندا ملیان بە ڕێکاری کوردانەی باشوور دا و تەنانەت مل کەچی کۆبوونەوەکەی دهۆک یش بوون ئەگەر بۆ کاتێکی کورتیش بووبێت . بەڵام زۆری نەخایاند کە پاش ڕزگارکردنی کۆوبانێ و شکانی داعش بە دەستی هێزی هاوبەشی کوردی ، وەک باسیان ئەکرا ، پ ک ک گەڕایەوە بۆ پ ک ک ی جاران و تێکڕای دەسکەوەتی نەتەوەیی کوردی پووچەڵ کردەوە .

پێداویستی ژیاری سیاسی هەنووکەیی ڕۆژهاڤا ئەوسە کە تێکڕای وزە و کێشی سیاسی و کۆمەڵایەتی و سەربازی و پێشمەرگانەی ئەو بەشەی کوردستان بە یەکانگیریی یەوە یەک بخرێت و ڕێک بخرێت تاوەکو بتوانێ بە سەرکەوتویی یەوە جە هەمبەر نەیارانی دا خۆڕاگرێ و وەلامی مێژوویی سەدەمی ئێستا بداتەوە بۆ سەرجەم کێشە و ئاریشە سیاسی و کۆمەڵایەتی یەکانی . دۆخی دەسەڵاتداریی کورد جە باشوور ، مەزنترین هۆکاری یارمەتیدەرە ژ ڕۆژئاڤا را و دەکارێ هەم ببێتە هۆکاری پێشڤەچوونا ڤێ پار ژ کوردستان و هەم ژی بیکاتە هۆکارێکی بەهێز و کاریگەر لەبۆ پێشڤەچوونا دۆزی کوردێنی بە گشتی .  گەمە و جەفەنگی کانتۆن بازی پ ک ک نەک هەر بۆ ئەم مەبەستە پێک نەهاتووە بەڵکو دەق دژی ئەم پێدڤی و پێداویستی یە مێژوویی یەی ئێستای کوردستان بە گشتی  و ڕۆژئاڤای نیشتمانەکەمانە بەتایبەتی .

لە مێژە کە زۆرێک دەنگ و باسی جێی بڕوا بڵاو ئەکرێتەوە کە ئەی سەلمێنێ کە دەسەڵاتی گڵاوی بەعسی لەو کانتۆنانەی پ ک ک بنەبڕ نەکراوە و هێژ هێما و نیشانەی دەسەلاتداریەتی بەعسی فاشیست بە ئاشکرا پارێزراوە . هەر ئەم دەنگوباسانە ئەوە دەرئەخەن کە دەسەڵاتی ڕاستەقینە هێژ لە دەستی بەعسی یەکانە . هەرئەم بەعسیانەن کە کورد گوتەنی گەنمە سوورەکەی بەرهەمی دەڤەری قامیشلوو و جەزیرە بەرەو شام ڕائەگوێزن و خەوش و خۆڵەکەی بۆ کوردان بە جێ ئەهێڵن . هاواری خەڵکە کوردەکەش بەرز بووەوە و نانی پڕ لە خەوش و خۆڵی بەرهەمی کانتۆنەکانی پ ک ک ، تووشی سەرئێشە و مەترسی زۆری کردن . دیاردەیەکی سەیر لە ڕۆژئاوای کوردستان سەری هەڵ داوە و لەو دەڤەرە گۆشتی ماسی لە گۆشتی سووری ئاژەڵ هەرزانترە بە پێچەوانەی هەموو جیهان. ماسی یەکەش لە دەرەوەی کوردستان و لە لایەن عەرەبەکانەوە ئەبرێتە ناو بازاڕەکانی کوردستان . هیچ دوور نیە کە ئەمەش فێڵ و ڕێکارێکی بەعسی بێت پەی کزولاواز کردنی ئابووری کوردستان بەوەی کە ئاژەڵداری و پەروەدی ئاژەڵ و دابین کردنی گۆشتی سوور بخاتە بەر مەترسی بێ بازاڕی لەو هەل و مەرجە گران و سەختەی ڕۆژئاوای کوردستان .

مانەوەی دەسەڵاتی بەعسی لە کانتۆنەکانی پ ک ک و کردەیان لە مەڕ بەر و بووم و بەرهەمی کوردستان ، وەک کێشە گەنم ، خۆبەخۆ ئەو پرسیارەش ئەهێنێتە گۆڕی کە کاروباری نەوتەکەی جەزیرە کێ بەڕێوەی ئەبات ؟ گەر بەعس ئەوەندە دەستی بڕوات کە گەنمی کوردستان بەو شێوە ڕاگوێزێتە شام ئێتر نەوتەکەش کە لەم دۆخە قەیراناویی یەی ئێستای سووری ، بە کوردستانیشەوە ، گرینگی فرە زیاتری هەس ، ئەبێ هەر گەورەبەشانەی بەعس بێت و پ ک ک و کانتۆنەکانی دەسەلاتی بەسەریانا نەشکێتەوە و ئانکو وەک کێشەی گەنم دەری ئەخاتن ، کارئاسانیشیان لۆ بکەن . دەسەڵاتدارانی بەعس لە حەسەکە و قامیشلوو بە ئاشکرا داوای بەعسیانە لە خەڵک ئەکەن کە بەرهەمی کشت و کاڵیان بنێرنە شام و وەگەرد ڕژیم بەعسی بازرگانی بکەن . پرسیار ئەشی ئەوە بووت کە کوا و لە کوێن ئەو دەسەڵاتداری یەی کانتۆنەکانی پ ک ک ، دیمۆکراتیک ئانکو ژی نا ، و کاردانەوەیان جە هەمبەر بەعس لە سەرەمەرگیا  چیە ؟

دۆخی ژیانی ئاسایی کورد لە ناو کانتۆنەکانی پ ک ک گەلێک گرانە و ژیان پڕ بە زۆری دەرباز ئەبێتن . قورسایی شەڕی ناوخۆی و تێکڕای ئاکام گەلی قەیرانی سووریە زۆر بە خراپی بە سەر کوردا شکاوەتەوە و پ ک ک ش کێشی ئەوەی نیە کە ئاسان کاری پەی خوشگوزەرانی خەڵک دابین بکات ، تەنانەت ئەگەر دژ بە بەرژەوەندی بەعس بجووڵێتەوە . سروشتی جوغرافیایی کانتۆنەکانی پ ک ک و دۆخی گەمارۆ و ئابلۆقەدانیان لە لایەن عەرەب و بە تایبەت داعشەوە ، ئابووری ئەو کانتۆنانەی خنکاندوە و بوارێک ئەرای ڕەوتی ئاسایی ئابووری لەو ناوانە نەماوە ، جا وەی لە وەی باسی گەشەی ئابووری بکرێت کە بە تەواوەتی بێ واتا و پووچە. تەنیا دەڤەری جەزیرە بواری دان و سەندنی وەگەرد باشوور هەیە کە پ ک ک ئەویشی تاپۆ کردوەتە سەر خۆی و لۆ مەبەستی سیاسی بەکاری ئەهێنێ بۆ ناچار کردنی خەڵک لە پشتیوانی کردن لە ڕیبازە دژە نەتەوەیی یەکەیان . داوای بەعسیش لە جوتکار و وەرزێری دەڤەرەکە بۆ بازرگانیان لەگەڵ شام لەم ڕآستیەوە سەرچاوە ئەگرێ کە پەرژینە عەرەبیەکەی بەعسی بە زیندوویی ڕابگرێ و بەر بە تێکەڵی کوردی باشوور و ڕۆژئاڤا بگرێ . بەعس و پ ک ک لەم بوارەدا بە ئاشکرا یەکانگیرن و لۆ یەک مەبەست دەور ئەبینن . هەر دوو لا بەر بە تێکەڵی بەر فرەی کورد ئەگرن کە هەمان ئارمانج و ستراتیژی پەرژینی عەرەبی نگریسی بەعسیانە . لە درێژەی ئەم سیاسەتەی پ ک ک ، ئەم دەرووە ئابووریەی دەڤەری جەزیرە بوەتە هۆی ئاریشە و ئاڵۆزی لە نێوان باشوور و ڕۆژئاڤا و گەمەیەکی هەتا بێژی ناشیرین وەپێ ئەلیزن . باشوور هەندک جار بواری ئەوەی لە پ ک ک بڕی کە ئەو دەروویە تەنیا بۆ خۆی و مەبەستی سیاسی بەکار بهێنێ کە هات و هاواری پ ک ک ی بەرز کردوەوە و لۆ بانگەشەی دژی دەسەڵاتی باشوور و بەتایبەتی پارتی دێمۆکرات . ئەم ململانێ سیاسیە گەیشتە هەڵکەندی قووڵکە لە لایەن باشوورەوە بۆ مەبەستی بەرگری کردن لە هات و چووی پ ک ک کە دیارە پەڵەیەکی شین و ناشیرینە بۆ بزاڤی کوردێنێ و هیچ پاکانەیەکی بۆ نیە چ لە ڕوانگەی بەرژەوەندی نەتەوەیی یەوە چ لە روانگەی کاریگەر بوونیەوە بە کردەوە .

ئەوەی کو خویایە ئەوەسە کە کوردی ڕۆژئاوا ژیانێکی زۆر ناخوەش دەرباز ئەکەن لە ژێر دەسەڵاتی هاوبەشی بەعسی و پ ک ک و شێوازی دەسەڵاتداریەکەش بە تێکرا شەقڵ و مۆرکی بەعسی بە زەقیەوە پێوە دیارە لە هەموو بارێکەوە . بەعس چ بە هێما و ئاڵا و وێنەی نگریسی بەشاری خوێنڕێژ و چ وەک دەسەڵات ، هێژ بەسەر خەڵکا زاڵە . سرنج ڕاکێش ئەوەسە کە لە بەرانبەر ئەم ڕاستی یەدا ، ژیانی عارەبە داگیرکەرەکانی پەرژینی عەرەبی و کارگێڕانی دام و دەزگاکانی بەعسی لە کوردستان بەبێ هیچ سەرئێشە و ئارێشەیەک خوەش دەرباز ئەبێت . هەموو لایەک ئەوە ئەزانن و دەنگ و باسەکانیش پشت ڕاستی ئەکەنەوە کە دانیشتوانی عارەبی پەرژینی عارەبی لە ناو جەرگەی کوردستانا ، دوور لە قەیران و ئاڵۆزی سیاسی و ئابووری سووریە ئەژین و باسێک لە ئاوارەبوون و چۆڵ کردنیان لە ئارادا نیە ، بە پێچەوانەی کوردە داماوەکە کە گیرۆدەی دەستی پ ک ک ن . سەیرتر لەم دیاردە نامۆیە ئەوەیە کە ژمارەی ئەو عەرەبە داگیرکەرانەی کوردستان لە ناو پەرژینەی عەرەبی ، گەلێک زیادی کردوە و قەیرانی سووریە بووەتە هۆیەک بۆ پتەوتەرتەر بوونی پەرژینە نگریسەکەی بەعسی لە کوردستان . سەرەڕای فرەتر بوونی ژمارەی عارەبی داکیرکەر ، پێداویستی ژیانیان بە تەواوەتی دابین ئەکرێ و دیارە کە ئەبێ دەستی بەعسی لە پشت ئەم کارە بێت و پ ک ک ش کارئاسانی بۆ بکات . کابرای دەمڕاسی پ ک ک لە ڕۆژئاوا لە چاوپێکەوتنێکی دا لەگەڵ ئاژانسی فرانس پرێس دا ئێژی کە ئەو عارەبە داگیرکەرانە قوربای سیاسەتی بەعسین و ئەتوانن لە کوردستانا بمێننەوە و جەنابیان چ گرفتێکی لەگەڵیان نیە . جا ئیتر چارەنووسی تفت و تاڵی کوردانی قوربانی زەناری عەرەبی و ٢ ملێۆن دۆنم خاک و زەوی وزار و سامان و خاکە تاڵانکراوەکەی کورد و کوردستان بۆ ئەو جەنابە جێگایەکی نیە کە مشووریان بخوات . دیاریش نیە کە کێ ئەو مافەی پێ داوە لە لایەن قورەبانیانی زناری عەرەبیەوە بئاخڤێ .

ئەمە لە کاتێک دایە کە کورد بە هۆی تەوژمی سیاسی و ئابووری و سەربازی و شەڕەوە نیشتمانەکەیان چۆڵ ئەکەن بوونەتە پەنابەر و ئاوارە لە هەندەران . کورد بە گشتی لەم ئاریشەدا بە ڕاستی زۆر کورتی هێناوە و پ ک ک بەرپرسی یەکەمە بۆ ئەم کورت هێنانە. زۆربەی هەرە زۆری خەلکە بەدەربەس و مشوورخۆرەکەی کوردستان هاواری ئەوەیانە کە کوردستان چۆڵ و ڤاڵا نەبێت و داوا لە بەرپرسانی پ ک ک ئەکەن کە بەر بەو ڕەوتە پڕ لە مەترسیە بگرن . کەچی ئەوان بە ڕەچاوکردنی سیاسەتی چەکداری زۆرەملی و ڕفاندنی نێر منداڵ و کچانی کەم تەمەن ، پتر پاڵ بە گەنج و لاوەکانی کوردستانەوە ئەنێن بۆ خۆدەربازکردن لەو تەونەی پ ک ک و لە بەری هەڵ دێن و نیشتمانەکەیان چۆڵ ئەکەن . گرتن و لێدان و زیندانی کردن و تەقەکردنی ناجوانمێرانە لە خەڵکی بێزار و کوشتنیان ( وەک ئەوەی لە عامودێ کردیان) کارەبا و ئاو بڕین لە دانیشتوانی گوندەکانی کوردستان ، بە تێکڕا دەسەلاتی قەرەقوشی بەعسیانەی پ ک ک و بەعسی بوەتە هۆکارێک کە ڕاستەوڕاست لە خزمەوتی سیاسەتی دوێنێ و ئیمڕۆی عرووبەی بەعسی ڕەگەزپەرەست و فاشیست دایە بەوەی کە ئەوەندە کوردەی کە لەو نیشتمانە لەت و پەت کراوە ماوە ، بەرەو کۆچ کردن و چۆڵ کردنی کورستان پاڵ پێوە ئەنێ . محەمەد تەلب هەلال بمابا ، دەبا دەسخۆشی لە پ ک ک بکات کە کوردستانەکەی بۆ چۆڵ ئەکات وسەرئێشەی کێشەی کورد لەو بەشەی بەناو نیشتمانی عەرەبی لێ دوور ئەخاتەوە .

لە درێژەی دەسەلاتی بەعس و لە سەر هەمان فیت و فیات ، پ ک ک دۆخێکی وەها نالەبار و تژی هەڕەشە و گوڕەشەی لە ڕۆژئاڤای کوردستان پێک ئافراندوە کە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی شۆڕشگێڕ و ڕۆشنبیر ناوێرن بگەڕێنەوە نێشتمانەکەیان . پاوانخوازی سەرەڕۆیانەی پ ک ک شتێک نیە کە بەڵگەی لۆ بهێنرێتەوە و وەک ڕۆژی ڕوون ئاشکرایە کە گیانی دژە دێمۆکراتیانە و دژە نەتەوەیی یانەی پ ک ک بوارێک بۆ کەس ناهێڵێتەوە کە لەو کانتۆنانەی ئەوان و بەعسیاندا سەرێک بجووڵینن .

## ماکی گەمەی کانتۆن بازیەکەی پ ک ک

گۆڕانی کێشەی کورد و دۆزە نەتەوەیی یەکەی بە کانتۆنی پ ک ک یانە و لە سەر ئەو شێوە بەڕیوەبەریە بەعسیانە و کوێرکردنەوەی تێکڕای هێمای نەتەوەیی کورد لە سەر ئاخ و زێدی مێژوویی خۆی ، درێژەی ڕیکاری عرووبەی بەعسی یە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەم دۆخە ئاڵۆز و قەیراناویی یە هەنووکەیی یەی سووریە . لە باری سیاسیەوە ئەو کانتۆنانەی پ ک ک بوونەتە کۆسپێکی سوور لە سەر ڕیگای یەکیەتیی نەتەوەیی هەم لە سەر ئاستی تێکڕای کوردستان و هەمیش لە سەر ئاستی ڕۆژئاوای کوردستان . ئەوەندەی کە دیارە ئەوەیە کە کانتۆنەکانی پ ک ک لە سەربنەمای لەت و پەتکراوەیی یەکیەتی نیشتمانیی و نەتەوەیی کورد لەو بەشەی کوردستان کە ئاکامی سیاسەت و هەڵوێستی عرووبەی بەعسی لە مەڕ کێشەی کوردە ، سازکراوە . بەڵام لەمە فرەتر ئیتر ئەوە دیار نیە کە ئەم کانتۆنانە بەر بە کوێ ئەچن و چ داهاتوویێکیان ئەبێت . تەنانەت باسی ئەوەش لە ئارادا نیە کە لە ئەگەری مانەوە و ئانکو تیاچوونی ڕژیمی بەعسی سووری ، چارەنووسیان چی ئەبێت . پ ک ک لەگەڵ نەیارانی سیاسی بەشارا و ئەوانەی کە داهاتووی سووریە بە دەستیانەوە ئەبی لە ئەگەری نەمانی بەعسدا ، نیە . ئاشکراشە کە تێکەڵی و پێوەندیان پ ک ک وەگەرد بەعس لە هەڵوێست و پێگەیەکی بە هێزەوە نیە بەڵکو درێژەی هەمان پێوەندی پێشووی پێش قەیرانی سووریەیە . هیچکام لەمانەش داهاتوویێکی گەش و ڕوون لۆ کانتۆنەکانیان دەستەبەر ناکات . سەرباری ئەمانەش پ ک ک خۆی لە قەرەی کورد و بەتایبەتی دەسەڵاتی کورد لە باشوور نادات لۆ مسۆگەرکردنی پاڵەپشت و ئالیکارێکی جێی بڕوا بۆ داهاتوویان . کارەساتی کۆبانێ بە ڕوونی دەری خست کە ئەم کانتۆنانەی پ ک ک ئێستا ڕووبەڕوی مەترسی داعش بوونەتەوە و لەوانەیە لە داهاتووی نەزانراویشدا تووشی نەیاری بەهێزتریش ببنەوە وبەو لێک دابڕاویی یەوە ، بەو ئاقارە سیاسی و ستراتیژی یەی پ ک ک ، کێشی بەربەرەکانێی وەگەرد ئەو هۆکارە عەرەبی یە بە ئاکاری هۆڤانانەتی و هەر هۆکارێکی دیکەی لەم بابەتەیان ، نیە .

ئەوەی کە پ ک ک هیچ ڕێکارێکی دیاریکراوی ڕەچاو نەکردگە بۆ هەر جۆرە یەکخستنێکی ئەو کانتۆنانە و سەرباری ئەمەش ئەوەتا وەک ستراتیژی کێشەی نەتەوەیی کورد نەک هەر بە ئاشکرا بڕواشی پێ نیە بەڵکو دژیشیەتی ، ئەبێتە هۆی ئەوەی کە کانتۆنەکانی وەک ئەوەی کە هەیە بهێڵێتەوە و بیان خاتە بەر بەزەیی دوژمنانی خوێنینی کورد هەر لە بەعسەوە هەتا داعش ، جا با ئیتر تورک و عەجەمیش بوەستن . جا ئەگەر چۆل کردنی کوردستان لە خەڵکەکەی و شیوازی بەڕێوەبەرایەتی بەناو " خۆسەری دێمۆکراتی " کە وەک دەستەواژە هەر هەمان خۆدمۆختاریەکەی دوێنێ یە بە پاشگری دێمپۆکراتی یەوە ، بەلام لە ناوەرۆکدا گەلی لە خودمۆختاری و ئۆتۆنۆمی کەمترە ، ئیتر ئەوە کێ هەیە حاشا لەوە بکات کە کانتۆنەکانی پ ک ک لە دژی بەرژەوەندی مێژوویی و نەتەوەیی کوردە و هیچ داهاتوویێکی گەش چاوەڕوانیان ناکات .

ئەم ئاکار و کردەی پ ک ک لە کاتێک دایە کە ڕۆژئاوای کوردستان ئێستاشی لەگەڵ دابێ لە کێشی دایە و بوارەکەش زۆر بەباشی و ئەرێنی لۆی ڕەخساوە کە کوردکەو ماچۆ و کوردەکەو خوازیاو ، بداتە پاڵ باشوور و لە تێکەڵیێکی دوولایەنەی کوردانەدا هەم ببێتە پاڵە پشتێکی گاورە و گران ئەڕای باشوور و هەمیچ دۆخی باشوور بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکار بێنێ ، هەم لە ئاستی ناوخۆیی و هەمیج لە ئاستی ناوچەیی و جیهانیش و تێکڕای ئاسەواری بەعسی و عرووبە لە خاک و خەڵکەکەی بسڕێتەوە . کە ئێژین هەلێکی زۆر لەبار و زێڕین ئەڕای کوردیەل هاتگەسە پێشەوە ، ئەمەیە کو بەلانی کەمەوە دوو بەشی کارا و چالاک و ڕاپەڕیوی کوردستان هاوئاقار و هاوشان وەگەرد هەڤودوو بمەشن .

پێوەندی هێژ زیندوو و کارای مێژویی – نەتەوەیی کورد پێکەوە ، بنەمای مادی ئەو یەکانگیریە پێک دێنێ و هەر وەک چۆن لە ڕابردوودا هەمان دەور و کاریگەریی هەبوو . تەنانەت هەر ئەم پێوەندی یەیە کە بواری بەو دەس تێوەردان و خۆتێهەلقورتانە نەرێنیانەی پ ک ک ی لە بەشەکانی کوردستانا ڕەخساندووە . کەچی پ ک ک خۆی ڕاست لە دژی ئەو دیاردەیە ئەجووڵێتەوە وەک ئەوەی کە لە ڕۆژئاوادا ئەبینرێ . پ ک ک لە سەر بنەمای ئەم پێوەندیەوە هەڵی دا و دەنگۆی درۆزنانەی کوردستانی گەورە و سەربەخۆیی کوردستان ، خەڵکێکی زۆری لۆ خاپاند . ئێستا کە پ ک ک وازی لە دۆزی نەتەوەیی هێناوە و تەنانەت ئەو شێوە فدراڵی یەی باشووریشی بۆ کورد پێ قووت نادرێ و لە دژی ئەوەستێ ، ئیتر خویایە کو ئەوان لە ئاقاری یەکخستنەوەی کوردا نەک هەر هەنگاو هەڵ ناگرن بەڵکو ئەبێ دژیشی بن کە هەن و نای شارنەوە ژی .

دەمڕاسی پ ک ک لە ڕۆژئاڤا لە دان و سەندنێکی وەگەرد لۆمۆندی فەرانسەیی دا ئێژێ : " ئێمە خوازیاری ئەوەین کە مافی کوردان لە چوارچێوەی سووریەکی یەکگرتوو و دیمۆکراتیک و بەدوور لە ئایین ، بناسرێ . ئێمە لەگەڵ مینای ئۆتۆنۆمی و خۆدمۆختاری لە عێراق بە سنووری ناوخۆیی یەوە نین . سنوور سەرچاوی گرفتەکانن " . ئەزانین کە ئەم بۆچوونە لە مەڕ یەکگرتووی خاک و نیشتمانی عەرەبان هەمان بیرۆکەی جەمیل بایک و دەمیرتاشە و هەموویان ڕەنگدانەوەی بیرۆکەی پ ک یە لە مەڕ دۆزی نەتەوەیی کورد و مافی نەتەوەیی کورد چوونە یەک نەتەوەیی سەربەخۆ وەک دیاردەیەکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی . ئاوەها بۆچوونێک لە مەر خەڵکێک مینا خەڵکی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان و ئانکو هەر بەشێکی تری کوردستان ، تەنانەت بواریك بۆ گەمەی کانتۆن بازی پ ک ک لە ڕۆژئاوا ناهێڵێتەوە . پ ک ک نایەوی سنووری نەتەوەیی لەناوخۆی ولاتانی داگیرکەری کوردستانا چێ بکات و بە سەرچاوەی مەترسی و کێشە و ئاڵۆزیان ئەزانێ . گۆڕ ئەم بۆچوونە ئیتر سنوورێک بۆ کانتۆنەکانی پ ک ک نابێ دیاری بکرێ و بەمەش ئیتر باس کردن لە سنووری کۆبانێ و عەفرین و جەزیرە خۆبەخۆ لە ئارادا نامێننەوە و کانتۆنەکانیش ئەبێ هەڵ بوەشێنرێنەوە باسی کانتۆن و کانتۆن بازیش نابێ چ جێگایەکی لە سیستمی هزری پ ک ک دا هەبێ . هەر ئەم پ ک ک ایە کە بەو

شێوە ئاکار و سیاسەتی خۆی لە مەر دۆزی نەتەوەیی کوردەوە دیاری ئەکات ، بە هێنانە ئارای کانتۆنی شنگال و لەویش فرەتر کانتۆنی سلێمانی و هەولێر یش بە تەمایە سنووری نەتەوەیی لە ناوخۆی عێراقەکەیان و لەمەش ڕووداماڵانەتر و سەیروسەمەرتر ، لە باشووری کوردستان ساز بکەن و ئەمەشیان ئاکاری دوژمنکاریانە جە هەمبەر دۆزی نەتەوەیی کورد نەخاسما ژ باشوور.

لە بار و ئاقاری سیاسی یەوە پ ک ک هاوتەریب نیە لەگەڵ بزاڤی نەتەوەیی کوردا لە بارودۆخی هەنووکەیی دا . لە باری مێژووییشەوە پ ک ک درێژەی هیچکام لەو شێوە و شیوازە کوردێنیەی رابردووی دوور و نزیکی کوردا نیە . بزاڤی کوردی لە کۆنەوە هەتا دەسەڵاتداریەتیەکەی شێخ مەحموود و سمکۆ و کۆماری ئاگری ( ئارارات ) و تەنانەت کۆماری مهابادیش لە پێناوی سەربەخۆیی کوردا وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆ دەوری بووە . پاشان ستراتیژی و ئارمانجی بزاڤی کوردی پاش شەڕی جیهانی دووهەم دابەزی بۆ ئۆتۆنۆمی و خودموختاری . ڕاپەڕینە مەزن و مێژوویی یەکەی باشوور لە دۆخە نوێکەی ساڵانی کۆتایی سەدەی ڕابردوو ، بزاڤی کوردی خستە قۆناخێکی نوێوە و کۆتایی بە خواستی خودمۆختاری و ئۆتۆنۆمی هێنا و خواستی فدراڵی جیگەی گرتەوە . ئێستاش کە داخوازی کورد لەو ئاستە و لەو شێوەدا سەقامگیر بووە و لەمەش فرەتر، بەرەو هەڵدان ئەڕوات و گەیشتوەتە ئەوەی کە دەنگ و باسی سەربەخۆیی کورد بەڵانی کەمەوە لە باشوور، بە گەرمە هاتوەتە ئاراوە ، ئیتر هەموو ئەوانەی کە کەوتوونەتە ناو تراویلکەی خاپێنەری پ ک ک ، ئەشی لە خۆ و لە هەڵسووڕینەرانی دیار و نادیاری پ ک ک بپرسن کە کانتۆنەکانیان لە کوێی ئەم ڕەوتەی بزاڤی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازانەی کوردایە .

پڕاوپڕ لە جێگەی خۆی دایە کە هەڵوێستی پ ک ک جە هەمبەر ڕاپەڕینە مێژوویی یەکەی باشوور وەبیری هۆگرانی خاپێنراوی پ ک ک بهێنرێتەوە کە چۆن ئەوان کەوتنە دژایەتی و ئاژاوەنانەوە لە دژی باشوور و گەیاندیانە ئاستی شەڕی کورد بە دەس تێکەڵیان لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان . پ ک ک ی کمۆنیستی تورکی چ فڕێکی هەبوو ئانکو هەیە بە سەر کاروباری ناوخۆیی باشوور کوردستانە و ئەو شەڕ و ئاژاوانەی نایانەوە لە بەرژەوەندی کێ دابوو. شیاوی باسە کە پ ک ک لەو سەرودەمەدا ژمارەیەک پاشەڵ پیش و گومان لێکراو کە دەستیان هەبوو لە تیروری سدیقی کەمانگەر ، ئەندامی بەرزی کۆمەڵە لە ڕۆژهەڵات ، لە لایەن پیاوکوژێکی ڕژیمی مەلاکانی عەجەمانەوە ، توفێق گرژاڵی ، لە دەور خۆی کۆ کردەوە و بە ناوی کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستانەوە سازی کردن لە بۆ مەبەستی دەس تێوەردان لە کاروباری ناوخۆیی باشوور و ڕۆژهەڵات کە بە لێدانیان لە لایەن پێشمەرگەی کوردستانەوە ، بەرپەرچ درایەوە وناویان کوێرەوە بوو ، لێ ئەوەتا ئێستا دیسان پ ک ک ئەو بەزمەی ژیاندوەتەوە .

ژ ئالێد ێن تێئۆریکیڤە مژاری کانتۆنەکانی پ ک ک ئەچیتە خانە و بازنەی تێئۆری دەوڵەت و دەسەڵاتداری یەوە . سەرەتایی ترین شێوەی دەوڵەت ، بیچمی شار – دەوڵەتی سوومەریەکانە کە بۆ ٦ تا ٧ هازار ساڵ پێش ئێستا ئەگەڕێتەوە و هەتا چاخی ئیمپراتووریەکانی سەردەمی دێرین درێژەی هەبوو. شێوەی ئیمپراتووری دێرین قوناخێکی باڵاتری گەشەی مێژوویی دەوڵەت بوو .نموونەی ئیپراتووری ماد کە لە یەکانگیری پاشا – گەردانەکانی ئەو سەردەمە و لە ژێر گوشاری دەرەکی ئاشوورەکانا لە لایەن دیاکۆوە پێکەوە نرا ، ڕەنگدانەوەی ئەم ڕەوتی گەشەکردنی بیچمی دەوڵەت و دەسەڵاتەیە لەو سەردەمە کۆنەدا .

ئەو ڕەوتەی کە لە ڕۆژهەڵاتی ناویین دا لە ئارادا بوو ، لە ڕۆژئاواش و بەتایبەتی لە یۆنانا دووپات بووەوە . لەوێش بە بیچمی شار – دەوڵەت ەوە دەستیان پێ کرد ( ئەڵبەی زۆر پاش سوومەریی و تەنانەت مادکان ) و دواتر گەیشتنە ئاستی ئیمپراتووری . شێوەی گەشەکردووی ئیمپراتووری ئیتر هیچ بوارێکی بۆ شێوەی شار – دەوڵەت نەهێشتەوە و لۆ مێژوویێکی دوور و درێژ بوو بە شێوەی زال و باڵادەستی دەوڵەت و دەسەلاتداریەتی لە مێژوویی مرۆڤایەتی دا و هەتا سەدەمی شەڕی یەکەمی جیهانی ڕایکێشا . گەشەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و نەتەوەیی مرۆڤایەتی لە ئاستی جیهانی دا ئیتر لە سەردەمی نوێ دا بوارێکی لۆ شێوەی ئیمپراتووری نەهێشتەوە و یەک لە دوای یەک ، بە ئیمپراتووریە ئیستعماریەکانیشەوە وەک ئەوەکەی ئینگلیزیان ، کۆتایی بە دەوری مێژوویی یانی هێنا . لێرە بە دواوە ، واتە پاش ئیمپراتووری ، بیچمی نوێی دەوڵەت هاتە ئاراوە کە مۆرک و شەقڵی نەتەوەیی ڕاستەقینە ئانکو درۆزنانە و ساختە ، بە زەقی پێوە دیارە . ئەو نەتەوانەی کە خۆیان لە ئاستی نەتەوەیەکی تەواو و ساخکراوە دا ئەبینی ، هەبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی یان بە مافی خۆیان ئەزانی و دایان مەزراند . ئەوانەش کە لە ڕەوتی ساخکردنەوەی نەتەوەیی پاشکەوتن ، لەو مافە بەبەش کران و لە باشترین دۆخدا شێوە دەسەڵاتداریەتێکی لە ئاساتی خوارتر وەک ئۆتۆنۆمیان لۆ مایەوە ئانکو لەو مافە بەتەواوەتی بەبەش کران و بە تۆپزی خرانە ناو بازنەی نەتەوەیی خەڵکی دیکەوە وەک نموونەی کورد .

کمۆنیستەکان ، بەتایبەت لنین ، خەریکی ئەوەبوون و هەوڵی ئەوەیان دا کە لەو ڕاستیەوە کە دەوڵەت و دەسەڵاتداریەتی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی تاپۆی چین و قاتی سەردەستی کۆمەڵگا بوو و هێژ ژی هەیە ، بەوە بگەن کە دەوڵەتی چینی کریکار و پرۆلیتاریا ساز بکەن و تاپۆی چینایەتی سەرمایەداری هەڵگرن و بە تاپۆی چینی کریکار جێگەی پڕبکەنەوە . جارێ با لەوە بگەڕین کە دەوری ئەو دەوڵەتە بە ناو کمۆنیستی - کرێکاری یە چەندە نەرێنێ بوو لە ژیانی مرۆڤایەتی لەو سەد ساڵەی دوایی دا . گەمەی دەوڵەتی کمۆنیستان هەر هەموو دەسەڵاتی لە هەر هەموو بوارێکا خڕ لە سەرکردایەتی و بەتایبەتی تریش لە پۆلیت بۆرۆی حزبە کمۆنیستەکانا و لەمەش خەست تر لە تاکە کەسی سەرکردەیانا کۆکردەوە و لەم بوارەدا مرۆڤایەتی یان گەڕانەوە بۆ چاخی ئیمپراتووریە هەرە کۆنەکانی چاخی دێرین . بەمەش واتا و ئاکاری دەوڵەت شێوێندراو و خەڵکە کرێکارەکە لە هەمواان پتر خەساری بەرکەوت .

پاش ڕمانی کمۆنیزم ، ئەو بەشەی مرۆڤایەتی کە گیرۆدەی دەستی بوون ، ڕزگاریان بوو و هەموو مرۆڤایەتی کەوتەوە سەر سکەی مێژوویی خۆی و دەوڵەتی نەتەوەیی وەک دیاردە گشتی یەکەی سەردەم زاڵ بوەوە و تێکڕای نەتەوەیەل سەر زەوی گرتەوە . لە سەر بنەمای بابەتیانەی ئەم دۆخە و لە ڕەوتی فرەتەرتەر گەشەکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی لە ئاستی جیهانی دا ، ئەبینرێ کە

ژمارەیەکی فرە و بەر بەجاڤ لەو نەتەوانەی کە لە مافی هەبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی بێ بەش کرابوون ، یەک لە دوای یەک ئەو مافەیان لۆ خۆیان مسۆگەر کردوە و پێی گەیشتوون . لەم ڕەوتەدا ئەبینرێ کە هەتا ئێستاش ناو بەناو نەتەوەیەکی تازە و نوێ لە ناو جەرگەی نەتەوەکانی دیکەدا لە دایک ئەبێ وەک باوە و باسی هەیە و بە ناوی نەتەوەی تازە و نوێ ناو ئەبرێن . ئەلبەت پێویستە ئەوش ڕوون بکەینەوە کە ئەم جۆرە نرخاندن و هەڵسەنگاندنە بە تەواوەتی بێ واتا و بێ بنەمایە چوونکە ئەو نەتەوانە تازە لە دایک نەبووگن بەڵکو تازە بە مافی نەتەوەیی خۆیان گەیشتوون کە بریتی یە لە پێک هێنانبی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی وەک لە دروشمی مافی دیاری کردنی چارەنووس دا ئاماژە وەپێ ئەکرێتن . گۆڕ هزری مافی چارەنووس ، گوایە ئەو مافە هەموو نەتەوەیەک ئەگرێتەوە و ئەوەی ئەمێنێتەوە ئەوەیە کە نەتەوە بێ بەش کراوەکان لەو مافە ، نەتەوە بوونی خۆیان بسەلمێنێن جا بە هەر شێوەیەک بێت . هەر لەم سونگەشەوەیە کە بەشێک لە شەڕی بزاڤی نەتەوەیی کورد وەگەرد داگیرکەرانی کوردستان و نەخاسما خاوەن هزرە نەتەوەیی یەکانیان ،لە مێژە بووەتە یەکێک لە مەیدانی ململانێی ئەو دوو لایەنە . هەرچی داگیرکەرەکەیە هەڵپەی ئەوەیەتی کە کورد وەک نەتەوە نەناسێ و ئەو بۆچوونە داسەپێنێ بە سەر کوردا . ئالی دن ، کوردان ژی سەر ڤێ چەندە داکۆکی ئەکاتن کو کورد نەتەوەیە و بە نەتەوە بوونیشی مافی سەلمێندراوی دیاری کردنی چارەنووسی خۆی بە دەستی خۆی هەیە کە لۆ داگیرکەران و هەباسی وەلی یچ بڤەیە.

لە سەر ئەم بنەمایەیە کە کانتۆنەکانی پ ک ک ناچنە خانەی دۆزی نەتەوەیی کورد ، ئەگەر کورد بە نەتەوە بناسین کە کەم کەسی ساخ و شارەزا و تەنانەت هەباسی ولی یچ ، ئەتوانێ حاشای لێ بکاتن . کانتۆنی پ ک ک ، بژاردەی خەڵکی کوردستان لە ڕۆژئاڤا نیە و تەنیا ڕێکاری پ ک ک لەو دۆخ و گەمە سیاسیەیە کە ئاماژە وەپی هاتە کرن و لە چوارچێوەی بیری تەسکی پارتایەتی خۆیانا قەتیس ماوە و هەڵس و کەوتی خەڵکی ئەو بەشە لە کوردستان وەگەرد ئەو کانتۆنانە دەری ئەخات کە بێجگە لە پ ک ک کەسی دیکەی لەگەڵدا نیە . ئەمەش دیسان ئەوە ئەسەلمێنێ کە پ ک ک تەنانەت وەک هێزێکی کۆنە کمۆنیست لە بنچینەی مافی دیاری کردنی چارەنووس لای داوە لە کاتێکدا ئەو بنچینەیە ، بنچینەیەکی سەلمێندراوی گشت جیهانە بە چەپ و ڕاستەوە . ئاریشەی پ ک ک بۆ کورد و کوردستان ئەوەیە کە ئەوان کورد بە نەتەوە ناناسن . هەر بۆیە بە ڕاست و چەپا ئەدەن و بیرۆکە و تزەڵۆکی سەیر و سەمەر دائەتاشن و ئەیانەوە بە تۆپزی بیبڕن بە سەر خەڵکا . دەستەواژەی نەتەوە لای پ ک ک باوی نیە و بە گەل و خەڵک شوێنی پڕ کراوەتەوە . بێ لە نەبوونی ئاڵای کوردستان و سروودی ئەڕەقیب و ناوی پێشمەرگە و زمانی کوردی وەک هێمای نەتەوەیی کورد وەک نەتەوەیەک لە زمانی پ ک ک دا ، گەمەی کانتۆن بازی یەکەشیان لۆ ئەو مەبەستەیە کە بۆ کورد و ناکورد و بەتایبەتی داگیرکرانی کوردستانی بسەلمێنن کە کورد نەتەوە نیە و داواکاریی و خواستی کورد لە ئاستی نەتەوەدا نیە کە دەق ئەو شتەیە کە داگیرکەرانی کورد بە گشتی هەوڵیان بۆ داوە و ئەدەن و خەونی پێوە ئەبینن . کۆی بکەینەوە ، ڕێکاری کانتۆنی پ ک ک بۆ دۆزی کورد لە ڕۆژئاڤا و ئانکو هەر بەش و پارچەیەک ێن دن ژ کوردستان ، لە باری تێئۆریەوە دژی بنەچەی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوەی کوردە .

دیسان پرسیار لە مەڕ کانتۆنەکانی پ ک ک . ئەرێ ئەو کانتۆنانەی پ ک ک لە ڕۆژئاوا ئەچێتە کوێی مێژووی دەوڵەت و بە کام تێئۆری دەوڵەتەوە گرێ دراوە ؟ شێوەی کانتۆنەکانی پ ک ک بەبێ هیچ ئەملا و ئەلایەک ئەچێتە خانەی شار - دەوڵەتی سوومەریەکان و یونانیەکانەوە واتە هەڵ ئەگەڕێتەوە بۆ قوناخی یەکەمی دەسەڵاتدارەتی لە مێژووی مرۆڤایەتی دا . پرسیاری دیکە . ئەبێ کورد بە گشتی و کوردی ڕۆژئاوا بە تایبەتی لە چ ئاستێکی گەشەی مێژوویی کۆمەڵایەتی و سیاسی دابن کە ئەو شێوە وبیچمە هەرە کۆنەی ٦-٧ هەزار ساڵەی بەرێیان پێ بشێت لە سەدەی ٢١ دا ؟ تەنانەت کە ئەگەر پ ک ک بڕوای بە دۆزی نەتەوەیی کورد نیە و لەگەڵ ڕەوتی گەشەکردنی ئەو دۆزەشدا ناگونجێ بە هەر هۆیەکەوە ، کوردی ڕۆژئاوا ، وەک مرۆڤ ، شیاوی ژیانێکی مرۆڤانەی سەردەمن و تەنانەت لە دەرەوەی دۆزی نەتەوەیی کوردا ، مینا فرمانیکی نەگونجاو و نەشیاو ژی ، ئاشێتن کو لە ئاکار و تایبەتمەندی ژیانی سەردەمی سەدەی ٢١ ، بی بەری بکرێتن . بەعسیە دڕە و هۆڤانەکانی عێراق لە ژێر گوشاری شۆڕشی باشوور و بارزانی دا دانیان بە ئۆتۆنۆمی کورد دا نا . جائیتر بەعسی سووری لە سەرمەرگیدا و عەرەبی سووری هێشتا ساخ نەبوەوە لە سەر دەسەلاتداری لەو وڵاتە ، ئەبی چ هۆکارێکێ سیاسی بن کە بە کردەوەی پ ک ک ، کورد و داخازیا نەتەوەیی ێن وان هەتا ئەو ئاستە نزمە دابەزێنێ .

ئەو گەمەی کانتونبازیەی پ ک ک لە رۆژئاوا دو مەبەستی سەرەکی هەیە. یەکەمیان ئەوەیە کە کورد لە روژئاوا کیشی میژویی ئەوەی نامینی وەک نەتەوەیکی خاوەن خاک و میژوو، دەور ببینی و لە هەل ومەرجی رەخساوی ئیستادا بداتە پال باشور و قورسایی بزاڤی رزگاریخوازی کوردی پی بەرز بیتەوە. لە راستیدا ئەو کانتون بازییەی پ ک ک راس و دەقاودەق دژی گیانی نەتەوەیی کوردە و بەکردەوەش بوەتە کوسپیکی گەورە لە سەر ریبازی خەملینی شورشی کورد بە گشتی .

دوهەمیان ئەوەیە کە لە ئەگەری تیاچونی بەعسی سوری، روژئاوای بە کانتون کراو وەک ئامرازیک دژی باشور بەکار بهیندریت و بوار بەوە نەدریت کە دو بەشی کوردستان بەرەو یەکگرتنەوە هەنگاو هەلگرن کە ئەمەشیان ئەبیتە تەواوکەری ئەوەی یەکەمیان و هەردوکیان ئەچنە خانەی سیاسەتی نەیارانی کورد بە عەرەب و عەجەم و تورکەوە . کانتۆنەکانی پ ک ک لە ڕۆژئاڤا بەرهەمی تێکەڵاوی پ ک ک بەو نەیارانەی کوردە و لە بەرژەوەندی ئەوان دایە . بەشی تورکیش ، لە خورایی نیە کە پ ک ک کلکلەی ژیانەوەی پەیمانی نەتەویی (میساقی میللی) عوسمانیان کەوتوتە سەری و دەهول و زورنای بوئەکوتی و ئافەریمی تورکانیش ئەکریتە شاباشی . گیانی ئاشمێ ئەو گیانەیە کە بەشە بەرژەوەندی تورک مسۆگەر ئەکاتن .

## خاپاندنی کمۆنیستی

جیهانی سیاسەت لە مێژە پۆخل و ناشیرین بووە و درۆ بوەتە بەشێکی دانەبڕاوی . ئەم تایبەتمەندیەی جیهانی سیاسەت گەلێ جار ئەگاتە ئەو ڕادەیە کە تێکڕای سیاسەتێکی دیاریکراو تەنیا لە سەر درۆ هەڵ ئەبەسترێ . درۆی سیاسی لۆ مەبەستی خاپاندنە و بووە بە هونەری سیاسەت بازان و سیاسەت کاران . هۆکاری سەرەکی درۆزنانی سیاسی و ئارمانجیان ، خاپاندنی خەڵک و ڕاکێشانیان سی سیاسەتە بێ بنەماکانیانە . ئەگەر سیاسەت و بەرنامەیەکی سیاسی لە سەر ڕاستەقینەی ژیانی کۆمەڵایەتی ساز کرابێ ئەوە ئیتر پێویستی بە درۆ و خاپاندن نیە . لێ بە ڕادەی دوور کەوتنەوە لە رووی ڕاستی ژیان ، قەبەی درۆ سیاسی یەکان گەورەتر ئەبنەوە .

مافی مرۆڤ بە تاک وبە کۆمەڵ وهەروەها دێمۆکراسی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و مافی نەتەوەکان ئەو چمکانەن کە درۆزنی سیاسی بە چڕی بەکاری ئەهێنێ . لە زمانی کابرای هۆڤان و دژە مرۆڤی هیتلەر ئەگێڕنەوە کە گوتوویێتی کە دۆر چەندە زل و قەبەدار بێت ، بڕەوی زیاترە و خاستر کار ئەکات . ئەم ئاکارەش تەنیا هی ئەو دەعبایە نیە و زۆربەی هەرە زۆری سیاسەت بازان دکاری ئەهێنن و بڕواشیان پێیەتی .

سەیرەکەش لەوەدایە کە هەر بابەتە درۆییکی سیاسی دێتە ئاراوە ، کۆمەڵێک خەڵکی لە دەور کۆ ئەبنەوە و لە هێندێک نموونەدا وەک ئەوەی نازی یەکان و ئیسلامیەکان و کمۆنیستەکان و گەلێکی دیکە ، ژیانیشیان لە پێناوی دا دائەنێن . ئەم دیاردەیە یەکێک لە ئاڵۆزترین و قووڵترین ئاریشەی ژیانی مرۆڤە و سەرچاوەی تێکڕای کارەساتە گەورە و بچووکەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی یە هەر لە کۆنی کۆنەوە هەتا ئێستا . بڕە چەشتێکی وەک بەهەشت وحوری و غیلمان و سامان و داهاتی هەرزان و خۆڕایی تێکەڵ بە هەڕەشە و گوڕەشەی دۆزەخ و ئاگر و ئەشکەنجە ، لە کۆنەوە بۆ سازکەرانی ئایینە درۆزنانەکان بڕەوی هەبووە و ئێستاش هەر هەمان ئامراز و کەرەسە لۆ هەمان مەبەستی خاپاندنی مرۆڤ و ڕاکێشانی بۆ بوونە دەسکەڵای سیاسەتێکی دیاریلکراو لە ئارادایە، ئەڵبەت لە سەر باوی ڕۆژ و سەدەم .

هونەری درۆی سیاسی سەردەم لە سەر بنەمای زانستە درۆزنانەکەی فرۆید لە لایەن خوشکە زاکەیەوە لە ئامریکا ، ( Edward Bernays) پەرەی پێدراو و فەرهەنگی بڕانەوەی (consumers culture) چەواشەکارانە و ساختەی لێ شێن بوو . ئەم بۆچوونە کە پشتی بەو ڕاستی یە بەستووە کە مرۆڤ شیاوی هەڵ خڵەتاندنە ، تێکرای بوارەکانی ژیانی مرۆڤی کردوەتە ئامانجی خۆی و سەرەتا لە بواری ئابووری یەوە دەستی پێکرد و لە خزمەتی سەرمایەدارانی بەرهەم هێنەردا بوو و پاشان ف ب ئای (FBI) و سیاسەتیشی بە تەواوەتی تەنیەوە و دیاردەی (public relation – پێوەندی گشتی ) لێ شین بووە . چیرۆکی ئەم چەواشەکاری یە بە ڕاستی دڵ تەزێنە و مرۆڤ لەو کۆمەڵگادا لە ئاستی ئاژەڵ و بگرە نزمتریش هەڵس و کەوتی وەگەرد کرا . دامەزرێنەرانی بیرۆکەی ئەو چەواشەکاریە یە تەنانەت سڵیان لە بەکار هێنای دەستەواژی وەک دەروون ناسی زۆروبۆر – ئاکاری حەشیمەت وئاپۆرە (crawd psychlogy) و خووی گاگەلیانە (herd instinct) بۆ مرۆڤ نەئەکردەوە .

لە سۆڤیەتی بەرێ ژی هەر هەمان شێواز و ڕیکاری درۆزنانە و چەواشەکارانە خەملێنرا و بە خەستی لە بواری هزری و ئایدیۆلۆژیکی دا هاتە بەکار ئانین . ئابووری کمۆنیستی و سوسیالیستی پێویستی بە داهێنانەکەی خێڵی فرۆید نەبوو. درۆی خاپێنەری کمۆنیستی لە ماک و ناوەرۆکی ئەو ئادیۆلۆژی یە دایە . چەواشەکارێکی وەستایانەی مێژووی مرۆڤایەتی و هەر وەتریش فەلسەفە ، ماتریالیزمی مێژوویی و دیالکتیکی لێ سازکرا کە دوو کۆڵەکەی بنەڕەتی کمۆنیزمە . کەپرەشینەکەی (مالە درۆزنانە ) سیاسی کمۆنیستی لە سەر ئەو دوو بنەمایە سازکرا و بووە مەکۆی بەرهەم هێنانی دۆری ئایدیۆلۆژیکی و مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتی. لەناو ئەو کۆگا درۆی کمۆنیستی یەدا مافی کرێکاران و گەل و نەتەوەکان لە هەموویان زەقترە . بەشی نەتەوەیەکەی پێوەندی بە باسەکەی ئێمە هەیە و واز لە بەشی کرێکاریەکەی ئەهێنین . گۆڕ بیرۆکەی کمۆنیستی ، مرۆڤایەتی ئەبێ بەرەو ئاقاری یەک بوون لە هەموو بواریکەوە بڕوات و کوسپ و تەگەرەی چینایەتی و نەتەوایەتی بشکێنی و وەلایان بنێ . چین و نەتەوە لە دواڕۆژی کمۆنیستی دا گوایە ئیتر جێگەیەکیان نیە . سەرەڕای ئەم جەوهەرە هزریە ، کمۆنیستانی سەردەمی لنین هۆگریی خۆیان لۆ مافی دیاریکردنی چارەنووس لە قۆناخی سوسیالیستی دا دەربڕی . ئەگەر لنین و هۆگرانی ڕاست بن لە کمۆنیست بوونیاندا ئەوە دەبێ مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ مەبەستی لە ناو بردنی کۆسپێ نەتەوەیی ودەق دژی بنەما و بنەچەی ئەو مافە بەکار هاتبێ و دروشمی کمۆنیستان ، لە ڕاستی دا ڕێکارێکی کمۆنیستیانەیە لۆ دژایەتی کردنی مافەکە . راستییێکی مێژووی هۆکاری ئەم درۆ کمۆنیستی یەیە و زۆریش سرنجی نادرێتێ و لە ناو هەرا و بەزمی کمۆنیستیدا کوێر بووەتەوە . هۆکاری نەتەوەیی ، بە پێچەوانەی بۆچوونی کمۆنیستی بە هەر دوو بەشی ماتریالیزمی مێژوویی و دیالکتیکیەوە ، بزوێنەری یەکەمی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بووە لە ڕۆژی یەکەمی سەرهەڵدانی سەرمایەداری یەوە بەلانی کەمەوە. هۆکاری چینایەتی ، بە تایبەی هی کرێکاران قەت ئەو کێش و تووانای نەبووە کە کۆمەڵگا بە شێوەیەکی کارساز و چارەنووس ساز بجووڵێنێ . ئەوەی بەو ناوەوە ، ناوی دەرکردووە ، لە ڕاستی دا نەک چینی کرێکار و بەرنامەی چێنایەتی ئەوان بەڵکوو گەلاڵەی کۆمەڵێک خەڵکی دیکەی سەر بە قات و توێژی مام ناوەندی بووە کە بە ناوی کرێکارانەوە دەرخواردی خەڵک و مێژوو دراوە . هیچ کام لەو بەناو شۆڕشە کرێکاریانەی سەدەی ڕابردوو هەر لەوەکەی ڕووسیە هەتا چین و ڤیتنام و کوبا و ئەو چەند گەمەیەی تریش کە لە ئافریقا و کۆریا و کامبۆدیا باقی شوێنەکانی دیکەی جیهان ، لەم ڕاستیە بە دوور نین . ماک و بنەمای درۆی کمۆنیستی لە مەڕ دۆزی نەتەوەیی دەقاودەق لەم ڕاستیەوە سەرچاوە ئەگرێ و داڕێژەرانی ئەو درۆیە زۆر چاک ئەیانزانێ کە ئەوە دۆزی نەتەوەیی یە ، نەک چینایەتی و بەتایبەتیتریش کرێکاری و پرولیتاری،

که بزوێنەری مێژوویی مێژووی کۆمەڵگایە لە سەردەمی سەرمایەداری زاڵ بە سەر جیهانا . ئەگەر بابەتی چینایەتی لەم دۆخەدا ئەشی ڕەچاو بگیرێت ئەوە چینی باڵادەست واتە سەرمایەدارەی یە نەک چینی کرێکار . بەڵام تاقمی کمۆنیست یەل ئێستاشی لەگەڵ دابێ و پاش هەرەس هێنانی مێژوویی کمۆنیزم ، هێژ چیڕن لە سەر ئەو درۆ هەڵبەستراوەی کۆنیان و ئاکار و کردەی سەرمایەداری وەک هی کرێکاران دەرخواردی خەڵک ئەدەن .

نممونەی دۆزی نەتەوەیی کورد و هەڵس و کەوتی کمۆنیستان لە تێکڕای بەشەکانی کوردستان ، زۆر بە زەقیەوە دەری ئەخات کە هەڵپەی ئەوان بۆ ئەوە بوو کە بە هەڵگرتنی دروشمی درۆزنانەی مافی دیاریکردنی چارەنووس ، هەلی بزاڤی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازی کورد کە فڕی بە سەر چینی کرێکارەوە نیە ، بقوزنەوە لۆ مەبەستی سیاسی خۆیان . گاڵتەجاڕی کمۆنیستی لە کوردستان گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە لە نەبوونی چینی کرێکاری خەمڵیوی ناو جەرگەی سەرمایەداری پیشەسازی و پێشکەوتوو ، شوان و گاوان و ڕەشایی و باقی زەحمەتکێشانی تری کوردستان بوونە ئەو پرۆلیتاریای کە لە کتێبی کمۆنیستی دا ئەیان ناسی . کمۆنیزم لە باشوور و ڕۆژهەڵات ، تەنانەت مافی دیاریکردنی چارەنووسیان بە کورد ڕەوا نەئەبینی . پاش شەڕی دووهەمی جیهانی ئەوە کمۆنیستەکان بوون کە بزاڤی نەتەوەیی کوردیان لە ڕاستە ڕێی خۆی لادا و خواستی ئۆتۆنۆمیان بڕی بە سەر کوردا . کمۆنیستی ناو داگیرکەرانی کوردستان ، عەباسی وەلیشیان لەگەڵ دابێ ، لە سەر ئەو خەونە جووڵانەتەوە و ئەجووڵێنەوە کە کوردستان داگیرکراوی ژێر دەستی بورژوازیەکەیان ، بەشێکی دانەبڕاوی ئەوانە وەک هۆکارێکی بچووکی ناوخۆیی خۆیان ، لێی ئەڕوانن و هەڵس و کەوتی لەگەڵ ئەن . ئەزموونی باکوور بەتایبەت لە سەرهەڵدانی پ ک ک هوە شتێکی جیاوازی هێنایە ئاراوە . کمۆنیزم لەورە و بە ناوی پ ک ک هوە دروشمی کوردستانی گەورە و سەربەخۆیی بەرزکردەوە و وەک ئامرازێک بۆ قوستنەوەی بزاڤی نەتەوەیی کورد بۆ بەرژەوەندی کمۆنیسیتی هاتە بەکار ئانین . دوو لە سێ کەسی سەرەکی دامەزرێنەری پ ک ک ، حەقی قەرار و کەمال پیر و ئوجالان ، کمۆنیستی تورک بوون و ئەم ڕاستیەش ئەوە ئەسەلمێنێ کە دروشمی کوردستانی گەورە و سەربەخۆیی کوردستان لۆ ئەوان کەسان تەنیا پەی مەبەستی سیاسی بووگە و لە درۆیەکی کمۆنیستانەی خاپێنەر بەولاوە شتێکی دیکە نەبووە . کمۆنیزم خۆی لە خۆیدا و بە گوێرەی ناوەرۆکی بیرۆکەکەیان دژی کێشەی نەتەوەیین و کۆسپێکە لە سەر ڕێگای خەونی ساویلکانەی کمۆنیستی لۆ جیهانی یەک دەس و یەک ڕەنگی شارە مێروو ئاسا و کونە مۆریانە ئاسایان بۆ مرۆڤایەتی . جا ئیتر کمۆنیست بێتو بەم بیرۆکەوە و سەر بە نەتەوەی سەردەستی تورک بێت کە نەتەوەی کوردی هەر ژ بنڕا نە ئەناسی ، ئیتر دروشمی کوردستانی گەورە و سەربەخۆیی کوردساتان ئەبێ چ جێگەیەکی لەو جۆرە بیرکردنەوانەدا هەبووبێت .

کاتی خۆشی و پێشتر لە پ ک ک ، مشت ومڕێک لە ناو کمۆنیستەکانی عەجەم دا سەری هەڵدا و باسی ئەوەیان هێنایە گۆڕی کە بزاڤی شەڕی چەکداری چریکە فەدایی یەکان لە کوردستانەوە دەس پی بکەن ئانکو نا . بیژەنی جەزەنی ، یەک لە سەرکردە ناوبەدەرەوە بووکانی فەدایی یەکان لەگەڵ ئەو بۆچوونە نەبوو و ئەوە بوو وازیان لە کوردستان هێنا و لە باکووری ئێران ، سیاهکەل، لە گێلانەوە دەستان پی کرد و سەریش نەکەوتن . بێجگە لە هەلسەنگاندنەکەی جەزەنی ، ئەگەر بهاتبا لە کوردستانەوە دەستیان پێ بکردبا ، دیسان ئەگەری سەرکەوتنیان زۆر نەبوو چوونکە لەو کاتەدا کورد لە باشوور سەری هەڵدابوو و کۆمەڵگای کوردی ڕۆژهەلات هیوایان پێ بەستبوو و لەو دۆخە دا دەرفەت و دەرەتانێک پەی بزاڤی شەڕی چریکی کمۆنیستانەی عاجەمان و قوزتنەوەی بزاڤی نەتەوەیی کورد لۆ ئەو مەبەستە لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتا لە ئارادا نەبوو. پ ک ک ی عەجەم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانا بواری سەرهەڵدان و گەشەکردنی نەبوو لەو کات و سەردەم و دۆخەدا .

هەر لەم پێکیەش کمۆنیستانی عەرەبی عیراقی پاش کوودەتاکەی قاسم و گەڕانەوەی بارزانی و سەرهەڵدانی کورد و شۆڕشی باشوور قەت بواری ئەویان لۆ ڕێ نەکەوت کە لە ئاقاری قوزتنەوەی بزاڤی نەتەوەیی بۆ مەبەستی کمۆنیستی بجووڵێنەوە . بە پێچەوانەوە ، هەر جارەی کە بەغدایان لێ تەنگ و توند ئەبوو، ئەوە ئەوان کمۆنیست ، شیوعی ، بوون کە پەنایان بۆ بزاڤی نەتەوەیی کورد ئەهێنا، سەرەرای بێ ئەمەگی چەند جارەیان لە مەڕ ئەو بزووتنەوەدا . بیرۆکەی کمۆنیستی بەکارهێنانی بزاڤی نەتەوەیی کورد لۆ مەبەستی کمۆنیستانەی سەرتاسەری لە باشوور کە لە ئاڵای شۆڕشەکەی مەلا بەختیار و هەڤاڵانیدا چەکەری کردبوو ، لە ناو جەرگە و گەرمەی شۆڕشی کورد و یەکیەتی نیشتمانیی سەری هەڵدا . گەمەیەکی ساویلکانە و نەزانانە بوو لە دۆخێکدا کە دۆزی نەتەوەیی بزوێنەری بەهێزی جووڵانەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە دژی بەعسی عێراقی بوو و ئەو دەورەی ئەگێڕا و کەسایەتێیکی وەک مام جەلال سەرکردایەتی ئەکرد . بە بوونی جەلال تاڵەبانی و بزاڤی پان و بەرینی کوردێنی لە باشوور ، ئاڵای شۆڕش و هەڵسووراوان و هۆگرانی لەبار بران . لێ کوردەکەو ماچۆ خووی شیری هەتا پیری ، مەلا بەختیار هێشتا وازی لەو بەزمە نەهێناوە و سەیریشە کە لە ناو کاسایەتی کۆنەکانی یەکیەتی نیشتمانیی دا لە هەموویان فرەتر و گەرم و گۆڕتر بۆ پ ک ک ئەخوێنێ ، لە کاتێکدا ئەبوایە ئەو دوا کەسی یەکیەتی بوایەت کە بەو کەف و کوڵ و گەرمیەوە لە سەر ڕێبازە ئاڵای شۆڕش ئاساکەی پ ک ک بپەڤێ . سامی عەبدول ڕەحمان و بەزمی پارتی گەل یش ، گەمەیەکی لە بابەتی ئاڵای شۆڕش بوو بە ڕەنگێکی زۆر کاڵ و کرچتری کمۆنیستی کە ئەویش بواری خەملین و گەشەکردنی لە دۆخی ئەوکاتی کوردستانا نەبوو .

کە سەرەی کمۆنیستی تورک هات لۆ ئەم گەمە کمۆنیستی یە وەگەرد بزاڤی نەتەوەیی کورد ، ئیتر پ ک ک ئەو کۆسپانەی لە مەر کمۆنیستی عەرەب و عەجەمانەوە باسمان کرد واتە شۆڕشی کورد و سەرکردایەتی بەهێز و جێگەی بڕوای گشتی خەڵک ، لە بەر دەمیان دا نەبوون و بە پێچەوانەشەوە ، شکانی شۆڕشی باشوور و ئاکامە نەرێنی و نەباشەکانی لە کۆمەڵگای کوردەواری بە گشتی، ڕێگە خوش کەر بوو پەی سەرهەڵدانی پ ک ک مینا ڕێکخراوێکی کمۆنیستی تورکی و قوزتنەوەی بزاڤی نەتەوەی کورد .

ڕابردووی پ ک ک و تەنانەت گێڕانەوەکەی جەمیل بایکیش ئەوە ئەسەلمێنن کە بیری نەتەوەیی کوردی لە ناو پ ک ک دا چ جێگەیەکی نەبووە و نیە و هەموو بەرپرسانی تری پ ک ک ش پشت ڕاستی ئەکەنەوە . ئەوانەی وەک حیکمەت فدان و نزامەدین تاش و شەمدین ساکیک و محەمەد شنر، کە چ بە ئاشکرا و چ بە نهێنی سووسەی بیری نەتەوەیان لێ کراوە ، بە جۆرێک لە ناو براون و تاوانی سیخوڕی میتی تورکی دراوەتە پاڵیان . سەیرتر لەمەش ئەوەیە کە تەنانەت لە دەرەوەی پ ک ک ش بیری نەتەوەیی هەر تاکە کەس و لایەنێکی سیاسی و ڕێکخراوەیی یش بە هەمان شێوە تاوانبار کراون و وەک جەمیل بایک ئەیگێڕێتەوە لە ناو براون . پ ک ک بۆ خاپاندنی خەڵکی کوردستان چەند هەنگاوێکی گەورەی لە چاو کمۆنیستەکانی دیکە هەڵگرت و دروشمی کوردستانی گەورە و سەربەخۆیی کوردستانی بەرز کردەوە لەکاتێک دا لە هەموویان پتر دژایەتی بیری نەتەوەیی کوردی کردوە و بە کردەوە هەر هەموو دەنگێکی نەتەوەیی خنکاندوە جا ئەوە ڕاستەوخۆ بەدەستی خۆی بووبێت یان دەزگاسئخوڕیەکان بۆیان کردبێ.

بۆ ئەوانەی کە لە نزیکەوە سەکینە جانسزیان ناسیوە ئەزانن کە ئەو خانمە ئازا و شۆڕشگێڕەی کورد لە کۆتایی ژیانی سیاسی خۆی دا بڕوای بەوە هێنابوو کە دۆزی کورد ، دۆزێکی نەتەوەیی . ئەم بۆچوون و ساخ بوونەوەی سەکینە وەک کەسایەتیێکی ئازا و ناوبەدەرەوەبووی پ ک ک بۆ ئەوان بڤە بوو و ئاخرەکەشی سەکینە بەو شێوە دزێو و گوماناویی یە لە پاریس ڕاست لە ناو ماڵی پ ک ک دا تێرور کرا لەگەڵ دوو لە خانمەکانی هاورێی ، لەیلا سۆیلەمەز و فیدان دۆغان . لە ڕاستی دا سەکینە و هەڤاڵانی بوونە قوربانی بیر و هزری نەتەوەیی و ئەم ڕاستیەش لە ناو هەرا و بەزمی سیاسیدا کوێر کرایەوە . ئاشکرایە کە هزری نەتەوەیی کەسایەتییکی وەک سەکینە لە مەڕ دۆزی نەتەوەیی کورد ، وەگەرد گەمەی کانتۆن بازی بەعس و پ ک ک یەک ناگرنەوە و هیچ دووریش نیە کە لایەنێک لەو لایەنانەی کە دژی بەرژەوەندی نەتەوەیی کوردن ، سەکینەیان وەک کۆسپێک لە سەر ڕێگەی خۆیانا بینیبێ و لەوەش ئاگادار بووبێتن کە سەکینە بە ئاکاری نەبەزانە و ئازایانەی ، کەسێک نەبوو پێی بوەستن .

وەک ئەزانرێ ئێستا ئیتر پ ک ک وازی لەو داهۆڵی بیری نەتەوەیی یەی جارانی هێناوە (دەق بە پێچەوانەی عوسمان ئۆجالان و سەکینە جانسز و کۆمەڵەێکی دیکە لە هاوڕێیانی ) و پێی وایە سەردەمی بیری نەتەوەیی و دەوڵەتی نەتەوەیی بە تایبەت بۆ کورد بەسەرچووە . ڕێکار و ڕێگاچارەی سەرخۆیی دیمۆکراتیکی داهێناوە و لە چوارچیوەی کانتۆنەکانی ڕۆژئاوادا دای بەزاندوە . پێشتر باسی ناوەرۆکی مێژوویی و سیاسی و تێئۆریکی ئەم بەزمی کانتۆن بازیەی پ ک ک مان کرد . ئەوەی ئەمێنێتەوە ئاکاری دێمۆکراتیکیانەی ئەو کانتۆنانەی پ ک ک یە . تا چ ڕادەیەک گەوهەری دێمۆکراتیکیانە شیاوی باڵای پ ک ک یە ، پرسیارێکە کە جێگە ڕامانە . ڕێکخراوێکی کمۆنیستی شێوە ستالینیستی و تاکەکەس پەرەستی کمۆنیستانە کە لە ڕووسەوە سەری هەڵدا ، و ناوەندایەتی نادێمۆکاتیک مۆرکی ئاشکرای ئەو بابەتە حزبە کمۆنیستانەیە و ئیتر باسی دێمۆکراسی ناوخۆیی حزبی و لەمەش فرە گرینگتر دێمۆکراسی ناو کەمەڵگا کوردەکەو ماچۆ ئاسمان و ڕێسمانە و کای بەر بایە .

بەراوەردی پ ک ک لە ئاورووپا و لە سووریە مژارێکی باشە لۆ دەرخستنی ناوەرۆکی کار و کردەی پ ک ک . پ ک ک لە ئاورووپای دێمۆکرات و جیهانی بە ناو ئازادا ، بە شێوەیەک هەڵس و کەوتی کرد کە ئاخرەکەی بە تەوقی تێروریزم بە سەریا شکایەوە . ئاستی دۆزی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژئاوا بە گشتی ولە ئاورووپا بە تایبەتی ، دابەزی و کۆسپێکی هەرە گەورەی کەوتە سەر ڕێگا . ئاستەنگی هەرە مەزن کەتیە سەر کار و باری پ ک ک کە نە بە تەنێ ئیرۆ لەبەلێ پاشەرۆژیشی لێ سەخڵەت کردووە. ئەمەش لە کاتێکدایە کە ڕێکاری دێمۆکڕاتیکیانە لە ئاورووپا قەت وەگەرد سووریە نایێتە بەراوەرد کرن . لێ پ ک ک خۆی لە ئاورووپای ئازاد و دێمۆکرات تووشی ئەو بەزمە کرد . ئەبێ دۆخی دژە دێمۆکڕاتیکی سووریە و دەسەلاتی ڕەشی بەعسی لە چاو ئاورووپا ، چ هۆکارێک بووبێتن کە پ ک ک تێیدا هەڵی دابێ . ئەگەر وای دانێن کە گیانی دێمۆکرات و دێمۆکڕات بوون لە پ ک ک دا هەبووە و هەیە ، ئیتر ئەوە پرسیارێکی سوورە کە چۆنە ئەو گیانە لە ئاروپادا سەرکوت کراوەتەوە هەتا ئاستی ناونیتکەی ڕەشی تێروریست ، بەڵام لە سووریەی بەعسی بەو ئاکارە دژەمرۆیی و بەتایبەت تریش دژە کوردیە ، هەڵی دا . گرێ کوێرەی یەک پ ک ک لە دوو ژینگەی دیمۆکڕاتیکانە و دژە دێمۆکڕاتیکیانە ( ئاورووپا و سووریە ) واتە دوو پ ک ک ڕاست وەک ئەم دۆخەی ئێستایانە کە کورد ڕووبەڕووی دوو پ ک ک بووەتەوە ، یەک لە تورکیە و ئەوەی تریشیان لە کوردستان . ئەمەش تایبەتمەندی ڕێکخراوەیی پ ک ک یە کە هاوکات لە چەند ژینگەی جیاوازا بە چەند شێوە و ڕێکاری جیاواز و تەنانەت دژ بەیەک ئەجووڵێتەوە.

کار و کردەوەی پ ک ک لەو کانتۆنانی ڕۆژئاوا نەک هەر وەگەرد دێمۆکڕاسی و دێمۆکڕاتیک بوونەوە ، ئاسمان و ڕێسمانە بەڵکو دەس تێکەڵی پ ک ک لەگەڵ بەعسی سووری لە بەڕێوەبردنی ئەو کانتۆنانە و لەمەش هەر زۆر سەیر و سەمەرەتر هاوکاری و هاوپەیمانیان وەگەرد ئیسلامیەکان و ڕێککەوتن لە سەر بەڕێوەبردنی یاسای ئیسلامی ( شەرعی ) لەبۆ کاروباری دادوەری کۆمەڵایەتی و باسی خراپەکاران ( مۆفسەدین ) لە ڕوانگەی ئیسلامیەوە کردن ، هەموو هات و هاواری کمۆنیستانەیان لە مەڕ ناوەرۆکی دێمۆکڕاتیکانەی کانتۆنەکانیان پووچەڵ ئەکاتەوە . هەرای دێمۆکراتی بوونی پ ک ک بە تایبەت لە بەڕێوەبردنی فرمانی کۆمەڵایەتی وەک ئەوەی لە کانتۆنەکانیان خەریکن ، وەک هەرای دێمۆکراتی پرولیتاریای کمۆنیست و ستالینیستی یە کە کوردەکەو ماچۆ ئەوەی مۆرک و هێمای دێمۆکراتی خوا دایناوە ، پێوەی نەبوو و پیسترین هەڵس و کەوت وەگەرد پرولیتاریای داماودا ئەکرا. کام تاک و هێزی تۆزکاڵیک بەدەربەس ئەتوانێ بیر لەوە بکاتەوە کە پ ک ک وەک هێزێکی کمۆنیستی دەس لەگەڵ ئیسلامیەکان تێکەڵ بکات و خوازیاری " شەریعەتی ئیسلامی " بێت لە دژی " مۆفسەدین " . لەمەش زۆر گرینگتر ئەوەیە کە پ ک ک ڕەوتی ئاشتی لەگەڵ دەسەڵاتی ئیسلامی تورکیەدا دەس پێکردوە و بە تەمایە کە دێمۆکراسی بۆ خۆیان و خەڵکی تورکیە بە ئایدێۆلۆژی ئیسلامی ئاردۆغانەوە دەستەبەر بکەن . گەمەی سیاسی وەگەرد هەر بابەتە هێزێکی سیاسی شتێکی نائاسایی نیە لە جیهانی سیاسیدا بەڵام پاکانەی ئایدێۆلۆژی یان پشتگیری ئادێۆلۆژیکانە لە سیاسەتێک کە لە سەر بنەمای ئادێۆلۆژی ئیسلامی هەڵ چنرابێ ، تاوان و

هەڵەیەکی مێژوویی یە و جێگەی گومانە . کۆنە کمۆنیستەکانی باشوور وەک ڕێکخراوی گۆران ماوەیەک بەم گەمەیەوە خەریک بوون و کردیانە پردەبازێک لۆ نزیک بوونەوە لە دەسەڵات . لێ بە باجێکی گەورەی مێژوویی یەوە بۆ ئیسلامیەکان و لە دژی بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی کورد و بۆ مەبەستی سیاسی و بەرژەوەندی تایبەتی ڕێکخراوەیی خۆیان کە بێگومان بە خەسار بۆیان ئەشکێتەوە .

**ئەمەش دەقی ڕێککەوتنی پ ک ک لەگەڵ ئیسلامیەکانی جەبهەتول شا میە :**



بسم الله الرحمن الرحيم

تم الاتفاق بين الجبهة الشامية ووحدات حماية الشعب YPG على الآتي:

أولاً : توحيد النظام القضائي لدى الطرفين ليشمل جميع المحاكم . و الحكم بشرع الله .

ثانياً : فتح مكاتب شرعية ودعوية لدى الطرفين ومتابعة شؤون المساجد بما فيها إقامة صلوات الجمعة و خطبها في حلب ومنطقة عفرين وقراها .

ثالثاً : ملاحقة المفسدين والمسيئين أينما كانوا لمحاسبتهم وإعادة الحقوق لأهلها وتأمين الأمن والأمان في المناطق المحررة من قبل الموقعين على هذا الاتفاق .

.. والله ولي التوفيق ..

الجبهة الشامية

وحدات حماية الشعب YPG

## گرێ سپی و کارەساتی کوردان و پ ک ک

چاوخشاندنێکی دیکە بەو نەخشەی کانتۆنەکانی پ ک ک لە رۆژئاوا ، بەئاشکراو ئەوە دەرئاخات کە دەڤەری نێوان جەزیرە و کۆبانی و هەر وەتریش نێوان کۆبانێ و عەفرین ، بەشێک نین لەو کانتۆنانە و پ ک ک وازیای لێ هێناون و دانراوە بۆ گەورە بەشانەی عارەب و بەعسی کە ئێشتا کەوتوونەتە بەر بەزەیی هۆڤانەکانی داعش . گرێ سپی یەکێک لەو شارە گرینگانەی کوردستانە کە بە چڕی کەوتە بەر سیاسەتی ڕەگەزپەرەستانەی عارەباندنی بەعسی . وەک لە گەڵاڵە ١٢ خاڵیەکەی هەلال دا هاتوە ، عارەبی پێڕەوی عرووبە ، یەکەم پەلاماری عارەباندنیان لەو خاڵ و شوێنانەوە دەس پێکرد کە ناودارانی کوردی لێ بوون و ئەوان عارەبان ئەو خەڵکە ناودارانەی کوردیان بە یەکەم دوژمی خۆیان و بە ناو نیشتمانە عەرەبیەکەیان ئەزانی . گرێ سپی جێ وارێت ماڵە حاجۆ ێن ناودارێت کوردان ، بوویە ئارامانجا ڤان ڕەگەزپەرەستان و ژ کوردان ڕا هاتیە واڵا کرن . پ ک ک ژی مینا میراتگرێ ێن بەعسی ، گرێ سپی مینا پارێک ژ کوردستان نابێیێ و وازی لێ هێناوە .

ئەمەش لەکاتێکدایە کە پ ک ک سەدان دۆنم خاکی کوردستانی لە ٢٥ کیلۆمیتری ڕۆژئاوای کۆبانێ بۆ ئێسک و پرووسکی سلێمان پاشای باپیرە گەورەی تورکان لە ئاشمێ تەرخان کرد و هێزەچەکدارەکانیشی ئاسانکاریان بۆ گواستنەوەی سلێمان پاشای تورکان کرد. سەیریش لەوەدایە کە ئوجالان لە پەیامەکەی داوای لە پ ک ک کرد کە بە گیانی ئاشمێ وە هەڵس و کەوت بکەن و ئەو گیانە بکەنە نموونە لۆ کاروباری سیاسیان دا . ئیتر ئەوە لۆ پ ک ک گرینگ نەبوو کە ئەگەر تورک زۆر دەربەسی ئێسک و پروسکی باپیرە گەوریانن ، ئەدی بۆچی نایبەنەوە کن خۆیان و ئەشی هەر لە سەر خاکی کوردستانا بیهێڵنەوە و ئاڵای تورکان و سەرباز و سپای

تورکی بە ئالیکاری پ ک ک و بە گیانی ئاشمە وە پارێزگاری لێ بکەن ئەویش لە دەڤەری کۆبانێ . کۆبانێ و ئازایەتی و خۆڕاگری ژن و پیاوی پێشمەرگەی ئەو ناوە دەنگدانەوە وئافەرینی جیهانیی گشت مرۆڤایەتی ئافراند و بوو بە هێمای گەورەی ئەم سەدەمەی دۆزی نەتەوەیی کورد . شوێن نەما لە کوردستان کە بەدەنگ و یارمەتی کۆبانێ هو نەچن . کۆبانێ ئاکاری نەتەوەیی کوردی گەیاندە بەرزترین ئاست و هەڵەبجە ئاسا تێکڕایی کوردی لە دەور خۆی کۆ کردەوە . گیان گیانی کۆبانێ بوو و هەمووان بەتەمای ئەوەبوون کە کورد لەمڕۆ بە داواوە بە گیانی کۆبانێ هو بژین . لێ لۆ پ ک ک ئەوە گرینگ نەبوو و نیە و خوازیاری گیانی ئاشمێن و گیانی کۆبانێ یان مراند .

ژ کارەساتێن ێن کۆبانێ ، مە دیت کو ئالیکاریا باشوور و نەخاسما شاندنا پێشمەرگەهێن کوردستان لە بۆ ئەو شارە ، بوویە هۆکارێک ئا یەکەمین کۆ باژێر نەکەڤێت دەستێن چەپەلەێن داعش . باژێر هاتە ڕزگارکرن و شەڕ ژی بەردوام کر هەتا دەردۆرا باژێر ژی ژ داعش ڕا هەتە پاکژ کرن . لێ پاشدا ، پ ک ک پێشمەرگە ژ باژێرێ کۆبانێ دەرخست و نە دخواستن کو ئاڵا کوردان و پێشمەرگەهێن کوردستان مینا هێمائێک ئا نەتەوەیی ێن کوردان هوندرێ ڤێ باژێرێ بمینێ . پشتی ڤێ چەندێ ژی پێشمەرگە ژ کۆبانێ ڤەکشیان و ئەڤ هۆکارێت نەتەوەیی ئا پڕ گرینگ ژ کوردان ڕا ، وندا بووی . ئەڤ ژی نیشانە ئەمەگ و ئو پێزانینا پ ک ک یە ژ هەمبەر ئالیکاریا سیاسی و سەربازی و نەخاسما پێشمەرگەهێن کوردستان .

کارەساتی کۆبانێ ، سەرەتا یەکیەتی کوردی پێک هێنا و تێکڕای نەتەوەی کورد هیوایێکی گەورەی پێ بوو کە هەنگاوی یەکەمی یەکانگیری نەتەوەیی کورد بێت بەکردەوە . جڤینا دهۆک و ڕێککەفتنا سیاسی ئا پارتیێن ڕۆژئاڤا ژی ئەڤ هیڤی بێهتەرتەربە هێز کرد. لێ بیرۆکەی دژە نەتەویی پ ک ک ئەو هیوایەی کوردانی مراند و ئاخرەکەشی بەوە بە سەرماندا شکایەوە کە ڕژیمی خوێنڕێژی بەعسی و عەجەمان بەری ئازار و ئازایەتی کوردیان لە کۆبانێ چنیەوە و شارێکی وێران و خەڵکێکی ئاوارە و ماڵ و حاڵ بە کۆڵ و پەڕیوەی هەندەران ، بوو بە بەشی کورد لەو کارەساتە . ڕێککەوتنی دهۆک ژی بەتاڵ بووەوە و چ ئاسەوارێکی لێ نەماوە . جەفەنگ و سەیر و سەمەرەی پ ک ک لە ڕۆژئاڤا و بە تایبەت کۆبانێ بە مەشەوە نەوەستا و ئێستا بە تەمان کە ٣٠ لە سەدای ئەو شارە وێرانە بکەنە مووزەخانە پەی بانگەشەی سیاسی خۆیان و بازرگانی بە چارەنووسی لێقەوماوانی ئەو کارەساتەی بە سەر ئەو شارەی کوردستانیان هێنا ، بکەن .

بوونی هێزی پێشمەرگە لە کۆبانێ ، ئالیکاری باشی هێزە نێونەتەویی یەکانی مسۆگەر ئەکرد لە ئاستێکی زۆر بەز و کاریگەردا . بە بوونی پێشمەرگە لە ڕۆژئاڤا هەمووان ، بە دۆست و دوژمنەوە لەوە ئاگادار بوون و سوور ئەیان زانی کە ئاکامی ئەو ئالیکاریەی ئامریکا و وڵاتانی دیکە لە بەرژەوەندی دۆزی کوردایە و دۆزی نەتەوەیی کوردی پێ بەهێزتر ئەبێت . بە بوونی پێشمەرگە شەڕەکە بە قازانجی کورد شکایەوە و ڕەوتی مەیدانیی شەڕەکەش بەرەو ئەوە ئەچو کە کورد داعش تێک بشکێنی و لە سەر ناوی خۆی تۆماری بکات و بۆ بەرژەوەندی دواڕۆژ و سترتیژی سیاسی دواڕۆژ بەکاری بهێنێ . داعش لە شکان و پاشەکشێ دا بوو و هێزی شەڕکەری کورد کەوتبوونە دۆخ و هەل و مەرجێکی وەهاوە کو ئەیانتوانی پشت بە هێزی نەتەوەیی و نیشتمانی خۆیان و ئالیکاری دەستەبەرکراوی هێزی ئاسمانی هاوپەیمانان ، لە کۆبانێوەبەرەو گرێ سپێ پێشڕەوی بکەن . بەمەش ئەو ستراتیژی یە سەربازی جێ بە جێ بکەن کە کۆبانی بە جەزیرەوە ببەستێتەوە و لە پلە و قوناخی یەکەما کۆبانێ و جەزیرە پێکەوە گرێ بداتەوە لە ئاقاری یەک خستنەوەی یەکیەتیی و یەکانگیری خاک و خەڵکی کورد جە ڕۆژئاوا . پاشان ئانکو هاوکات ژی بەرەو عەفرین ژ بۆ هەمان مەبەست بمەشن . بیرۆکەی دژە نەتەوەیی پ ک ک و گەمەی سیاسی وەگەرد بەعس و تورک وعەجەمان ئەم دەرفەتە زێڕینەی کوردی بە خەسار برد . پێشمەرگە جێگەی خۆی گرتبوو لە ڕۆژئاڤا و دیپلۆماسی باشوور ئەو بوارە سیاسیەی لۆ خۆش کردبوو کە لە ئاستی جیهانی و نێونەتەوەیی دا بە تەواوەتی ئەرێ کرابوو . بەرژەوەندی بەرتەسک و گوماناوی پ ک ک و بیرۆکەی دژە نەتەوەیی ڕیبازەکەیان و دەس تێکەڵاویان وەگەرد داگیرکەران بەو شێوە و شێوازەی باسی لێوە کرا ، تێکڕای هەوڵ و هیوای کوردی بەئاوا دا کە تەنیا لە بەرژەوەندی داگیرکەران و نەیارانی دیار و نادیاری کوردایە و بەس . ئالیکاری هێزی ئاسمانی هاوپەیمانانی دژە داعش ئێستا ئیتر لە ئاقاری بەرژەوەندی کوردا نیە بەڵکو تەنیا وەک هۆکارێکی کاتیە کە لە شەری دژی داعشا دە فریای چەکدارانی نەیاری ڕژیمەکەی بەشارەوە ئەچن کە پ ک ک ش تێکەڵیان بووە . بەمەش پ ک ک بەمەبەست و گۆڕ سیاسەتا شاش و چەوتی دژە نەتەوەیی یان ، خۆیان لە ڕیزی هێزە نەتەوەیی یەکەی کورد دزیەوە و بەرەی جێگەی هیوای هێزی چەکداری کوردیان تێکدا .

پاش ئەو کارەساتە نەتەوەیی یەی پ ک ک بە سەر کورد بەگشتی و بە سەر ڕۆژئاوا بەتایبەتی هێنا ، با بزانین ئێستا خەریکی چین و چ تەونێکیان لۆ گرێ سپێ تەنیوەتەوە . هەمووان لەوە ئاگادارن کە بیرتەسکی پارتایەتی و پاوانخازی کمۆنیستی – بەعسیانەی پ ک ک و دەس تێکەڵیان وەگرد داگیرکەران بووە بەربەستێکی سوور بۆ ئەوەی کە تەنانەت لە ڕۆژانی ڕەش و هەرە تاریکی شەڕی کۆبانێ ، بواری ئەوەیان بە هێزی پێشمەرگەی ڕۆژئاوا نەدا کە دەفریای کۆبانێ وە بچن . لێ پاش دەرکردنی پێشمەرگەی باشوور لە کۆبانێ ، ئەوەتا ئێستا پ ک ک وەگەرد فرەیەک لە هێزە ئیسلامی و نا ئیسلامیەکانی عەرەبی سووریە دەستی تێکەڵ کردوە و شان بە شانی ئەوان کەوتوەتە شەڕی داعش . بەرەیەکی نوێی شەڕ لە ڕۆژهەڵاتی کۆبانێ ڕووەو گرێ سپی دەستی پێکردوە . وەک ئەبینرێ پ ک ک هیچ گرفتێکی لە مەڕ ئەم ستراتیژی یە نیە و شانی خۆشیان داوەتە بەر ئەو ستراتیژی یە سەربازی و سیاسی یە و خۆیان هاوپەیمانە عەرەبەکانیان وایان داناوە کە ئەو دەڤەر هەتا ئەگاتە سەرێ کانی ڕزگار بکەن و وەک خۆیان ئێژن بەڕێوەبەرێیکی خۆسەری دێمۆکراتی تێدا دابمەزرێنن . بالکێش ئەوە کو پ ک ک و هاوپەیمان ئیسلامی و نا ئیسلامیەکانیان لەم ستراتیژیە نوێیەدا هاوهاون و چونە یەک بیر ئەکەنەوە و ئەجووڵینەوە . ئیتر باسی کانتۆنێ گرێ سپی یش لەئارادا نیە و پ ک ک خۆی بە خاوەنی ئەو دەڤەرە نازانی و وەک بەشێکی ولاتی عەرەبی سووریە تواشای ئەکاتن .

ئەوەی کو خۆیایە ئەوەسە کە گرێ سپی و بەشداری پ ک ک لە شەڕی نەیارانی سیاسی بەشار لە دژی داعش هیچ فرێیکی بە سەر کێشە و دۆزی نەتەوەیی کوردەوە نیە . پ ک ک لەم شەڕەدا هیزە چەکدارەکەی و ڕۆلەی کورد بەکار ئەهێنی بۆ بەرژەوەندی نەیارانی کورد و هیچ گومانیشی تێدا نیە کە شەهیدەکانی ئەکات بە ماڵ بە سەر کوردەوە .

لە کن شارەزایان و چاوەدێرانی سیاسی دۆزی سووریە بە هی کوردیشەوە ئاشکرایە و هاتیە زانین کو ڕژیمی تورکیە هەر لە سەرەتای گەرم داهاتن و قوول بوونەوەی قەیرانی سووری و بەرزبوونەوەی ژمارەی قوربانیان و ئاوارەکانی ، ئەوەی بۆ خۆی وەک کاردانەوەی سیاسی لە هەمبەر ئەو قەیرانەدا دانابوو کە هەر لە ناو خاکی سووری دا هێندێک ناوچە و دەڤەری سەر سنوور کە کوردستان ئەگرێتەوە ، وەک ناوچەی ئارام پێک بهێنێ و بیان پارێزێ بۆ مەبەستی دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ لە قەیرانی سووری بەکاری بهێنێ . کانتۆنەکانی پ ک ک کاردانەوە و دژکردەوەی بەعسی لە هەمبەر ئەم سیاسەتەی تورکی بوو و بەو کانتۆنانەی پ ک ک ئەو دەرفەتەی لە تورکیە بڕی کە بە تیرێک دوو نیشان بپێکێ . یەکەم ناوچەی ئارام لەو دەڤەرانەی کوردیان تێدایە ساز بکات و دووهەمیش لە باربردنی دۆزی کوردی کە ئەیانزانی کە لە ژێر ڕکیفی پ ک ک ی نەیاریان دایە . لەو گەڕەی مل ملانێی تورک و عەرەب ، تورک دۆڕاندی و پ ک ک ش و کانتۆنەکانی هۆکاری ئەو دۆڕاندنەیان بوو . لە گەڕی ئێستای ئەو ململانێی دا تورک لەگەڵ ئامریکا و ئاروپا ، خەریکی ژیانەوەی ئەو ستراتیژیەن و بە ڕواڵەت لە سەریشی ڕێککەوتوون . گۆڕ ئەو سیاسەتەی تورک و ئامریکا ، ئیستا ئەبینین کە هێزی چەکداری نەیارانی ڕژیمەکەی بەشار لە تورکیە ڕائەهێنرێن لۆ ئەو مەبەستە . نەیارانی بەشار کە لە ژێر چاوەدێری ڕاستەوخۆی تورکیەدا ڕێک ئەخرێن و بەکار ئەهێنرێن و هێزێکی هاوبەشیان بە ناوی گرکانی فوراتەوە پێکەوە ناوە و پ ک ک ش تەڤ وان بووگە . ئەگەر تورک و ئامریکا لەم ستراتیژیەیان سەرکەون و دەڤەری گرێ سپی لە داعش پاک بکرێتەوە ، ئەوە ئیتر ئەو ناوە ئەبێتە ناوچەی ئارام و بە هێزی ناونەتەوەیی لە زەمین و ئاسمانەوە ئەپارێزرێ و بەڕێوەبەری ساختە و دەسنیای تورک و عەرەبی لێ دائەمەزرێ . لە ئەگەری سەرکەوتنی ئاوەها ستراتیژیکی دژی کوردی لە لایەن تورک و نەیارانی بەشار و ئامریکا و ئاروپا و بەشداری ڕاستەوخۆی پ ک ک ، دواڕۆژی دەڤەری گرێ سپێ ئەوەندی دیکە لێڵ و تاری ئەبێت و بە خەسار و لە دەسدانێکی گاورە بۆ کورد و دۆزر نەتەوەیی یەکەی ئەشکێتەوە . ئەمەش لە کاتێک دایە کە کورد ئەو دەرەتانەی زۆر بە باشی بۆ هاتە پێشەوە کە پشت بە هێزی پێشمەرگە و دیپلۆماسی رند و کارای سەرکردایەتی کورد لە باشووری نیشتمانەکەمان بەو ئەرکە نەتەوەیی یە ڕابگات کە وەک باسکرا پ ک ک بە فێڕۆی دا .

کاردۆخ

کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان

٢٠١٥/٠٦/٠٣